دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٤٢، یەکشەممە ٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٧ی هەتاوی، ٢٠ی ژانویەی ٢٠١٩

www.kurdistanmedia.com

## لەپێشوازیی ٢ی ڕێبەنداندا

بە بۆنەی هاتنی ٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان لە مەهابادا، ئەندامانو لایەنگرانی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە چالاکی بەربڵاوی تەبلیغاتی لە هەموو شارو گوندەکان، وێڕای پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ئامانجە بەرزەکانی کۆماری کوردستان، کەشوهەوایەکی شۆڕشگێڕانەیان بەم جەژنە نەتەوەییە بەخشیوە کە بە پێی هەواڵەکان چالاکییەکانیان لە ڕۆژانی داهاتووشدا درێژەی دەبێ.





کۆمار وەک ئەزموونێک

٤



سەربەخۆیی دوایین شکۆی سیاسیی نەتەوەکانە

٥



ئێستا ئێمەی کورد لە باشترین کاتی مێژوو ڕاوەستاوین

٩



وتووێژی کوردستان

١٠

# تەنگەتاویی و مایەپووچ بوونی کۆماری ئیسلامی



ڕێکەوتی ٢٩ی بەفرانبار سەرۆکی شۆرای ستراتێژی پێوەندییە دەرەکییەکانی ڕێژیم لە چاوپێکەوتن لەگەڵ هەیئەتی IAI ڕەخنەی لە شێوازی هەڵسوکەوتی ئورووپاییەکان بەتایبەت لەپێوەندی لەگەڵ کاروباری ماڵی تایبەت بە بازرگانیی لەگەڵ ئێران ناسراو بە SPV گرتووە و وتوویەتی: دەوڵەتە ئورووپاییەکان توانای پشتیوانی و ڕێنوێنی کۆمپانیاکانیان بۆ هاوکاری کردنی ئێران نییە کە ئەم مەسەلە بۆ ئێمە جێگەی قبووڵ کردن و لێخۆشبوون نییە.

کەماڵ خەڕازی لەم دانیشتنەدا وێڕای ڕەخنەگرتن لە لایەنی ئورووپایی وەک باقی لێپرسراوانی ڕێژیم لەهەمبەر داهاتووی نادیاری بەرجام هەڕەشەی لە لایەنی ئورووپایی کردووە و ڕایگەیاندووە کە شکستی بەرجام، یەکسانە لەگەڵ تێکچونی ئەمنیەت و ئاسایشی ئورووپا! وتوویشیەتی: ئامریکا بەتەواوی مانا ئورووپای بە بارمتە گرتوو و ئورووپاییەکان دەبێ وانەی ڕووبەڕووبوونەوە و خۆڕاگری بەرانبەر بە ئامریکا لە ئێمە و چین و ڕووسیەوە فێر بن.

ئەم لێدوانانەی خەڕازی دوای ئەوە هاتنە ئاراوە کە لە ١٨ی بەفرانباردا هەیئەتێکی ئورووپایی پێکهاتوو لە دیپلۆماتەکانی وڵاتانی فەڕانسە، بریتانیا، ئاڵمان، دانمارک، هۆلەند و بێلژیک لە بینای وەزارەتی دەرەوەی ڕێژیم کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ لایەنی ئێرانی هەبوو و تێیدا بەجیددی هۆشدارییان دا بە لایەنی ئێرانی کە واز لە بەرنامە مووشەکییەکانی و کردەوە تێرۆریستییەکانی لە خاکی ئورووپا بهێنێت و ڕایانگەیاندووە: ئورووپا چیدیکە ناتوانێ چاوپۆشی لەم کردارانەی تاران بکات؛ بەپێی دوایین هەواڵەکان لە نیوەی ئەم دانیشتنەدا لێپرسراوانی ئێرانی بەپێچەوانەی ڕێوشوێنە دیپلۆماتیکەکان شوێنی کۆبوونەوەکەیان بەجێهێشت و بە جنێودان و بێڕێزی کردنەوە سالۆنی کۆبوونەوەکەیان چۆڵ کرد کە ئەم مەسەلە لە ڕاگەیەنە جیهانییەکاندا دەنگدانەوەی زۆری هەبوو.

هەواڵدەریی ڕۆیتێرز لەمبارەوە لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند هەڵوێستی جیددیتری ئورووپاییەکان بەرامبەر بە ئێران هێمایەکە بۆ نیزیکبوونەوەی زیاتری ئورووپا لە ئامریکا، چوونکە ئەوەیکە لایەنی ئورووپایی لەم دانیشتنەدا ئاراستەی لایەنی ئێرانی کردووە هەر ئەو بۆچوونانەیە کە لە بانەمەڕی ئەمساڵدا سەرۆک ترامپ هێنایە گۆڕێ و بەهۆیەوە تاکلایەنە لە بەرجام کشایەوە؛ هەروەها چەسپاندنی نوێترین خولی تەحریمەکانی ئورووپا (لە پاش ڕێککەوتنی ناوکی لە ساڵی ١٣٩٤ەوە) بۆسەر تاران لەدوای ئەم ڕووداوە دەتوانێ نیشانەیەکی دیکە بێت لەم نیزیکبوونەوەیە.

ئەم تەریککەوتوویە تەنیا لایەنی ئورووپایی ناگرێتەوە بەڵکوو هاوپەیمان و دۆستە نیزیکەکانی ڕێژیمیش بەرەبەرە خۆیان لە بەرەی دژ بە تاران نیزیک دەکەنەوە؛ مەجید کیانپوور ئەندامی کۆمیسیۆنی ئاوەدانی مەجلیسی ڕێژیم لە لێدوانێکدا بۆ ئیسنا وتوویەتی: زیاتر لە نیوەی ناوگانی هەوایی ئێران پەرتووکاون و پێویستییان بە نۆژەنکردنەوەی بەپەلە هەیە بەڵام بەهۆی تەحریمەکانی ئامریکاوە هیچ کۆمپانیا و وڵاتێکی خاوەن سەنعەتی فڕۆکە ئامادە نییە هاوکاریمان بکەن لە نۆژەنکردنەوەی فڕۆکەکانمان، تەنانەت ڕووسیەش؛ ناوبراو وتوویەتی: ئەوەیکە لایەنی ڕووس لە دانیشتنەکاندا بە ئێمەی دەڵێن لەگەل ئەوەیکە لە کرداردا دەیبینین جیاوازییان زۆرە.

لە ئاستی نێوخۆییشدا ڕێژیم کەوتووەتە حاڵەتێکی نالەبار؛ ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی مەجلیسی ڕێژیم، لە نوێترین ڕاپۆرتیدا سەبارەت بە گەڵاڵەی بوودجە بۆ ساڵی داهاتوو ڕایگەیاندووە: کۆمپانیای نەوتی ئێران، لە ساڵی ڕابردوودا ٤٨ میلیارد و ٦٦٠ میلیۆن تمەن قەرزدار بووە، کە بە هۆی نەبوونی بوودجەی پێویست دەبێ ١٥ میلیارد و ٧٠٠ میلیۆن دۆلاری لە ساڵی ١٣٩٨دا بداتەوە.

هاوکات محەممەدباقر نەوبەخت، بەرپرسی ڕێکخراوی بەرنامە و بوودجەی ڕێژیم، لە لێدوانێکدا ڕایگەیاندووە: "لە هەناردەکردنی نەوتدا بە جیددی تووشی کێشە بووینە و وڵات لەگەڵ گەمارۆ سەختەکان ڕووبەڕوویە".

ناوبراو وتوویەتی: "ئێمە لە ٢ میلیۆن و ٤١٠ هەزار بەرمیل نەوت و ٤٧ میلیارد دۆلار داهاتی نەوت، کە لە بوودجەی ساڵی ڕابردوودا پێشبینی بۆ کرابوو دوور کەوتووینەتەوە"؛ نەوبەخت بە ڕاشکاوی باسی لەوە کردووە، کە نەتەنیا کێشەی کەم فرۆشتنی نەوتیان هەیە، بەڵکوو لە گواستنەوەی ئەرز بۆ نێو وڵاتیش تووشی کێشە بوونە و بە هاوردەکردنی نەوتیش پێویستیان بە کەشتی هەیە، لە حاڵێکدا کە کەرتی کەشتیرانیش گەمارۆی لەسەرە.

قسەکانی نەوبەخت لە حاڵێکدایە، کە حەتووی ڕابردوو، حەسەن ڕۆحانی لە کۆبوونەوەی هەیئەتی دەوڵەتدا ڕایگەیاندبوو: "فرۆشی نەوت هەر بەو شێوە کە چاوەڕوان دەکرا درێژەی هەیە و ئامریکا بەو ئامانجەی خۆی کە بەرگری لە هەناردەکردنی نەوتە ناگات!".

ڕۆژنامەی فایننشاڵ تایمز لەمبارەوە نووسیویەتی: "ئامارەکان نیشان دەدەن کە گەمارۆکانی ئامریکا، زەربەی جیددییان لە کەرتی هەناردەکردنی نەوتی ئێران داوە، هەناردەکردنی نەوتی ئەم وڵاتە بە بەراورد لەگەڵ ڕادەی هەناردەکردن لە وەرزی بەهاردا، ٦٠ لەسەد کەم بووەتەوە"..

کۆی ئەم باسانە هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی ئاستی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان لە ئێران دوورەدیمەنی ئێرانمان پیشان دەدات بەچەشنێک کە ڕێژیم لە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکانیشیدا دۆشداماوە؛ بەرپرسی دەزگای بەناو پۆلیسی تاران، حوسەین ئەشتەری ڕایگەیاندووە کە ئاگاداریی ئەوەیان هەیە کە دوژمنانی ڕێژیمی تاران دەیانهەوێ لە ڕێوڕەسمی ٢٢ی ڕێبەنداندا خۆپیشاندان دژی ڕێژیم بەڕێوە ببەن و لە بەڕێوەبردنی نیگەرانن!

بە پێی قسەکانی بەرپرسی بەناو پۆلیسی تاران هاوکات لەگەڵ ئەوەی دەیانەوێ ئەمساڵیش نمایشی ڕێپێوان بەڕێوە ببەن، بەڵام ترسیان لەوە هەیە کە ئەو کۆبوونەوەی خەڵک بە دژی خۆیان هەڵ بگەڕێتەوە و ڕێپێوانە حکوومەتییەکە ببێ بە خۆپیشاندانی خەڵک بە دژی حکوومەت و هەر لە ئێستەوە هەڕشە دەکەن وهەوڵی چاوترسێنکردنی خەڵک دەدەن.

کۆی ئەم ڕووداو و قسە و لێدوانانە و ناڕەزایەتی دەربڕینی سێنفە جۆراوجۆرەکان (هەر جارەو لە شوێنێکی ئێران) ئەوەمان پێدەڵێن کە وەک بەشێک لە مۆرەکانی خودی ڕێژیم دانیان پێدانابوو، کۆماری ئیسلامی لە نێوەڕۆکی خۆیدا مایەپووچ بووە و سەرقاڵی تێپەڕاندنی دەورانی بەتاڵبوونەوەی خۆیەتی.

پەیڤ

## شکۆی لەشکاننەهاتوو

کەریم پەرویزی

لە مێژووی نەتەوە بندەست و ستەملێکراوەکاندا و بەگشتی ئەو نەتەوانەی کە دوژمنانی زۆر دڵڕەق و توندوتیژیان هەیە، هەندێک بڕگەی تایبەت پەیدا دەبن کە دوژمنانی نەتەوەکە هەوڵی ئێجگار توند و چڕوپڕ دەدەن کە ئەو بڕگە تایبەتە سووک بکەن.

بۆ وێنە کاتێک کە سپی‌پێستەکان لە ئورووپاوە دەچنە ئامریکا و دەیانەوێ خاکی سوورپێستەکان داگیر بکەن، هەرجۆرە بەرەنگاربوونەوە و خۆڕاگرییەکی سوورپێستەکان بە ناوی دڕندەیی و دواکەوتوویی و وەحشیگەریی سوورپێستەکان لە ناو دەبەن و پاساوێک بۆ کردارەکانی خۆیان دادەتاشن.

یان لە ئێرانی سەردەمی ئیدئۆلۆژیی پاڵەوی-خومەینیدا خۆڕاگری و خۆبەدەستەوەنەدانی نەتەوەکانی تورک و کورد و عەرەب و بەلووچ و تورکەمەن بە دژایەتی لەگەڵ شارستانیەت و لەگەڵ خودا و خەیانەت بە «مام میهن» ناودێر دەکەن و بڕگە هەستیارەکانی مێژووی ئەم گەلانە بە دەسکردی بێگانە و سووک نیشان دەدەن.

لە وێنەی تایبەتیی کورددا، کاتێک کە لە لووتکەی فاشیزم و دواکەوتوویی و سەرەڕۆیی لە ناوچەدا، کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤دا دەسەڵاتی کۆماری، بە شێوازێکی دێموکراتیک ڕادەگەیەنێ، ئەوە نوختە وەرچەرخانێکی زۆر گرنگ لە ئێران و تەنانەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشە.

کاتێک کە ڕەزای میرپەنج دەسەڵاتی بەناو مۆدێرنەکەی دادەمەزرێنێ، مۆدێرن بوون لە ڕووتبوونەوەی ژناندا دەبینێ و ژن و کچەکانی سەرپۆش لادەبەن و دەبنە نموونەی مۆد و جلوبەرگ بەڵام کە دەسەڵاتی کۆماری کوردستان بە دەستی پێشەوای نەمر و بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات دادەمەزرێ، پێشەوای گەل، ڕێکخراوی تایبەت بە ماف و پێگەیاندنی ژنان دادەمەزرێنێ و ژنەکەی دەبێ بە نموونەی خەباتکاری لەپێناوی یەکسانیی هەقیقیی ژن و پیاو لە بنەماڵە و کۆمەڵدا.

ئەم دەسەڵاتە شکۆمەندە نەتەوەیی دێموکراتیکە لە کوردستان و لە سەردەمی تەڕاتێنی دواکەوتوویی و فاشیزم لە ناوچەدا، بڕگەیەکی پڕشانازی بۆ نەتەوەی کوردە و هەر لەداخی ئەوەشدایە کە دوژمنانی ورد و درشتی کورد و حیزبی دێموکرات و پێشەوا بەردەوام هەوڵی سووکایەتیپێکردنیان داوە و بەردەوام ویستوویانە بە پاشکۆیەکی ویست و بەرژەوەندییەکانی باقرۆف و پیشەوەری و شەڕی چەند عەشیرەیەک

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# ڕاگەیەندراوی
# ناوەندیی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی یەک ساڵەی دامەزرانیەوە

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

خەڵکی خەباتگێڕ و وەزاڵەهاتووی کوردستان!

هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی و ئێرانی!

ماوەی چل ساڵە کۆماری ئیسلامیی ئێران شەڕێکی بێ‌پسانەوەی لە هەموو بوارەکاندا (سیاسی، نیزامی، ئەمنییەتی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی) بەسەر گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا سەپاندووە. ڕێژیم بۆ سەرکەوتنی خۆی لەو شەڕەدا و سەرکوتی گەلی کورد لە هەموو کەرەستە و ئامرازێکی توندوتیژ کەڵکی وەرگرتووە و لە ڕێگای دامودەزگاکانی داپڵۆسێنەری هەوڵی داوە هەموو کەلێن و کەلەبەرەکانی ژیانی خەڵکی کوردستان بخاتە ژێر چاوەدێریی خۆی، بەڵام لە ماوەی ئەو چل ساڵەدا خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەوەدا شەڕەکە نابەرامبەر بووە، کەچی بە هەموو توانای خۆیەوە بەربەرەکانێی ئەو ڕێژیمەی کردووە و لەسەر خەبات و مافخوازیی خۆی سوور بووە. لەو بەربەرەکانێیە لەگەڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە ڕێگای هێزی پێشمەرگە و تەشکیلاتی نێوخۆی وڵات و هەروەها بە پشتیوانی و ئەرک وەخۆگریی خەڵکی نیشتمانپەروەر و چالاکانی سیاسیی کورد لە کوردستانی ئێران بەگژ سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیدا چوونەوە و لەو ڕێگەیەدا بە هەزاران پێشمەرگە و ئەندامی حیزبەکان و خەڵکی سڤیل و مەدەنیی کوردستان شەهید بوون و خوێنیان بەناحەق ڕژاوە.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو بەربەرەکانێ و قوربانیدانە هەموو کات هەست بە بۆشایی ئەوە کراوە کە جووڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە دیفاع و بەربەرەکانی بە دژی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی یەکدەست و یەک بەرنامە نییە و ئەوە خاڵێکی لاوازی جووڵانەوەی بەرحەقی گەلی کوردە. لەگەڵ ئەوەدا لە ساڵانی ڕابردوودا هەوڵی ئەوە دراوە لە ڕێگای کۆبوونەوەی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە دەوری پلاتفۆرمێک کە نوێنەرایەتیی زۆربەی خەڵکی کوردستان بکا، بەرەیەک یا هاوپەیمانییەک پێکبێ و ئەو بۆشاییە لە خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی پڕ بکاتەوە، بەڵام بە هۆکاری جۆراوجۆر نەتوانراوە ئەو هاوپەیمانییە پێکبێ. دیارە حیزبەکانی مەیدانی خەباتی کوردستانی ئێران هەر کام بۆ خۆیان لەو ئامانجە کە پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی کارا بێ غافڵ نەبوون و کاریان بۆ کردووە، هەتا ئەوەی کە لە ڕۆژی ١٩ی بەفرانبار ساڵی ١٣٩٦ هەتاوی (٩/١/٢٠١٨ی زایینی) دوای چەند کۆبوونەوەی دوو قۆڵی و چەند قۆڵی بڕیاری پێکهێنانی ناوەندێک بە مەبەستی ڕێکخستنی هاوکاریی نێوان حیزبەکان درا و لە ڕۆژی ٣٠ی بەفرانباری ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوی ئەو ناوەندە بوونی خۆی ڕاگەیاند و بەڕەسمی دەستی بە کارەکانی کرد.

ئێستا ساڵێک بەسەر پێکهێنانی ئەو ناوەندە ڕادەبرێ و لە ماوەی ئەو یەک ساڵەدا ناوەند هەوڵی داوە پردی پێوەندیی نێوان حیزبەکانی کوردستانی ئێران بێ و کاروتێکۆشانی شوێندانەری لەسەر چوونەپێشێی خەباتی حەقخوازانەی کوردستانی ئێران هەبێ.

دەکرێ لە چەند لاوە گرینگیی ناوەندیی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران هەڵبسەنگێنین. یەکەم، ئەو ناوەندە لە هەلومەرجێکدا پێکهات کە تەشکیلاتی ئاشکرا و ڕێبەریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە هۆی وەزعی سیاسیی ناوچەکە ماوەیەکی زەمەنیی زۆرە هەتا ڕادەیەکی بەرچاو مەیدانی خەباتیان لێ تەنگەبەر بۆتەوە و ڕۆژ بە ڕۆژیش بە هۆی سیاسەتی پاوانخوازیی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا ئەو بەرتەسکبوونەوە هەستی پێدەکرێ و لەولاشەوە ڕەنگە لە بەر گەلێک هۆکار هیچ کام لە حیزبەکان بە تەنیا نەیانتوانیبێ بە گژ سیاسەت و پلان و پیلانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بچنەوە. دووهەم، پێویستیی وەها ناوەندێک لە هەلومەرجێکدا بوو کە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەهۆی سیاسەتی دژە خەڵکی لە نێوخۆی ئێران و سیاسەتی دوژمنکارانەی دەرحەق بە وڵاتانی دراوسێی لە ڕێی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی و دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆی ئەو وڵاتانە بووەتە مۆتەکەیەک بەسەر شانی گەلانی ئێران و نەزمی جیهانی. لە نێوخۆی ئێراندا ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانەکان لەم دوو ساڵەدا زیاتر پەرەی سەندووە بە چەشنێک کە لەو ناڕەزایەتییانەدا دروشمەکانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران خەتە سوورەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامی بەزاندووە و "مەرگ بۆ ڕێبەر" و "بڕووخێ کۆماری ئیسلامی" لە هەموو خۆپێشاندانەکاندا دەبیسترێ. دوای ساڵێک تێپەربوون لەو خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییانەی گەلانی ئێران دەبینین بارودۆخەکە لە زیانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و لە بەرژەوەندی گەلانی ئێران دایە و ڕۆژ بە ڕۆژ چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران وەک، کرێکاران، خوێندکاران، ژنان، مامۆستایان، و خەڵکی ئاسای بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان دێنە سەر شەقام و بە دروشمدان دژ بە دەسەڵات ناڕەزایەتیی خۆیان دەردەبڕن.

جیا لە ناڕەزایەتیی گەلانی ئێران خودی ڕێژیمیش لە نێوخۆیدا تووشی قەیران بووە و لە یەک ساڵی ڕابردوودا باڵەکانی نێو ڕێژیم زیاتر لە هەموو کاتێک ڕووبەڕووی یەک بوونەتەوە و کار و کردەوە قیزەونەکانیان کە لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ گەلانی ئێران و سامانی ئەو وڵاتە کردوویانە لە یەکتری لەقاو دەدەن. سەرباری ئەو وەزعە نالەبارەی نێوخۆی ئێران، سیاسەتی پەرەپێدانی دەسەڵاتداری و دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی ناوچەکە و سووربوون لەسەر دەستڕاگەیشتن بە چەکی کۆمەڵکوژ و پابەند نەبوون بە پەیماننامە و و ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و پێشێلکردنی مافەکانی مروف، ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی خستووەتە تەنگژەیەکی گەورە کە ڕەنگە ئەمجارەیان وا بە ئاسانی نەتوانێ لێی دەرباز ببێ. لەوەها هەلومەرجێکدا بۆ بە ئاکام گەیاندنی جووڵانەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان پێویستی بە یەکیەتی و هاوپەیمانییەکی کوردستانی زیاتر لە ڕابردوو خۆ دەنوێنێ.

لە سەر ئەو ئەساسە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا توانیویەتی گەلێک کۆسپ لە سەر ڕێگای خۆی لابدا و بە پەسندکردنی پێڕەوی نیوخۆ و هێڵە گشتیەکان و هەڵوێستگرتن لە بەرامبەر ئەو ڕووداوانەی لەئێران بە گشتیی و کوردستانی ئێران بە تایبەتی ڕوو دەدەن _ بۆ نموونە، وەک بانگەوازی یارمەتیدانی خەڵکی بۆمەلەرزەلێدراوی ناوچەی کرماشان، ناڕەزایەتیدەربڕین لەسەر ئیعدامە سیاسییەکان، کوشتنی کۆڵبەران و کردەوە تیرۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامی و ...._ خۆی وەک کارەکتەرێکی گۆڕەپانی خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی ئێران نیشان بدا و ببێتە جێگای ئومیدی دڵسۆزانی یەکیەتی و یەکگرتوویی حیزبەکانی کوردستانی ئێران.

لووتکەی ئەم خەمخۆری و بە دەنگەوەهاتنەی خەڵکی کوردستان لە ٢١ی خەرمانانی ئەمساڵ تەنیا دوای سێ ڕۆژ لە مووشکبارانی بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوکات ئیعدامی شەش چالاکی سیاسی لە زیندانەکانی ڕەجایی شاری تاران، میاندواو و شنۆ بە ڕوونی بۆ دۆست و دوژمن دەرکەوت کە دوای چل ساڵ سیاسەتی سەرکوتی بەردەوامی خەڵکی کوردستان لە لایەن دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی و هەوڵی دابڕاندنی خەڵک و حیزبەکان، خەڵک بە مانگرتنێکی سەراسەری خاوەنداریەتییان لە حیزب و ڕۆڵەکانی خۆیان کرد و نیشانیان دا ئەگەر لە نێو حیزبەکانی گۆڕەپانی خەباتدا یەکگرتوویی هەبێ، خەڵک یار و پشتیوانی ئەو حیزبانە دەبن.

لە ساڵڕۆژی دامەزرانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران خوازیارین کە حیزبەکانی دیکەی کوردستانی ئێران کە بەرنامە و پرۆگرامی خۆیان لە چوارچێوەی هێڵە گشتییەکانی ئەو ناوەندەدا دەبینن بۆ بەهێزکردنی ناوەند و بەرەو پێکهێنانی بەرەیەکی بەهێز و بەتوانا پەیوست بە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ببن. لە هەمان کاتدا ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان دەستی هاوکاری بۆ هەموو ئەو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییانەی ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی درێژ دەکا کە بە کردەوە باوەڕیان بە دێموکراسی و فرەنەتەوەیی ئێران هەیە و دان بە مافی نەتەوەکان لە داهاتووی ئێران و سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵات لە ئێرانی داهاتوودا دەنێن.

ئێمە هیواخوازین بە هاوکاریی هەموو لایەک هەوڵ بدەین کە سیستمێکی کۆماری، دێموکرات و فیدراڵ ببێتە جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی و هەموو گەلانی ئێران لە ژێر ستەم و چەوسانەوەی ئەو ڕێژیمە ڕزگارییان بێ.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٩ی بەفرانباری ١٣٩٧**

# ڕاگەیەندراوی
# فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان




هاونیشتمانیانی کوردستان
ئازادیخوازان و تێکۆشەرانی ڕێگای سەربەستیی نیشتمان

وەک ئاگادارن دوای تێپەڕینی چوار دەیە بە سەر دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامیدا، دەبینین قەڵاچۆکردنی سیستماتیکی گەلی کورد لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە بە هەموو ڕەهەندەکانی خۆیەوە هەروەها بەردەوامە، هەر بۆیە خەڵک و تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناچار بوون بە هەموو شێوازێکی خەباتی ڕەوا، بە بەرگری چەکداریشەوە، لە بەرامبەر ئەم ڕێژیمە داگیرکەرەدا، بەرگری لە گەل و نیشتمان بکەن.

لە پێناو وڵامدانەوە بە پێویستیی جووڵانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قۆناغی ڕاساندا "هێزی پێشمەرگەی کوردستان " وەک پێویستییەک بە پشتبەستن بە میراتی پڕ لە سەروەریی کۆماری کوردستان، لە پێناو لێکگرێدانی خەباتی شاخ و شار، وەک باسکی بەهێزی ڕاسانی ڕۆژهەڵات، بەمەبەستی حووزووری بەردەوام لە نێو خەڵک لە کوردستان و پشتیوانی کردن لە خەباتی مافویستانە و جەماوەریی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژ بە ڕێژیمی ئێران، ئەرکی نیشتمانی خۆی بەڕێوەدەبات. هێزێک کە وەک قەڵایەک لەشکان نەهاتوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاری و سەرکوت لە کوردستان خۆی تەیار دەکات و پشتیوانی و پاڵپشتیی خەباتی کۆمەڵگای کوردستان بۆ ڕزگاری نیشتمان و هەروەها بەگژداچوونەوەی داگیرکەر و دەستوپێوەندییەکانی لە کوردستان، لە ئەرکە سەرەکییەکانی ئەم هێزە دەبێ.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەک نوێنەری ئیرادە و یەکێک لە ڕەهەندەکانی بەرگری ڕەوای خەڵکی کوردستان دێتە مەیدانەوە تاکوو هاوشانی خەڵکی کوردستان بەرەنگاری دوژمنانی گەل ببێتەوە و هەروەها ئەم پەیامەش بە داگیرکەر بگەیەنێ کە ئێمە هێزێکین کە بە توانای کچان و کوڕانی فیداکار و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، پارێزڤانی لە کەرامەت و مانی ئەمرۆی گەلەکەمان و داهاتووی خەڵکی کوردستان دەکەین. هێزی پێشمەرگەی کوردستان ناونیشانێکە بۆ نەوەی نوێی خەبات کە دەیەوێ گیانێکی تازە ببەخشێتە خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەبەر ئەمەش لە درێژەی خەباتی نەتەوەکەماندا نەوەیەکی نوێ سەری هەڵداوە کە دەیەوێ بەگژ دامودەزگای دیکتاتۆری و داگیرکەریدا بچێتەوە، شەرعییەتی ئەم بەگژداچوونەوەیەشی وەک هەمیشە لە "مافی چارەنووسی خەڵکی کوردستان" و بەرگری و خوراگریی ڕەواوە وەردەگرێت.

لێرەوە ڕادەگەیەنین کە لۆگۆ و هێمای " هێزی پێشمەرگەی کوردستان" لەم شتانە پێک هاتووە:

- قەڵغانێک کە ڕەمزی هێزی چەکدار و ئیرادەی خەڵکی کوردستان بۆ بەرگرییە،
- هەڵۆ بە واتای هێمای هێزی پێشمەرگە بۆ فیداکاری و ژیانی سەربەرزانەیە،
- ئارمی کۆماری کوردستانیش بە واتای دروستبوونی ئەم هێزی پێشمەرگەیە وەک میراتگری کۆماری کوردستان و ئامانجە نەتەوەییەکانیەتی و بۆ ئەم ڕەواییەتە مێژووییەیە کە بۆ ڕزگاری نیشتمان و سەروەری نەتەوەیی تێدەکۆشێ

ڕەنگەکانی لۆگۆی پێشمەرگە هەر کامەیان دەربڕی بوارێک لە خەبات و تێکۆشانن:

ڕەنگی سوورهێمای شۆڕشگێڕی و فیداکاری ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بەرامبەر بە هێزی داگیرکار و هەروەها خۆشەویستیان بۆ نیشتمانەوە دێت

ڕەنگی زەرد یان زێڕی،هێمای ڕووناکیدەری هێزی پێشمەرگە و ناوبانگی لێهاتوویی و سەقامگیری و خۆشەویستی ئەوان بۆ بەرگری لە خەڵکی کوردستانە.

ڕەنگی زەیتوونی قاوەیی بە واتای ئاشتیخوازی هێزی پێشمەرگە لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد و هاوکات ڕەمزی هێز و توانای چەکدارییە بۆ بەرگری لە بیروباوەڕی و لەمە بەدواوە ئەم لۆگۆیە لە بۆنە چەکدارییەکان و نەتەوەیی و نیشتمانیەکاندا لە تەنیشت ئاڵای کوردستان هەڵدەکرێ.

**فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان**
**٢٠ی بەفرانباری ١٣٩٧**

# خولێکی لێکۆڵینەوەی زانستی لە لایەن دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی حیزبی دێموکراتەوە کۆتایی پێ هات



پاش دوو مانگ، خولێکی پەروەردەیی و لێکۆڵینەوەی زانستی بۆ کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە لایەن دەزگای پەروەردەوە، کۆتایی پێ هات.

دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پاش زیاتر لە ٢ مانگ، لە بەڕێوەبردنی خولێکی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی زانستی بۆ کادر و پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە کۆتایی بەم خولە هێنا.

لەم خولەدا تەکووزی کرابووە سەر بردنەسەرەوەی تواناییی لێکۆڵینەوە و نووسینی ئاکادێمیک. بەشێک لە وانەکان کە لەم خولەدا گوترانەوە بریتی بوون: شێوەی بەکارهێنانی لۆژیک لە لێکۆڵینەوە، تایبەتمەندییەکان و جیاوازەکانی لێکۆڵینەوەی چەندایەتی و چۆنایەتی، تێئۆری و چۆنیەتی بەکارهێنانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆکردنەوە و بەکارهێنانی زانیاریی دەستە یەک و دەستە دوو، بەکارهێنانی مێتودی زانستی لە لێکۆڵینەوەی جیاوازدا، پێوەندی نێوان تێئۆری و مێتود، مێتود و دیزاینی لێکۆڵینەوە، شرۆڤە و گەیشتن بە بەرئەنجامی زانستی و فۆرم و بەکارهێنانی زمانی ئاکادێمیک لە نووسیندا.

شایانی باسە، کە بایەخی تایبەت دراوە بە فێرکاری بۆ لێکۆڵینەوەکردن بە شێوەیەکی عەمەڵی، هەر بۆیە گرینگی دراوە، بە پێوەندی نێوان علت و معلولی (Causal) متغیری (Variable) وابەستە و سەربەخۆ، قابلیت اعتماد (Reliability)، تیکراری (Replication)، اعتبار (Validity). هەروەها پرسی ئۆنتۆلۆژی (Ontology) و ئێپیستیمولۆژی (Epistemolgy) تاوتوێ کرا لەم خولەدا.

بێجگە لەم وانانە، کادر و پێشمەرگەکان بۆ ماوەی یەک مانگ بە بەردەوامی زانیارییان لەسەر شەش تەوەری جیاواز، کە بریتی بوون: ١. ئابووری و بازرگانی ٢. سیاسەت و حوکومڕانی٣. ئاسایش و پاراستن ٤. ژینگە و وزە ٥. پرسە کۆمەڵایەتییەکان و فەرهەنگ ٦. پێوەندی نێونەتەوەیی، کۆ کردەوە و فێری چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم زانیارییانە لە لێکۆڵینەوەی زانستی بوون.

ئەم خولە لە ڕێکەوتی ٥ی گەلاڕێزانی ١٣٩٧ دەستی پێکرد و لە ڕێکەوتی ٢٠ی بەرانباری ١٣٩٧، بە بەڕێوەبردنی تاقیکاریی بۆ بەشداربووانی خولەکە کۆتایی پێ هات.

# ڕاگەیەندراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی کۆتایی هاتنی کۆنگرەی چوارەمی ئەم ڕێکخراوەیە



ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتی ژنان! ژنانی مافویست و تێکۆشەری کوردستان و ئێران!

لە جیهانی ئەمرۆدا، سەرەڕای ئەو هەموو پێشکەوتن و گەشە کۆمەڵایەتییەی کە مرۆڤی سەردەم بە خۆیەوە بینیویە هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی ئەو هەموو ناوەند و ڕێکخراوەی تایبەت بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بە گشتی و مافەکانی ژنان بەتایبەتی، بەداخەوە هێشتا لە گەلێک وڵات و ناوچەی جیاجیای نیشتەجێبوونی مرۆڤ بە ئاشکرا و زۆر بەبێڕەحمانە مافەکانی ژنان پێشێل دەکرێ و وەکوو کۆیلە یان شارۆمەندی پلە دووی کۆمەڵگا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ.

ئەوە لە کاتێکدایە کە ڕۆژانە لە میدیا ناوچەیی و جیهانییەکاندا دەبینین کە چلۆن لە پێکهاتەی جۆغرافیایی ئێراندا و لە ژێر زوڵم و ئیستیبدادی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا، چەندە مافی نەتەوە و کەمایەتییە ئایینییەکانی پێکهێنەری ئێران پێشێل دەکرێ، دوو ئەوەندەش مافەکانی ژنان کە نیوەی کۆمەڵن، پێشێل دەکرێ و بەرەوڕووی توندوتیژیی جۆراوجۆر دەبنەوە و دەچەوسێندرێنەوە.

ئەوەش لێکەوتەی ئیدئۆلۆژی و سیستەمی دواکەوتووانە و داخراوی ئەم ڕێژیمە سەدە ناوەڕاستییەیە و نیشانی داوە کە ژن خاوەنی کەمترین ماف و پێگە لە بوارەکانی سیاسی و یاسایی و ڕەگەزییەوە نیە و هەوڵدان بۆ گۆڕانکاری و کرانەوە لەو سیستەمە داخراوەدا کارێکی ئەگەر نامومکین نەبێ ئەستەمە، مەگەر ئەوەی کە ئەو ڕێژیمە نەگونجاوە برووخێندرێت؛ وەک هەموو ئەو دەسەڵاتە زۆردارانەی کە بە درێژایی مێژوو لەنێو براون و دەسەڵاتی دێموکراتیک و دابینکەری یەکسانی و دادپەروەریی سیاسی و کۆمەڵایەتی جێگای گرتوونەتەوە.

ژنانی خەباتکاری کوردستان !

خاڵی جێگەی سرنج و بایەخ ئەوەیە کە، لە ئێران و بەتایبەتی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، سەرەڕای ئەو هەموو سەرکوت و خەفەقانەی کە بەسەر خەڵکی ئێراندا سەپاوە، ژنانی ئازادیخواز و دێموکرات بە پێشەنگایەتیی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە یەکێک لە یادگارەکانی کۆماری بەشکۆی کوردستانە، بە پێی ئەو هەلومەرجەی کە تێیدابوون، چ لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی و چ لە سەردەمی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیدا لە خەبات نەوەستاون، بەتایبەتی لە خەباتی نوێی ڕۆژهەڵات کە بە کۆدی "ڕاسان" واتە گرێدانی خەباتی شار و شاخ ناسراوە، هەم لە ڕێگەی ڕاگەیەنەکان و تێکنۆلۆژی سەردەم و هەم لە ڕێگەی بەشداری و حزووری فیزیکییەوە، توانیویانە هەم ژنانی کوردستان لە ئاست داکۆکیکردن لە مافەکانییان وشیار و ئاگادار بکەنەوە و هەم دەنگی ژنانی مافخوراو و چەوساوە و بێدەرەتانی کورد بە گوێی ناوەند و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و لایەنگرانی عەدالەت و دادپەروەریدا بگەیێنن.

هاونیشتمانیانی ئازادیخواز !

هەر لەو ڕاستایەدا و بۆ بەرەوپێشبردن و دارشتنەوەی سەرلەنوێی مێتۆدەکانی خەبات لە پێناو مسۆگەرکردنی ئازادی و دادپەروەری لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕەوتی برینی دیموکراسی نێوخۆی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئیراندا بڕیاری بەڕێوبردنی کۆنگرەی چواری خۆی دا.

لەو پێوەندییەدا کۆنفرانسەکانی ئەندامانی لەسەر ئاستی ڕێکخستنەکانی ئاشکرا و دەرەوەی وڵات و وەرگرتنی ڕا و بۆچوونی ئەندامانی خۆی لەنێوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات، کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانیی ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٠ی بەفرانباری ١٣٩٧ی هەتاوی (١٠/١/٢٠١٩) چوارەمین کۆنگرەی یەکیەتیی ژنان دەستی بە کارەکانیی خۆی کرد و لە کاتژمێر ٨ی ئێوارەی ڕۆژی ٢١ی بەفرانبار(١١/١/٢٠١٩) کۆتایی بە کارو ئەرکەکانی بە پێی دەستووری کاری کۆنگرە هێنا.

کۆنگرەی چوارەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ژێر ناوی کۆنگرەی "یەکسانی دادپەروەرانە" و بە دروشمی " ڕاسانی ژن زامنی دابینبوونی ماف و ئازادییەکانیەتی"، بەڕێوەچوو.

لە دوو ڕۆژی کاریی بەردەوامی کۆنگرەدا سەرەتا ڕاپۆرتی سیاسی-کۆمەڵایەتی و پاشان بەرنامە و ئەساسنامەی یەکیەتی ژنان پێشکەشی کۆنگرە کرا و دوای باس و ڕادەربڕینی بەشداران، بە دەنگی زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرە پەسند کران.

لە بڕگەی دیکەی کاری کۆنگرەدا، ڕاپۆرتی کار و چالاکیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێوان کۆنگرەکانی ٣ بۆ ٤ پێشکەشی ئەندامانی کۆنگرە کرا و دوای شیکردنەوە و باس و ڕادەربڕینی بەشداربووانی کۆنگرە، بە زۆرینەی بەرچاوی دەنگ پەسند کرا.

کۆنگرە لە بڕگەی کۆتایی کاری خۆیدا و لە کەشوهەوایەکی دێموکراتیکدا، لە نێو کاندیداکانیدا ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەریی نوێی خۆی هەڵبژارد کە پێکهاتبوو لە ٧ ئەندامی ئەسڵی و ٢ جێگر.

دوای تەواوبوونی فەرمی کاری کۆنگرە، کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتی لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا، هاوڕێ "شنە دروودگەر"ی وەکوو سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی هەڵبژارد.

دۆستان و دڵسۆزانی یەکیەتیی ژنان!

لە کۆتاییدا هیواخوازین کە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەگشتی بزووتنەوەی مافخوازانەی ژنان لە سەرانسەری جیهان، بتوانێت لە ڕاستای مسۆگەرکردنی یەکسانی و دادپەروەری و چەسپاندنی مافەکانی ژنان، بە ئامانج بگات و لەو پێوەندییەدا پێویستە سپاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ دابین کردنی شوێن و ئەمنیەتی کۆنگرە هەروەها هەموو ئەو کەس و لایەنانە بکەین کە لە ڕەوتی کارەکان و سەرخستنی کۆنگرەکەدا یارمەتیدەرمان بوون.

**سەرکەوێ بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەی کورد**

**بەردەوام و سەرکەوتوو بێت یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتی**

**٢١ی بەفرانباری ١٣٩٧ی هەتاوی**

**١١ی ژانویەی ٢٠١٩ی زایینی**

# بەشداری شاندێکی حیزبی دێموکرات لە پرسەی مامۆستا محەممەدی مەلاقادر



شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرەستیی محەممەدنەزیف قادری، بەشداریی لە پرسەی خوالێخۆشبوو مامۆستا محەممەدی مەلاقادر، تێکۆشەری دێرینی پارتی دێموکراتی کوردستان کرد.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە، ٢٦ی بەفرانبار، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرەستیی محەممەدنەزیف قادری، جێگری دووهەمی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات، بەشداریی لە پرسەی کەسایەتیی ناسراو و تێکۆشەری دێرینی پارتی دێموکراتی کوردستان ـ مامۆستا محەممەدی مەلا قادر ـ لە شاری هەولێر کرد.

شاندی حیزبی دێموکرات، وێڕای پێڕاگەیاندنی هاوخەمیی حیزبی دێموکرات بە دۆستان و هەڤاڵانی پارتی دێموکرات و بنەماڵەی مامۆستا محەممەدی مەلاقادر، نامەی سەرەخۆشیی مستەفا هیجری لێپرسراوی گشتیی حیزبیشیان پێشکەش کرد، کە بۆ کاک مەسعوود بارزانییان نووسیبوو.

# تێکۆشەرانی دێموکرات بەپیری ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستانەوە چوون




ئەندامان و لایەنگرانی حیزب، لە بەرەبەری هاتنی ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، بە ئەنجامدانی چالاکی تەبلیغی بەپیری ئەم یادە پڕشکۆ نەتەوەییەوە چوون.

تێکۆشەرانی دێموکرات شەوی ١٥ لەسەر ١٦ی بەفرانبار لە شاری بۆکان و لە گەڕەکەکانی کوڵتەپە، شارەکی فەرهەنگیان و جادده حەسار بە لۆگۆی هێزی پێشمەرگە و پووستێری تایبەت بە یادی کۆماری کوردستان بەرەوپیری ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستانەوە چوون.

تێکۆشەرانی دێموکرات، لە شارەکانی مەهاباد، پیرانشار و هەروەها لە میرئاوای بۆکان، بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

ئەندامان و لایەنگرانی دێموکرات لە شاری مەهاباد، لە شوێنەکانی وەک: سنجائاوا، فەرهەنگیان، موکریان، شەهرەکی کارمەندان، بەهارستان، دۆڵی کەروێشکە، تەپەی قازی و سارم بەگ و هەروەها دەوروبەری زانکۆی ئازاد، تراکت و پۆستێری تایبەت بە ٢ی ڕێبەندانیان بڵاو کردووەتەوە. هەر لەم پێوەندییەدا، پێشمەرگەکانی شار لە شاری بۆکان، لە میرئاوا، دەوروبەری سەیرانگای کێوەڕەش، دەوروبەری زانکۆی عیلمی کاربردی و ئاگرکوژێنەوەی میرئاوا، دەوروبەری پردی تازە هەتا پارکی ساحلی و کۆڵانەکانی دەوروبەری وێستگەی بەساڵاچوان و کۆڵانەکانی ئەبوزەر، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد و ڕێزیان لە ئازایەتی و قارەمانەتی و بوێری پێشەوای نەمر، لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ دا گرت، کە بووەتە هەوێنی خەبات بۆ ئێستا و داهاتوو و هەروەها بووەتە چقڵی چاوی دوژمنان.

تێکۆشەرانی دێموکرات هەروەها لە شاری پیرانشاریش، بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی ڕێزیان لە ٧٣ـەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری پڕشکۆی کوردستان گرت.

شەوی ٢٢ لەسەر ٢٣ی بەفرانباری ١٣٩٧ی هەتاوی، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات، لە گوندی "گردە قیت" سەر بە شاری نەغەدە، بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ٧٣ـەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، چالاکیی بەرینی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

تێکۆشەرانی دێموکرات، لەم گوندە بە نووسینی دروشمگەلێکی وەک: " ٢ی ڕێبەندان پیرۆز بێت"، "بژی کوردستان"، " بژی حدکا" و هەروەها " پێشەوا قازی ڕێبازەکەت زیندووە" وەفاداریی خۆیان بۆ ڕێبازی پێشەوا و کۆماری کوردستان دووپات کردەوە.

هەر لەم پێوەندییەدا، تێکۆشەرانی دێموکرات، لە شاری تارانی پێتەختی ئێران، بە بەدەستەوەگرتنی کاغەزگەلێک کە یووبیلی حیزبی دێموکراتی لەسەر نەخشێندرابوو، لە مەیدانەکانی ئازادی و هەروەها دەوروبەری برجی میلادی ئەم شارە، خۆشەویستی و وەفاداریی خۆیان بەرانبەر بە حیزبی دێموکرات دەربڕیوە.

قارەمانانی دێموکرات لە شاری سەقز شەوی ٢٦ لەسەر ٢٧ی بەفرانبار بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پووستێری تایبەت بە ٢ی ڕێبەندان، لۆگۆی تایبەتی هێزی پێشمەرگە، پووستێری تایبەت بە ڕاسان و وێنەی شەهیدان پێشەوای مەزن و دوکتور قاسملوو، ئەمەگناسی خۆیان بۆ جارێکی تر بە ڕێبازی پێشەوای گەل دووپات کردەوە.

ئەو شوێنانەی کە چالاکییەکانی تێدا بەڕێوە چوون بریتین لە: گەڕەکی گوڵان، دەوروبەری کانی دایە مەلێعە، گەڕەکی ساڵح ئاوا، کۆڵانەکانی قوتابخانەی ئەحمەدی ساکت، قوتابخانەی حاجی ڕەحیم ساکت، دەوروبەری مزگەوتی ساڵح ئاوا، گەڕەکی کەریم ئاوا، کۆڵانەکانی پشت شەقامی ١١٥.

هاوکات تێکۆشەرانی دێموکرات لە شارەکانی مەهاباد و شنۆ بە شێوەی بەرین و بەربڵاو شەوی ٢٧ لەسەر ٢٨ی بەفرانبار وێڕای بڵاوکردنەوەی پووستێر و تراکتی تایبەت بەم بۆنە بە نووسینی دروشمی شۆڕشگێڕانەی وەک پیرۆز بێ ٢ی ڕێبەندان، ڕاسان بەردەوامە، بژی حیزبی دێموکرات پەیمانیان لەگەڵ ئارمانجەکانی کۆمار نوێ کردەوە و ئامادەیی خۆیان بۆ درێژەدان بە ڕاسان و خەبات لە دژی زۆرداری دەربڕی.

، تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری سەردەشت شەوی ٢٨ی بەفرانبار تراکتی تایبەت بەم بۆنەیان بڵاو کردەوە کە دروشمەکانی سەر ئەم تراکتانە بریتی بوون لە: سڵاو لە ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی کۆماری کوردستان، سڵاو لە حدکا و خەباتی ڕاسان میراتگر و درێژەدەری ڕێبازی پێشەوا، ٢ی ڕێبەندان ناسنامەی یەکەم حکومەتی کوردییە لە ڕۆژهەڵات، سڵاو لە حدکا و خەباتی ڕاسان؛ دواتر بەم درووشم و تراکتانە و هەروەها جامانە گۆڕی شەهید مەلا ئاوارەیان ڕازاندەوە و پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدانی کورد و کوردستان نوێ کردەوە.

هاوکات ئە ندامانی حیزب لە شاری بۆکان بە بڵاوکردنەوەی تراکت و سی دی و نووسینی دروشمی تایبەت چالاکی تەبلیغییان بەڕێوە برد؛ ئەو شوێنانەی کە چالاکی تێدا کراوە بریتین لە: بلواری کوردستان و بلواری مامۆستا هەژار، کۆڵانەکانی کوڵتەپە، شەقامی عەشایر و دانشگای ئازاد وتابلۆی گوندەکانی جادەی بورهان و جادەی شەرەفکەند تا گوندی کانی ڕەش و نێو گوندی کانیڕەش، میراوا، کۆڵانەکانی قەندیل، شەقامی نەجاری، بێهداشتی میراوا، مزگەوتی جامیعە، کۆڵانەکانی ئاگرین، شەقامی دانشسەرا.

تێکۆشەرانی گەل لە گوندی سیسێریش بە نووسینی دروشمی "پیرۆز بێ ٢ی ڕێبەندان ساڵیادی دامەزرانی کۆمار" ڕێزیان لەم ڕۆژە مێژووییە گرت.

لە شاری بانە و لە گەڕەکەکانی تەپەسۆغانان، سداوسیما، گەڕەکی سلێمانبەگ، گەڕەکی مەولەوی، گەڕەکی ئەحمەداوا، خیابانی انقلاب وکوی فەرهەنگیان وێڕای تراکتە پێوەندیدارەکان ، گووڵ و نوقڵ و شیرینیش لەلایەن ڕۆڵە چاونەترسەکانی دێموکرات بڵاو کرایەوە.

لە سنەی قارەمانپەروەر، تراکت و پوستێری تایبەت بەم بۆنە بڵاو کرانەوە کە دروشمەکانی بریتی بوون لە: ٢ی ڕێبەندان ڕەمزە بۆ خەباتی بێوچان، بەرز و پیرۆز بێ ڕۆژی کۆماری کوردستان، ٢ی ڕێبەندان یەکەمترووسکەی هیوای کوردە.

شەوی هەینی، دۆستانی بە ئەمەگی حیزب لەم شوێنانەی شاری پێشەوا چالاکییان بەڕێوە برد: بەری شیلانان، شایەگان، شەقامی پەرستار، شەقامی سداوسیما، مەیدانچەی حەسەن زادە، شەقامی مەزاری پێشەوا، مەجبورئاوا، فەجر، تەپەی قازی، شەقامی زانکۆی پەیامی نور، شەقامی محەممەد هەوراز، موکریان، ورودی تاقەدار، سێڕای هەمزاوا.

لە ئاوایی "نێ"ی هەمیشە دێموکرات لاوان و قوتابیانی پێشەوا بە بڵاوکردنەوەی سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و چەندین سروودی شۆڕشگێڕانەی دیکە شایی و خۆشییان خستە نێو دڵی دانیشتووانی ئەم ئاواییە.

هەروەها لە شارۆچکەی دزەی مەرگەوەری ورمێ پێشمەرگەکانی شار بە زمانەکانی فارسی و کوردی درووشمی پێوەندیداریان لە دیوارەکانی ئەم ناوچە نووسییەوە و شارۆچکەی دزەیان ڕازاندەوە. بەشێک لەم درووشمانە بریتین لە: پیرۆز بێ ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، سڵاو لە حیزبی دێموکرات، کۆماری دێموکراتیکی کوردستان وێنای ئاسۆی ئازادییە لە داوارۆژی کوردستان، بژی پێشمەرگە، کۆماری کوردستان نوێنگەی ئاشتیخوازی گەلی کوردە، کۆماری کوردستان مەکتەبی شۆڕشگێڕییە بۆ نەسڵی ئەمڕۆ و سبەی.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە ڕێکەوتی ٢٦ی بەفرانبار لە شاری بۆکان بە بەڕێوە بردنی چالاکی بەرینی تەبلیغی ڕێزیان لە دووی ڕێبەندان گرت و بەرەو پیری ئەو ڕۆژە مێژووییەوە چوون. ئەو شوێنانەی کە چالاکیان لێ کراوە بریتین لە پارکی ساحلی، ژێر گوزەری موعەلیم، قوتابخانەی سەمین و دەوروبەری، هونەرستانی عەلامە تەباتەبایی، فەلەکەی عەلیاباد تا ئازادەگان، قوتابخانەکانی عەبدولڕەحمانی سالمی،١ ٢، ٢ و ٤ ، زانکۆی پەیامی نوور و دەوروبەری، کۆڵانەکانی سێڕای خاوەران تا بێهداشتی مەجبوراوا، سەر ماشێن و دەرگای خەڵک بە گشتی.

هەروەها لە بەری مەدرەسە و بەری شیلانانی شاری مەهاباد تراکت و پووستێری تایبەت بەم بۆنە بەشێوەیەکی بەرچاو بڵاو کراوەتەوە؛ لەلایەکی دیکەشەوە پێشمەرگەکانی شار لە مەیدانی حەیوانان کە خە ڵکی پارێزگاکانی تەوریز و ورمێ و سنە و زەنجانی لێ بووە بە سەدان ئیتکێتی چەسپی بە دروشمی» ٢ی ڕێبەندان»یان لە ماشینی خە ڵك داوە و سی دی قسەکانی نوروزی ٩٥ی کاك مستەفا هیجرییان لە سەر راسان بڵاو کردووەتەوە.

لاوانی دەروەستی کوردستان لە شاری سنەش لە بەرزاییەکانی شاخی ئاوییەر بە نووسینی درووشمی ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان پیرۆز بێ پەیمانیان لەگەڵ ڕێبازی پێشەوا و هاوبیرانی نوێ کردەوە.

## درێژەی پەیڤ

ناوی ببەن.

بەڵام ئەم پەلەقاژانەی دوژمنانی کورد قەت سەرکەوتوو نەبووە و دەیە بە دوای دەیە و نەوە بە دوای نەوە، کورد و کوردستانیان زۆرتر وەدوای خولیا و ئاوات و ویستە ڕەواکانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان کەوتوون و ئێستا ئیدی تاک بە تاکی کوردستان شانازی بەوە دەکەن کە خۆیان وەکوو شارۆمەندێکی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان پێناسە بکەن. ناسنامە و پێناسەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی کە جیاواز لە ڕەوتی مێژووی سەرەڕۆیی و دڕندەیی لە ناوچەکەدایە و کورد و کوردستان دەکا بە گەوهەری درەوشاوەی مێژووی دوور و نزیک.

ئەم شکۆمەندییەی کۆماری کوردستان و ڕێبەرانی پڕشکۆی و بەتایبەتی پێشەوای نەمری، قەڵایەکی بەهەیبەت، بە دیواری شاخاویەوە و بە دەوری شاردایە کە دوژمنانی هەرچی پەلەقاژەی سووککردنی دەدەن، خۆیان زیاتر سووک دەکەن و بەرەو ڕۆچوون لە زەلکاودا دەچن و کۆمار لە بیر و هزری تاکەکانی نیشتمانی کوردستاندا پتەوتر و قایمتر دەبێ و بەشکۆتر لە جاران دەردەکەوێتەوە.

# کۆمار وەک ئەزموونێک

**ئاگری ئیسماعیل‌نژاد**

لە خوێندنەوەی کۆماری کوردستاندا دەبێ بەستێنی مێژوو لەسەر دوو بناغەی دەسەڵاتداری و شۆڕش لەبەر چاو بگرین.
میژوو بە مانای مێژووی دەسەڵاتداریتی پێش کۆمار و مێژووی شۆڕشی دوای کۆمار لە مێژووی دەسەڵاتدارییدا ئێمە دەسەڵاتداری ئەردەڵان و سمکۆمان هەیە و لە مێژووی شۆڕشی دوای کۆمار شۆڕشی ٤٦_٤٧ ، شۆڕشی ٥٧ و خەباتی چەکداری پاش شۆڕشی ٥٧ و ڕاسانمان هەیە.
کاتێ لە بەستێنی مێژوودا لەسەر دابەشکاری دەسەڵاتداری و شۆڕش سەیری کۆمار بکەین، کۆمار ڕووداوێک نییە بەڵکوو ئاڵقەیەک لە زنجیرەی مێژووی کوردستانە، زنجیرەیەک کە خواست و ئارمانجی نەتەوەیەک پیشان دەدات.
کۆمار بە هیچ شێوەیەک نۆستالۆژییەک نییە بەڵکوو وێستگەیەکە کە مێژووی قۆناغی دەسەڵاتداریتی لەگەڵ مێژووی قۆناغی شۆڕش پێکەوە گرێ دەدات، ئەوەش دەری دەخات لەگەڵ ئەوەی ئێمە لە مێژوودا کەممان کارەسات بەسەر نەهاتووە و کەممان شکست نەخواردووە، بەڵام لە پەراوێزی مێژوودا نەبووین و "بەرکار"یش نەبووین، بەڵکوو بوونمان لە چەقی مێژوودا بووە و نەتەوەیەک بووین کە وەک "بکەرێک" لە مێژوودا ژیاوین.
ئەگەر لە بەستێنی مێژوو دەرچین و کۆمار وەک ئەزموونێکی سیاسی سەیر بکەین دەتوانین بڵێین کۆماری کوردستان دەسەڵاتدارییەکە کە بۆ ئێستا جێگای لێ فێربوونە؛ بە گشتی من لەو باوەڕەدام کە دەکرێت ٥ خاڵی گرینگ وەک تایبەتمەندی کۆمار لەبەر چاو بگرین.
خاڵەکان بریتین لە:
خاڵی یەکەم گەلاڵەی ئابووری بوو؛ لە ڕووی ئابوورییەوە لە سەردەمی کۆماری کوردستان خەڵکی ژێردەسەڵاتی کۆماری کوردستان ئەو کات توتنەوانییان دەکرد و دەسەڵاتدارانی ئەو کۆمارە زۆر لە هەوڵدابوون کە بەروبوومی ئەو توتنەوانانە بفرۆشن و بۆ ئەو مەبەستەش چەندین جار لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤیەت دانیشتن، هەتا بتوانن، توتنی توتنەوانان بە نرخێکی گونجاو بفرۆشن.
خاڵی سەرنج ڕاکێشی ئەو کارە ئەوە بوو کە کاتێک توتنەوان توتنەکانیان ڕادەستی حکوومەتی کوردی دەکرد، کاغەزێکیان دەدانێ کە لەو کاغەزەدا ڕێژی توتنەکە و نرخی توتنەکەی تێدا نوسرابوو، توتنەوانەکان هەر بە پێی دابی ساڵان بەو کاغەزەیان دەگوت: "ڕەسید"
کاتێ کە بە هۆی دەستێوەردانی ئێران، دانوستانی نێوان حکوومەتی کوردستان و سۆڤیەت لەسەر فرۆشتنی تووتن درێژەی کێشا، بە بڕیاری فەرمی حکوومەتی کۆماری کوردستان جوتیاران دەیانتوانی ئەو "ڕەسیدە" لەبری پووڵ بەکار بێنن؛ بەو شێوەیە حکوومەتێ کە ژێرخانی ئابووریشی لاواز بوو، و هاوکات لەگەڵ ئەوە لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە خرابووە ژێر گەمارۆی ئابوورییەوە، وای کرد خەڵکی جوتیار و کەم داهاتی تووشی قەیرانی ئابووری نەبن و بتوانن بژێوی ژیانی خۆیان دابین بکەن، کەواتە حکوومەتی کوردستان لە سەردەمی کۆمار لە بەرانبەر بژێوی خەڵکەکەی خۆیدا بەرپرس بوو.
خاڵی دووهەمی ١١ مانگ دەسەڵاتداری کوردی ئەوە بوو، کە لە ماوەی ئەو ١١ مانگەدا هەنگاوی بەکردەوەی زۆر گرینگ بۆ گەشەی ژیانی ژنان لە کۆمەڵگای کوردستاندا نرا، لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان و وێڕای پیاوانی کورد، ژنانیش بەشداری میتینگی دامەزرانی کۆماری کوردستان بوون و هاوکات لەگەڵ ئەوە گرووپی سروودی کچان لەو ڕێوڕەسمەدا سروودیان خوێندەوە و دوو ژنی کوردیش هاوشانی خۆیان لەو ڕێوڕەسمەدا گوتاری خۆیان خوێندەوە، کەمتر لە دوو مانگ پاش دامەزرانی کۆماری کوردستان، یەکێتیی ژنانی کوردستان دامەزرا؛ ئامانج لە دامەزرانی ئەو یەکێتییە ئەوە بوو ژنان بتوانن لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەشدار بن و هاوکات بتوانن چارەنوسی خۆیان بەدەستەوە بگرن و جیاوازی ئەوە، هەموو ئەو بڕیارانەی کە لە کۆماری کوردستان دەردەچوو بێ جیاوازی ژن و پیاوی دەگرتەوە، بۆوێنە خوێندن بە منداڵانی مێینە وەک خوێندن بە منداڵی نێرینە ئیجباری بوو.
خاڵی سێهەم دەسەڵاتداری لە کۆماری کوردستاندا بوو کە لە ڕووی پەروەردەوە هەوڵێکی زۆر بۆ ڕاهێنانی منداڵ و مێرمنداڵانی کورد درا و هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دامەزراندنی کۆماری کوردستانەوە ٢٤ کەس وەک خوێندکار ڕەوانەی باکۆی شۆرەوی کران هەتا لەوێ لە بواری جیاوازدا خولی تایبەتی ڕاهێنانیان بۆ بکرێتەوە و بۆ خزمەت بە کوردستان ڕابهێندرێن؛ تێچووی ژیانی ئەو کەسانەش لەسەر شانی حکوومەتی کۆماری کوردستان بوو. ئەوە سەرەڕای ئەوە بوو کە خوێندن بە منداڵی ژێر تەمەن ١٤ ساڵ بە زۆری بوو و هاوکات خولی خوێندن بۆ گەورەساڵان دانرابوو کە بە شەو دەیانتوانی بچن بخوێنن.
خاڵی چوارەم خاڵێکی ستراتژیک بوو، خاڵی چوارەم ئەوە بوو کە لە کۆماری کوردستاندا دوو وەزیر و لێژنەیەکی فەرهەنگی هەبوو؛ ئامانجی ئەو لێژنە و وەزیرەکانی سەرەڕای هەوڵ بۆ گەشەی فەرهەنگی کوردی ئەوە بوو کە زمانی کوردی لە وشەی بێگانە پاک بکەنەوە و لە ڕووی زمانییەوە زمانێکی بەرۆژ دیاری بکەن و هەموو بڕیارەکانی ئەو لێژنەیە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاو دەبۆوە بۆ ئەوەی خەڵک لێی ئاگادار بن و لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاری بێنن.
خاڵی کۆتایی و پێنجەمی حکوومەتداری کوردی ئەوە بوو کە هەموو چالاکییەکانی دەسەڵاتداری کوردی وەک بڕیاری کۆبوونەوەکان و ڕێککەوتن و تەنانەت کۆمەک و یارمەتی بە حکوومەتی کوردستان زۆر بە ڕوونی لە ڕۆژنامەی کوردستاندا باسی دەکرا و بەو شێوەیە خەڵک دەیانتوانی ئاگاداری کاروچالاکی حکوومەت بن و تەنانەت هەر لە ڕێگای ڕۆژنامەی کوردستانەوە دەیانتوانی تانە و تێبینی خۆیان بگەیەننە دەسەڵاتدارانی کورد؛ واتە لە دەسەڵاتداری کوردییدا ڕوونیکارییەک هەبوو و دەسەڵات لە ژێر پەردەی ڕەشدا کاری نەدەکرد .
بەپێی ئەو تایبەتمەندییانە بنەمای دەسەڵاتداری کوردی لە کۆماری کوردستان لەسەر سێ بناغە داندراوە:
یەکەم: سەرچاوەی دەسەڵاتداری دەگەڕێتەوە بۆ گەل
دووهەم: دەسەڵاتداری دەبێت لە پێناوی خۆشبژێوی نەتەوەدا بەرپرس بێت
سێهەم: دەسەڵاتداری باسێکی شاراوە لە نەتەوەکەی خۆی نییە.
ئەو سێ بناغەیە دەتوانێ سێ میراتی گرینگی کۆماری کوردستان بۆ دەسەڵاتداریی کوردی لە پاش کۆمار دیاری بکرێت و دەسەڵاتداری کورد لە ئێستاشدا پێویستە ئەو سێ خاڵە وەک بنەمای دەسەڵاتدارییەتییەکەیان دابنێن.
کۆمار لەگەڵ ئەوەی بەرهەمی فکری و خەباتی بەرەیەک لە کورد بوو بەڵام ڕۆڵی پێشەوا قازی لە ئاراستەکردنی بەرهەمی ئەو بەرەیەدا ڕۆڵێکی گرینگ و جێگای تێڕامانە وەک گەورەترین تایبەتمەندی پێشەوا کە لە ئێستادا دەتوانێ پیشاندەرێکی باش بۆ بەرەی ئێمە بێت.
سەعید هۆمایۆن، خوارزای پێشەوا و پارێزگاری تایبەتی جەنابی پێشەوا لە بیرەوەرییەکانی‌دا دەڵێت: "هەموو سەرۆک عەشیرەتەکانی ناوچەی مەهاباد بۆ بەرێ کردنی جەنابی پێشەوا بۆ سەفەری ناوچەی ورمێ و نوێکردنەوەی پەیمان لەگەڵ پێشەوا لە مەیدانی چوارچرا کۆببوونەوە ..... لە نێو ماشێنەکەدا جەنابی حاجی بابەشێخ، سەرۆکوەزیرانی کۆماری کوردستان گوتی:" قوربان، سەرۆک عەشیرەتەکان، کە ئەمڕۆ بەڵێنیان نوێکردەوە، زۆربەیان کەسی باوەڕپێکراو نین، وەک خۆم ئەگەر ئیجازەم بایە دادگایی و تەمبێم دەکردن"!
لە وڵامی ئەو قسەی حاجی بابە شێخ، پێشەوا فەرمووی: "جەنابی حاجی بابەشێخ، هەر بزووتنەوە و دەسەڵاتدارییەک کە بناغەی لەسەر کوژران و تەمبێ کردنی بەرهەڵستەکانی دانێ، مەحکوومە بە شکست و سەرشۆڕی مێژووی، بەڵام پشت بەخوا، من بە تەمام دەسەڵاتداری کوردستان بێ خوێنڕێژی و سەرکوت دامەزرێنم".
( سعید همایون:١٦٧)
وەک لەو بیرەورییەدا دەردەکەوێت نەرم و نیانی، پشوودرێژی و دووربوون لە سۆزی تۆڵە و قین لە تایبەتمەندییە هەر بەرزەکانی پێشەوا قازی محەممەد بووە؛ لە ئێستادا کە پشووی پێکەوە هەڵنەکردن لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەوپەڕی خۆیدایە ئەو قسەیەی جەنابی پێشەوا بۆ هەموو لایەنەکان دەتوانێ وەک بنەمایەک بیت بۆ چۆنێتی لەگەڵ یەک هەڵسووکەوت کردن.
بە گشتی وەک لەسەرێڕا باسی کرا کۆمار وەک دەسەڵاتداری و پێشەوا وەک سەرکردەیەکی کورد پاش ٧٣ساڵ ئێستاش ئەزموون و دەستکەوتیان بۆ نەوەی ئێستای نێو بزوتنەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات هەیە، بۆیە ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان تەنیا بیرهێنانەوەی نۆستالۆژییەکی نەتەوەیی نییە، بەڵکوو باس و تاوتوێ کردن لە ئەزموونی دەسەڵاتداری نەتەوەیەکە.



# ڕچەشکێنی، وانە گرنگەکەی کۆمار

**بەختیار عوسمانی**

کۆماری کوردستان ٧٣ ساڵ لەوە پێش لە شاری مەهاباد شارێکی چەندین هەزار کەسی دامەزرا، شوێنەواری وەک "ئەستێرەیەکی پرشنگدار" شەبەق دەداتەوە و گەلێک دەسکەوت و وانەی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد جیهێشت کە تا ئێستاش بۆ کورد و بە تایبەتی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بنەما و پاڵنەری سەرەکین.
گرنگترین وانەی کۆماری کوردستان ڕچەشکێنییە، بەو مانایە کە کۆمەڵێک هەنگاوی گرینگی هەڵێنا کە ئەگەر بەراوردی ئەوکات و شوێنە لەگەڵ ئێستا بکەی دەبینی، چ شۆڕشێکی گەورەی دەست داوەتێ و قامکی لەسەر چ بقەگەلێک داناوە.
ئەوکات ئێران وڵاتێکی پاشکەوتوو و کوردستانیش لەو "پاشکەوتووتر" بووە، نزیک بە ٩٥ لە سەدەی خەڵک و لە نێو ئەوانیشدا سەد لەسەدی ژنان نەخوێندەوار بوون، ژیانی شارنشینی پەرەی نەسەندبوو، خەڵک لە هەژاری و نەداری دەژیان، دەرەبەگایەتی و ئاغایەتی باڵی بەسەر ژیانی خەڵکدا کێشابوو، لە هەر بوارێکەوە کە دەڕوانی ئاستی کۆمەڵگا زۆر نزم بوو.
تازە حیزبێکی سیاسی بە سیمایەکی دێموکراتیک و تا ڕادەیەک بەدوور لە دەستی سەرۆک عەشیرەت و ئاغا دامەزرابوو کە ئەویش بەتەواوی بە ژیانی سیاسی خەڵک نەگەیشتبوو، بڵاوکراوە و چاپکراوی ڕۆشنگەرییانە نەبوو یان زۆر زۆر کەم بوو، تەنانەت لە شارێک یان ناوچەیەک دانەودووان دەزگای ڕادیویی هەبوو، فەزای دەسەڵاتی دیکتاتور و داگیرکەر هەر مابوو، شتێک بە ناوی مافی ژن لە گۆڕێدا نەبوو، بیروبۆچوونی دواکەوتووانە بەسەر کۆمەڵگادا زاڵ بوو، بەگشتی کۆمەڵگای ئەوکاتی کوردستان بەتەواوی داخراو و دواکەوتوو بوو، بۆیە هەنگاوە پێشکەوتووانە و ئازایانەکانی کۆماری کوردستان و پێشەواکەی لەو شەوەزەنگەدا کە توانی ڕۆحی بەندکراوی کورد لە یەخسیری ڕزگار بکا و دەرگای بەرەو گۆڕانکاری و نوێبوونەوە لەسەر پشت بکاتەوە و لێی نەترسێ، گرینگ و مێژوویی بوو، بۆ نموونە:
. ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان پەیامێکی گرنگ بوو بۆ بۆ نەتەوەی کورد کە بڕوایان بە توانایی خۆیان هەبێ و بزانن کە ئەوانیش مافی دەوڵەتیان هەیە و ئەتوانن مافی چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، ئەوە نییە ئێمە، ساڵ لە دوای ساڵ زیاتر شانازی بە کۆمارە ١١ مانگەکەوە دەکەین، کۆمارێک کە تەنیا یەک لە سێی خاکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی لە ژێردەست بوو، تەنانەت ڕاستەوخۆش لە لایەن هیچ لایەنێک پشتیوانی و هاوکاری لێنەکرا، بەڵکوو ئەوانەیشی کە بەڵێنی هاوکارییان پێدا بوو، هیچ پەشیمان بوونەوە، بەڵکوو پێشیشیان لە هێرشی کۆمار بۆ سەر سوپای ئێران گرت.
. دامەزراندنی دامەزراوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە لەو کات تەنیا هێزی چەکداری عەشایر بوونی هەبوو و دروستکردنی هێز لە دەرەوەی ئەو چوارچێوەیە و وەک داماڵینی چەکی هێزە عەشایرەکان چاو لێدەکرا، عەشایرێک کە یەکێک لە داخوازییە هەمیشەییەکانیان پاراستنی هێزە چەکدارەکەیان بوو.



. دامەزراندنی ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان، ئەویش لەو کۆمەڵگایە کە چارەنووسی ژنان گرێدراو بوو بە خزمەت کردن بە پیاو، ئاگایەکیان لە ژیان و مافی ئازاد و سەربەست نەبووە، پێیان وابوو قەدەریان لە چوارچێوەی دیوارەکانی ماڵ ناترازێ، کۆماری کوردستان درزی خستە نێو ئەو دیوارە تاریک و بەرزە.
. دەرکرنی گۆڤاری "گڕوگاڵی منداڵان" هەنگاوێکی دیکەیە کە پێمان دەڵێ کە کۆمار ئاگای لە هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگا بووە و لەبەرچاوی گرتوون، ئەگەر ئەوە نەبووایە چۆنە ئەو کۆمارە ساوایە لەو کاتەدا بەو هەموو گرفتەوە لە بیری منداڵانی کوردستان بووە؟
. گیانبازییەکەی پێشەوا قازی محەممەدی ٤٧ساڵەش بۆ خۆی ئۆلگویەکی گرنگە، کاتێک پێشەوا "دڵخوازانە" لەگەڵ خەڵکەکەی دەمێنێتەوە و گیانی خۆی دەکاتە سپەر بۆ پاراستنی هاووڵاتیانیی و ئازایانەش لە نێو بەناو دادگاکانی ڕێژیمی پاشایەتی بەرگری لە ماف و داخوازەکانی نەتەوەکەی دەکا، ئەوپەڕی وەفاداربوون بەو پەیمان و بەڵێنەیە کە لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی بە خەڵکەکەی دا.
ئەمانە بەشێکن لەو ڕۆحە ئازاد و سەربەستە کە لە کۆماردا دەرکەوتن و لە ژیانی سیاسی نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکراتدا بە شێوازی جۆراوجۆر پەرەدەستێنن و لەدایک دەبنەوە و ڕۆحی گۆڕانکاری و نوێبوونەوەیان بە زیندوویەتی ڕاگرتووە، هەر بۆیە کاتێک لە ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی حیزبی دێموکرات پێوەندی تەشکیلاتی لەگەڵ حیزبی توودە دەپچڕێنێ، سوسیالیزمی دێموکراتیک بەپێچەوانەی سوسیالیزمی باو پەسند دەکا، کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ پێکدێنێ، پێکهاتەیەکی نزیک بە ٥٠ ساڵەی دەگۆڕێ، "سیاسەتی سەربەخۆ" دەبێتە سیاسەتی هەمیشەیی، کاتێک دەرفەت بۆ کەسانی غەیرە حیزبی نیشتمانپەروەر بە مەبەستی خزمەتکردن دەڕەخسێنێ و چەندین نموونەی دیکە کە هەموویان دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە ڕچەشکێنی و ڕۆحی ئازادی کۆمار بوونەتە ناسنامە و بە شادەمارەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا لە گەڕاندان.

# "سەربەخۆیی دوایین شکۆی سیاسیی نەتەوەکانە"



**زرێبار**

فاکتگەلی وەک شۆڕشی پیشەسازی، گەشەی ئایدۆلۆژیاکان، شەڕە درێژماوەکانی ناوخۆی ئورووپا و ... هۆکاری سەرەکی دارمانی ئیمپراتۆرەکان بوون. درووست بوونی سەد و نەوەد دەوڵەت لە سەر بنەمای چەمکی دەوڵەت ـ نەتەوە ئاکامی پڕۆسەیەکی مێژوویییە کە لە سێ بڕگەی زەمەنی وەک سەردەمی دوای شەڕی ویستفالی، شەڕەکانی یەکەم و دووهەمی جیهانی و کۆتاییەکانی شەڕی سارددا پێکهاتوون.لە هەر بڕگەیەکدا دەیان نەتەوە تەپڵی سەربەخۆییان لێداوە و بە بێ ئەوەی زەختێکی وەهایان لە سەر بێ سەربەخۆییان ڕاگەیاندووە و لە کۆمەڵگای نەتەوەکاندا بە فەرمی ناسراون. لە چاخی ئێمەدا کە دەوڵەتان دەستیان بە دوایین تیکنۆلۆژی سەربازی گەیشتووە، سنوورەکانیان کۆنکرێتی کردووە، ئابووری و بەرژەوەندی هاوبەش لە نێوان ئەوان و زلهێزەکاندا درووست بووە و هتد، ئایا دەکرێ وەک ڕابردوو پرسی سەربەخۆیی بەو ئاسانییە لە لایەن نەتەوە بندەستەکانەوە بێتە ئاراوە؟؟

بەر لە هەموو باسێک دەبێ بگوترێ کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پرس و بەرژەوەندی و خەسارەکانیان لێک هەڵپێکراوە کە ناتوانی بە بێ خوێندنەوەیەکی ناوچەیی باسەکان تاوتوێ بکەیت. ئابووریی تاکبەرهەمی ( نەوت و گاز) لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، تەنانەت دنیای ڕۆژئاوای بە هۆی بەرژەوەندییەکانیانەوە وەک چاوەدێرێکی سیاسی و چەکداری لە هێنانە ئارای پرسە گەورەکاندا، دەخیل کردووە. بۆ نەتەوە بندەستەکان شەڕ و ئاڵۆزی وڵاتانی ناوچەکە باشترین هەلە بۆ دستەبەرکردنی مافەکانیان لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی وەک چەمکی فیدراڵی کە لە هەموو جاڕنامە و بلاڤۆکەکانی نەتەوەکاندا دانی پێدا نراوە. وڵاتانی فرمۆڵی سایکس ـ پیکۆ لە ڕاستیدا هەم باوڕیان بە ڕەچاوکردنی هیچ مافێکی سەرەتایی بۆ کەمینەکان نییە و هەم خۆیان وەک دیسکۆرس مەحکوومن بە دارمان.

ئێران لە لایەکەوە بە توندی پشتی فرمۆڵی سایکس پیکۆی گرتووە و لە لایەکی دیکەشەوە بە هێنانەئارای تێزی "هیلالی شێعە" دەبێ چەندین دەسەڵاتی ناوچەکە کە وەک کۆسپ و لەمپەڕ لە سەر ڕێگادان، لە ناو بچن. ئێران ناتوانێ وەک قاشی شووتی"هیلالی شێعە " بەشی خۆی لە وڵاتانی ناوچەکە دەربێنێ و بەبێ ئەوەی پێکهاتەی هیچ وڵاتێک بشێوێ. ڕۆژهەڵاتی ناوین دۆخێکی نادیار و ترسناکی لە پێشدایە. نەتەوە بندەستەکانی ناوچەکە دەبێ ئامادەی گۆڕانکارییەکان بن.

شکستی ڕیفراندۆم لە باشوور لە ڕاستیدا هۆکارەکەی تاقەسواری کورد بوو لە گۆڕەپانەکەدا.ئەگەر لە عێراق سوننەکان و لە سوریا کورد و سوننەکان و لە یەمەن حوسییەکان و ... بە تێکڕا لە یەک زەماندا ڕیفراندۆمیان بۆ سەربەخۆیی کردایە، ڕەنگە هیوایەک بە سەرکەوتن ببوایە یا ببێت. لە ئیسپانیا چارەنووسی کاتۆلۆنیاکانیش بە هۆی تەنیا بوونەوە بە دەردی کورد چوو.

خەباتێکی دوورودرێژ لە پێش گەلانی ناوچەکەدایە. گۆڕانکاری لە ئێران کۆڵەکەی وڵاتانی دیکەش دەخاتە لەرزە. لە ئێراندا ویژمانی فیدراڵی دەتوانێ ببێتە هۆی پەیداکردنی هاودەنگ و هاوڕێیی سیاسی لە ناو نەتەوەکاندا. لە هەموو بابەتێک گرنگتر ئەوەیە کە ئەگەر ئێران دەستی بە چەکی ناوکی و کۆکوژ ڕابگات ئەوا بۆ ماوەیەکی دوور هەموو پرسەکان دەکەونە دواوە. ئێران لە کاتی دەستپێڕاگەیشتن بە چەکە کۆکوژەکان، مەترسییەکانی هەڵوەشانەوەی عێراق و سوریا پینە دەکاتەوە.

کورد وەک نەتەوەیەکی چل میلیۆنی بێ دەوڵەت ئەگەر خاوەن ستراتیژییەکی تۆکمە بێ دەتوانێ ڕۆڵێکی گەورەی ئەرێنی لە پڕۆسەی سیاسی ناوچەکەدا ببێ.

کۆتایی باس ئەوەیە کە دروشمی سەربەخۆیی کات و هەلومەرجی خۆی دەوێ، ئەرکی شۆڕشگێران لەم چاخەدا گەشەی پرسی نەتەوەگەرییە لە ناوخۆ و لە ناوچەکەدا. ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین گۆڕانکاری درووست ئەکا پرسی نەتەوە و خاکە.پرسی سەربەخۆیی دەبێ لە هەلومەرجی خۆیدا بێتە ئاراوە چونکا ئەگەر بزووتنەوەیەکی سیاسی هەر لە سەرەتاوە بەر لە ئەزموون کردنی سیستمگەلی وەک خودموختاری، فیدراڵی باسی سەربەخۆیی بهێننە ئاراوە، ئەوا پرسەکە بە هۆی دوور و درێژی خەباتەوە دەسوێت و لە لایەن بەردەنگەکانە کەم بایەخ و ئاسایی دەبێتەوە.

هەندێک ناوچە لە جیهاندا هەن کە هیچ بایەخێکی ژیئۆپۆلیتیک و ژیئۆ ئیکۆنۆمی نییە هەر بۆیە بزووتنەوە سیاسییەکانی ئەو ناوچەگەلە بە بێ زەختی فرە دەتوانن پرسی سەربەخۆیی بێننە ئاراوە بەڵام بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوین و بە تایبەتیتر کوردستان بابەتەکە جیاوازە و خویندنەوەی ورد و زانستی پێویستە.

# دەرفەتی یەکگرتوویی

## ناوەندی هاوکاری هێزە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵات وەک نموونە

**عەلی سۆرانی**



لە شۆڕشەکەی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهرییەوە تا بە ئێستا ئەگەر چاوێک لە مێژووی خەباتی کورد دژی داگیرکەر بکەین بەردەوام هەڵەیەکی کوشندە زەقە و زیاتر لە هەر فاکتەرێکی دیکە خۆی دەنوێنێ ئەویش ناتەبایی و یەکنەگرتوویی هێزی کورد بووە لە بەرامبەر دوژمنانیدا و ئەم خەسارە مەزنە وای کردووە ڕەوشتێکی دزێوی وەک خەیانەت و دووبەرەکی ببێت بە چەکێکی مەترسیدار لەپێناو سەرکوتی خۆجێی خەبات و تێکۆشانی ئەم نەتەوە.

سەیر ئەوەیە کاتێ لاپەڕەکانی مێژوو ئەخوێنیتەوە یاخود کەسێک لەسەر مێژووی خەباتی ئەم نەتەوە قسە دەکات دەسبەجێ ناتەبایی، یەکنەگرتوویی و خەیانەت بە توخمی شکستی سیاسەت و پلانەکانی کورد دائەنێ و کەس نییە کە لەم بابەتە حاشا بکات.

لاپەڕە بە لاپەڕەی مێژووی ئەم گەلە چەوساوە لێوانلێوە لە نەهامەتی نەبوونی یەکڕیزی و یەکگرتوویی و ئەمەش بەهێزترین چەکێ بووە کە بە بێ بوونی دوژمنانی چوار دەوری ئەم نەتەوە بەردەوام خەساری بنەڕەتی لە هیوا و ئاواتەکانی ئەم گەلە داوە.

شەڕی براکوژی و خۆسەپاندن لە هەموو پارچەکانی کوردستان و ئاژاوە و دووبەرەکی نێوان هێزە سیاسی و چەکدارەکانی ئەم نیشتمانە دابەشکراوە، هۆکارێکی دیارن بۆ زاڵبوونی دوژمنان بەسەر جوگرافیای کوردستاندا. بەداخەوە لە کەمتر قۆناخێکی مێژوودا دەبینین لەنێوان هێزە کوردییەکانی هەموو پارچەکاندا یەکڕیزی و یەکگرتوویی بوونی هەبووبێ. یەک دوو نموونە نەبێ چیدی کەس ناتوانێ باسی یەکگرتووبوونی ئەم نەتەوە بکات. دیارە لەوانەیە فرەزاراوەیی و فرەچەشنیی جوگرافیای سروشتی ئەم نیشتمانە و نەبوونی زمانێکی یەکە و ستانداردی کوردی کە لە هەموو بەشەکانی کوردستان کاری پێ بکرێت ڕێگەخۆشکەر بووە بۆ ئەم بابەتە و هەر ئەمەش بووەتە بەهێزترین چەک بە دەستی دوژمنانەوە تا بە خراپترین شێوە بۆ زەربەلێدان لە کورد و شۆڕشەکانی کەڵکئاژۆی لێوەربگرن.

شەڕی نێوان هێزە کوردییەکان هەر هەموویان بەرهەمی نارەسەنی، ناتەبایی و خۆبەزلزانی هێزە کوردییەکان بووە کە ناوە ناوە و قۆناخ بە قۆناخ لە قەبارە و شێوازی جۆرواجۆردا خۆی نوێ دەکاتەوە.

سەرنەگرتنی کونگرەی نەتەوەیی کورد و ڕووداوەکانی کوردستانی باکوور، ڕۆژئاوا، باشوور و پرش و بڵاوی حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕاستییەکمان بۆ زیندوو دەکەنەوە ئەویش ئەم بابەتەیە کە هێزی کورد شانبەشانی دوژمنەکانی هەنێجار زەربەی کوشەندەتری لە خودی کورد داوە و ئەمە دەرد و برینێکی قووڵە کە ئەم گەلە لەمێژە پێوەی دەناڵێنێ.

بۆیە لە وەها حاڵەتێکدا و بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو خەسارانە پێکهێنانی چەتر، بەرە، ناوەند و یان هەر ناوێکی دیکە کە بتوانێ هێزی کورد بە شێوەیەکی درووست و ئامانجدار لە دەور یەکتر کۆ بکاتەوە و وزە و هێزی ناتەبا و نایەکگرتووی ئەم هێزانە لە قەبارەیەکی یەکدا پێناسە بکات بێگومان دەرفەتێکی زێڕینە.

چونکوو لە هەموو قۆناخێکدا یەکگرتوویی دەرفەتە و ئەم دەرفەتە دەتوانێ دەرتانی باشت بۆ بڕەخسێنێ و بەرهەمی ناوازە و پڕ دەسکەوتی لێ بکەوێتەوە.

بۆیە لە ئێستادا ناوەندی هاوکاری هێزە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵات دەتوانێ دەورێکی گرینگ و کارا بگێڕێ و بە بەرنامە و پلانی دروست و گونجاو هەموو هێزە سیاسی و یەکە سەربازییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە دەور پلاتفۆڕمێکی هاوبەش و بەرنامەیەکی هەمەلایەنە کۆ بکاتەوە و دەرفەتی ڕووبەڕووبوونەوەی بەهێز لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بڕەخسێنێ و بە زەربەلێدانی کاریگەر و گورجکبڕ بتوانێ خواستی خۆی بەسەر داگیرکەردا زاڵ بکات و لە هەمان کاتدا ڕێگە لە دووبارەبوونەوەی قۆرخکاریی و خەیانەتەکانی ڕۆژئاوا و باشووری کوردستان بگرێت.

دیارە ئەم هەنگاوە بەنرخش تەنیا و تەنیا کاتێ دێتە دی کە ڕوانگەی خۆبەزلزانی لەنێو حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ باوەڕمەندبوون بە دەنگی خەڵک و سندووقەکانی دەنگدان بگۆڕدرێ و لەسەر ئەم واقیعە خوێندنەوەی زیاتر بکرێت کە سەردەمی ئێستا جیاوازی زۆری لەگەڵ پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی پەنجاوحەوت هەیە.

ئەم ناوەندە بۆ تیۆریزەکردنی خۆی دەبێت خۆی لە سوورانەوە لە بازنەی فیکریی تەنگەبەر دەرباز بکات و بۆ دۆزینەوەی ئاسۆی نوێ و شوێندانەربوون لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان ڕوو بکاتە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و ببێت بە بەشێک لە چییەتی کۆمەڵگای کوردستان.

بۆ هەنگاوە سەرەتاییەکانیش دەبێ حیزبەکان خاوەنی یەک پلان و بەرنامەی دیاریکراو و لە هەمووی گرینگتر یەک گوتار و ئەدەبیاتی سیاسی لە شۆڕشدا بن تا ڕێگە لە دووبەرەکی و هەڕەشەی ئینشعابی فیکری و سەربازیی لەنێو خۆیاندا بگرن. هەر چەند پاش بە ئاکام گەیشتنی ئامانجەکانی ئەم ناوەندە جیاوازی ئەدەبیاتی سیاسی و فکری بەڕێوەبەری و ئینشعاب دەتوانێ لە قۆناخی پاش ڕزگاری نەتەوەیی و خزمەتگوزاری بە کوردستان وەک دەرفەت سەیر بکرێت.

بەم پێیە ئومێد ئەکرێ ئەم دەرفەتە بە چارەئەندێشی و بەڕێوەبەرییەکی دڵسۆزانە و نیشتمانپەروەرانە لەبار نەچێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بۆ بەرەنگاربوونەوەی کۆتایی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران و گۆڕینی باڵانسی دەسەڵات لە ناوچەکەدا بەهێزتر و پتەوتر بکرێت.

# کوشتوبڕ؛ بەردی بناغەی دەسەڵاتی بەناو مودێڕنی ئێران

**کەیوان دروودی**

هەتا کۆتایی سەردەمی قەجەرەکان کە لە کوودەتای ١٢٩٩ بە نیوەچڵی دەسەڵاتیان ڕادەستی ڕەزاشا کرد؛ وشەیەک بەناوی "ئێران" بۆ ناوهێنانی ئەو جوغرافیایەی ئێستە بەو ناوە دەناسرێ، بەکار نەبراوە. تا ئەو سەردەمە لە چوار چمکی ئێران، دەسەڵاتە خۆجێییەکان لەسەر کار بوون کە هەرکامە کونترۆڵی ناوچەیەکی لەدەستدا بوو. کەوایە مێژووی بەڕێوەبەری بەشێوازی یەکێتی (اتحادیەای) لە ڕووی قەوارەی سیاسییەوە تا ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە و لەدوای هاتنەسەرکاری ڕەزاشا بوو کە - لەژێر کاریگەریی هەوڵەکانی مستەفا کەماڵ ئاتاتورکدا بۆ مودێڕنیتە کردنی پاشماوەی عوسمانی و پێکەوەنانی "تورکیەی نوێ" - دەست کرا بە سەپاندنی بەڕێوەبەرییەکی یەک کاسە لە قەوارەی سیاسی لەو جوغرافیایەدا.

بەم پێشەکییەوە، دەبێ بخزێینە ناو ئەو باسەی کە ئیدیعای بەردەوامیی ئیداری لە مێژووی ئەو جوگرافیایە، یەکانگیری و هەمەگیریی دەسەڵاتی سیاسی چۆنە، لە کوێوە سەری هەڵداوە و پشتبەستوو بە چ فاکتورگەلێکە؟

لەڕاستیدا ڕەزاشا کە پلەی نیزامیی یەک لە دوای یەک تێپەڕاندبوو؛ تەنیا کەسێکی نیزامی بوو و لە ڕەوتی کوودەتایەکدا و بە ئاراستەی ئاجێندای ئینگلیسییەکاندا هاتە سەر کار. لە ساڵی ١٢٩٩ کە دەسەڵات لە کونترۆڵی ئەحمەدشای قاجار دەردەچێ، ڕەزاشا هەر لە دەسپێکدا بیر لە یەکپارچە کردنێک دەکاتەوە کە لە نێوئاخنیدا ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، مێژوویی و کولتووری و تەنانەت ئابووریی پێکهاتەکان دەکرێتە ئامانج.

ترۆپکی ئەم هەوڵە بۆ سانترالیزەکردنی دەسەڵات بەرەو تاران لە نێوان ساڵەکانی ١٣٠١ بۆ ١٣٠٨ دەبێ و هەتاکوو چوار ساڵ دواتریش بەشێوەی بڕگەبڕگە درێژەی دەبێ.

هاوکات لە تەک ئەم بڕگەیە، پڕۆژەی مودێڕنیزاسیۆنی "ئێران" دەست پێدەکات. پڕۆژەیەک کە پشتبەستووە بە دەسەڵاتی بەهێزی سانترالیزە بۆ دەسخستن، ڕاگرتن و بەهێز کردنی "دەوڵەت نەتەوەیەک"ی یەک ناسنامەیی. یەکەیی بەو واتایە کە یەک نەتەوە مێژوو دەنووسێتەوە، زمانی "نەتەوەیی" دادەڕێژێ و ناسنامەی تاکی ئێرانی لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمی مێژوویی و کەونگەرایانە (ئارکائیک) هەڵدەچنێ.

ڕێک لێرە بەولایە کە کۆمەڵێک ڕووناکبیری دەرباری دەست پێدەکەن بە گێڕانەوەی مێژوویەک لە ئێران و ئەم گێڕانەوەیە دەکەن بە بنەڕەتی شێوازی مودێڕنیزاسیۆنی ئێرانی. ئەم خوێندنەوەیە کە لە خۆیدا هەڵگری کۆمەڵێک چەمک و شرۆڤەی تاکڕەوانەیە، هیچ ڕێگایەک جیا لە دەوڵەتی بەهێزی ناوەندی لە بەردەم شا یان فەرمانڕەوادا ناهێڵێت.

ئیسلام، ئیتنیسیتەکان، زمان و زاراوەکان و دەسەڵاتەکانی دەرەوەی دەربار لەو فاکتەرانەن کە وەکوو "ئەویتر"ی ئەم ناسنامەسازییە پێناسە کراون. ئەمەش واتە تەریکخستنەوەی هەنگاوبەهەنگاو و لە کۆتاییدا سڕینەوەیان بەهەر ئامرازێ کە بلوێ.

پڕۆسەی عالیقاپوو

گەڵاڵەی نیشتەجێ کردنی کۆمەڵ کە ئەوکات بەشێوەی کۆچەری دەژیان لەبەرچاوترینی ئەو ڕێوشوێنانەیە کە لەلای ڕەزاشاوە لەپێناو جێبەجێ کردنی بیرۆکەی دەوڵەت – نەتەوەی مودێڕن دەستی پێکرد. بۆ ماوەی نزیک بە دوازدە ساڵ هێرشێکی گشتگیری هاوشێوەی شەڕێکی ناوخۆیی سەرجەم جوگرافیای ئێرانی لە چوار چمکەوە گرتەوە. لەم پڕۆسەیەدا شێوەژیانی خەڵکانی کۆچەر کە زیاتر لە نەتەوە بندەستەکان بوون، کرایە ئامانجی بیرێکی دەسکردی هاوردە کە تەنیا بە تێکدانی ڕەوتی ئاسایی ژیانی ئەو خەڵکانە جێبەجێ دەکرا. لێرەدا بوو کە سەندرۆمی فاشیزمی موسیلینی و ئاتاتورک لەسەر سەحنەی سیاسیی دەرکەوت.

لە ماوەیەکی کورتدا بێ ئەوەی جێگرەوەیەکی ئاوەزمەندانە بۆ ستراکچێری فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئابووری (سەرچاوەی داهات و بژێوی ) لەبەرچاو بگیردرێ هەموو ئەم بەشانە لەپێناو حەزە بێسنوورەکانی فاشیزمی سەڵتەنەتی خاپوور کران. ئەم مودێڕنسازییە کە بێ سڕینەوەی پەراوێزەکان و زاڵبوونی پێکهاتەیەک بەسەر ئەوانیتردا نەدەلوا، تەنیا یەک جۆر دەسەڵاتی بەرهەم دەهێنا کە ئەویش تۆتالیتاریزمی پەڕگیری ڕەها بوو. لە لووتکەی ئەم دەسەڵاتەدا کەسێک هەڵکەوتبوو کە بە چەپڵەی دەرباری قاجار و پشتگیریی وڵاتی ئینگلیس بە پۆستەکەی گەیشتبوو و وڵاتی وەکوو تاقیگەی مشک و خەڵکەکەی وەکوو مشکی تاقیگە دەبینی و گەرەکی بوو لە مێتۆدی "ئەزموون و هەڵە" بەختی خۆی بۆ سەرخستنی بیرۆکەیەکی بەرتەسک تاقی بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش تەفروتوونا کردن، کوشتن و ژیاندنەوە وەکوو ئامرازەکانی گەیشتن بە ئامانج دادەنرا.

هێرشی سەر بەلووچستان لە یەکەم هەنگاوەکان بوو. لە بەلووچستانی ئەودەم، دەسەڵاتێکی خۆجێی بە سەرۆکایەتیی دۆست موحەمەدخان هەبوو. لەژێر ئەم دەسەڵاتەدا کارگەکانی کوتاڵ و بەرگدووری، کشتوکاڵ، باج وماڵیاتی سەر داهات هەبوو و هێزێکی ئینتزامی بەناوی "کووتواڵ" ئەرکی پاراستنی تەکووزی و ژیانی هاووڵاتیانی بەلووچی لە ئەستۆ بوو و دەسەڵات بەشێوەیەک لە نێوان متمانەپێکراوانی ناوچە جیاجیاکاندا دابەش کرابوو. بە هێرشی ڕەزای میرپەنج بەلووچستان دوای هەناسەدانێکی کورت لە نێوان وەلانرانی قاجارەکان و دانانی شای نوێ لەلایەن ئینگلیسەوە؛ دیسان بووە جێی ڕمبازێنی هێزێکی داگیرکار.

لەو زنجیرە بەرگرییەی کە بەلووچستان تۆماری کرد، سەدان کەس گیان لە دەست دا و لە کۆتاییدا هێزی شا سەرکەوت. هەر ئەم سێناریۆیە لە ئازەربایجان، کوردستان و هتد ڕووی دا. کۆمەڵکوژیی کۆچەرە لوڕەکان یەکێک لەو کوشتارە ناسراوانەیە کە تا هەتایە بەنێوچاوی داهێنەرانی بیری فاشیزمی ناوەندگەراوە دەمێنێ.

ڕێگری لە هاتوچۆی توولەڕێگاکانی هاتوچۆ، دانانی دیوار و ڕاکێشانی تەلبەند بڕستی لە خەڵکی ناوچە لوڕنشینەکان بڕی و سەرەڕای بەرگرییەکان لە کۆتاییدا لەبەر بێدەرەتانی و برسییەتی و بڕانی سەرچاوەی بژێوی ئەوانیش پێیان نەکرا درێژە بە ژیانیان لەو بارودۆخەدا بدەن.

بۆ ئەوماڵکاولییەی سەر نەتەوەکان ئەو پاساوە دەهێننەوە کە گوایا پەراوێزنشینان لە قۆناغی شێوەژیانی "دواکەوتووانە"ی کۆچبەری مابوونەوە و پێویستیان بە عەقڵییەتێکی "پێشکەوتوو" و بەڕێوەبەرییەکی نوێگەرا بوو تا لە بەردەبازی مودێڕنیتەوە بیانپەڕێنێتەوە.

دانانی پلان و داڕشتنی نەخشەڕێگای پێشکەوتنێ کە بە قیمەتی ڕێگری، کوشتن و بڕین و ڕفاندنی خەڵک بێ، تەنیا لای کەسانێک ئەتوانێ پاساوهەڵگر بێ کە بۆ خۆیان لەم تاوانە بەشدار بوونە یان بە بەشدار دەناسرێن. ئەم گەڵاڵە کە ئێستەش شوێنەواری بەسەر ژیانی ئەو خەڵکانەوە دیارە و هێشتا هەژاری، دەسکورتی و پشتگوێ خراوییان پێوە دیارە بەڕای داڕێژەرانییەوە خزمەتێک بووە بۆ بووژاندنەوەی ئێرانی کەون لە سەردەمی هاوچەرخدا! نموونەی ئەم خزمەتە تەنیا ئەو لەشکر و هێزانە کردوویانە کە ئیرادەی دەسەڵاتی داگیرکەریان بەسەر ماڵ و ژیان و نیشتمانی وڵاتاندا زاڵ کردووە.

# بەجیهانیبوون: دەرفەت یان هەڕەشە؟

ستافی سندووقی نێودەوڵەتی

وەرگێڕان: فەرهاد سلێمانپوور




١.پێشەکی

چەمکی بەجیهانیبوون بارێکی سۆزدارانەی گرتووەتە خۆ. لە لایەکەوە هێندێک بە پرۆسەیەکی سوودمەند، نەگۆڕ و بەردەوامی دەزانن کە هۆکارێکە بۆ پەرەپێدانی ئابووریی جیهان، لە لایەکی دیکەوە هێندێکی تر بە ڕق و ترسەوە دەڕواننە ئەم چەمکە و پێیان وایە لە ئاستی ناوخۆ و جیهاندا نایەکسانی زۆر دەکات و بە هەڕەشەی دەزانن بۆ سەر هەلی کار، خۆشگوزەرانی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی. ئەم ڕوانینە بۆچوونێکی گشتییە لە سەر بەجیهانیبوون و دەیەوێ بە چاوێکی واقعبینانەوە وزە شاراوە و مەترسییەکانی پرۆسەکە دەسنیشان بکات تا وڵاتان سوودی لێ ببینن.

ئەگەرچی بەجیهانیبوون نابێتە هۆی پێشکەوتنێکی یەکسان، بەڵام دەرفەتێکی لەبار بۆ پەرەپێدانی جیهان دەڕەخسێنێت. هێندێک وڵات لە چاو وڵاتانی تر خێراتر تێکەڵاوی ئابووریی جیهانی دەبن و بەهۆی ئەو تێکەڵاوبوونەوە زیاتر گەشە دەکەن و ڕێژەی هەژارییان کەمە. سیاسەتی کراوە (ڕوو لەدەر) لە وڵاتانی باشووری ئاسیا دینامیزم و پاڵنەرێکی بەهێزی ئەم پێشوەچونە بوو، واتە ئەو بەشەی جیهان کە ٤٠ ساڵ لەمەوبەر یەکێک لە ناوچە هەژارەکان بوو ئێستا بووەتە هەرێمێکی پێشکەوتوو. بەرزبوونەوەی ئاستی بژێویی ئەم ناوچەیە بووە هۆی پەرەسەندنی دێموکراسی و پرسە ئابوورییەکانی وەک ژینگە و ستاندەری کارکردن.

بە پێچەوانەوە، کاتێک وڵاتانی ئەمریکای لاتین و ئەفریقا لە دەیەی ١٩٧٠ و ١٩٨٠ سیاسەتی داخراویان (ڕوو لە ناوخۆیان) گرتەبەر، ئابوورییان هەرەسی هێنا، ڕێژەی هەژارییان زۆر بوو و هەڵاوسانی بەرز بوو بە دیاردەیەکی ئاسایی. لە زۆر حاڵەتدا، بەتایبەتی لە ئەفریقا، کاریگەریی دەرەکی زیانباری پەرەپێدان کێشەکەی زیاتر کرد. کاتێک وڵاتانی ئەم ناوچەیە سیاسەتەکانیان گۆڕی، ئاستی داهاتیان زۆر بوو. وەرچەرخانێکی گرنگ بەڕێوە بوو. لایەنگریی لەم ڕەوتە و دژایەتینەکردنی باشترین ڕێگەیە بۆ گەشەپێدان، پەرەپێدان و کەمکردنەوەی هەژاریی. قەیرانی ١٩٩٠ی بازاڕە تازەسەرهەڵداوەکان ئەم ڕاستییەی نیشان دا کە دەرفەتی بەجیهانیبوون بەدەر نییە لە مەترسیی —مەترسی هەڵبەزدابەزی (ناجێگیری) سەرمایە، کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و، تێکدانی ژینگە کە بە هۆی هەژارییەوەیە. بەڵام ئەمانە نابێ بیانوویەک بن بۆ گرتنەبەری ئاراستەیەکی پێچەوانە، چارەسەرکردنی سەرجەم نیگەرانییەکان —لە وڵاتانی پەرەئەستێن و پێشکەوتوو و بۆ وەبەرهێنەریش- ئەوەیە کەوا بۆ بەهێزکردنی ئابووری و سیستەمێکی دارایی بەهێزی جیهانیی کە دەبنە هۆی گەشەی خێرا و کەمبوونەوەی هەژاریی، سیاسەتەکانیان بگۆڕن.

چۆن دەکرێ یارمەتیی وڵاتانی پەرەئەستێن، بەتایبەت وڵاتانی هەژار بدرێت تا لە ڕەوتەکە بەجێ نەمێنن؟ ئاخۆ بەجیهانیبوون هۆکاری نایەکسانیی زیاترە، یان هۆکارێکە بۆ کەمبوونەوەی هەژاریی؟ ئاخۆ ئەو وڵاتانەی کە تێکەڵاوی ئابووریی جیهان دەبن مەرجە، تووشی زیان و ناسەقامگیری بن؟ لە بەشەکانی تردا ئەم پرسیارانە وڵام دەدرێنەوە.

٢. بەجیهانیبوون چییە؟

"بەجیهانیبوونی" ئابووری پرۆسەیەکی مێژوویییە و ئاکامی داهێنان و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیایە. ئاماژەیە بە تێکەڵاوبوونی زیاتری ئابووریی جیهان، بەتایبەت بە هۆی وجارەی بازرگانی و داراییەوە . هێندێک جار ئەم چەمکە بە واتای جووڵەی خەڵک (کرێکار) و زانیاریی (تەکنەلۆجیا) نێوان وڵاتانە. بەجیهانیبوون ڕەهەندی سیاسی و فەرهەنگی و ژینگەیی هەیە کە لەم نووسینەدا باس ناکرێن.

بە گشتی بەجیهانیبوون چەمکێکی ڕوونە. ئەم چەمکە لە ١٩٨٠وە بەکارهێنراوە و ڕەنگدانەوەی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیایە کە کارئاسانی بۆ ئاڵوێری نێوان وڵاتان کردووە —هەردوو لایەنی وجارەی دارایی و بازرگانی. بەجیهانیبوون ئاماژەیە بە بەرفرەبوونی لایەنەکانی بازاڕ لە دەرەوەی سنووری وڵات، واتە بەرفرەکردنی ئەو لایەنانەی کە چەندین سەدەیە لە بواری ئابووریدا چالاکن -بازاڕی گوندەکان, پیشەسازیی شار و ناوەندەکانی دارایی.

بازاڕ لە ڕێگەی ڕکەبەرایەتی و دابەشکردنی کارەوە ئاستی کارامەیی زیاتر دەکات -بەپسپۆڕیکردنیش وائەکات خەڵک و ئابووری زیاتر بایەخ بەو شتانە بدەن کە خۆیان بە باشی دەزانن. بازاڕی جیهانی کەشێکی لەبار بۆ سوودوەرگرتنی زیاتری خەڵک دەڕەخسێنێ و بازاڕ لە ئاستی جیهاندا بەرفراوان دەکات. ئەمەش واتە زیاتر دەستیان بە وجارەی سەرمایە، تەکنەلۆجیا، هاوردەی هەرزانی شمەک و هەناردەی زیاتر ڕادەگات. ئەو سوودەش کە لە سۆنگەی کارامەیی زیاتری بازاڕەوە وەچنگ دەکەوێ، مەرج نییە بەرهەمی تێکۆشانی هەمووان بێت. وڵاتان پێویستە لەم پێناوەدا سیاسەتی پێویست بگرنە بەر و وڵاتانی هەژاریش پێویستە لەم ڕووەوە پشتگیریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەن.

٣.گەشەی ناتەریب، نایەکسانیی قووڵ: ڕەوتی داهاتی سەدەی بیستەم

بەجیهانیبوون دیاردەیەکی ئەمرۆیی نییە. شرۆڤەکاران پێیان وایە نزیکەی سەد ساڵە ئابووری بەجیهانی بووە. بەبەراورد لەگەڵ پێشتر خزمەتگوزارییەکانی بازرگانی و دارایی پەرەیان سەندووە و بەقووڵی تێکەڵاو بوونە. لایەنێکی بەرچاوی ئەم تێکەڵاوبوونە بازارەکانی داراییێن کە بە هۆی پێوەندیی هاوچەرخی ئەلکترۆنییەوە هاتوونەتە دی.

لە سەدەی بیستدا گەشەی ئابووری ناتەریب بوو و GDP سەرانەی جیهانیش پێنج هێندە زیادی کرد بەڵام ئەم گەشەکردنە بەردەوام نەبوو، -پەرسەندنی بەرفرەی زۆر لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستدا بەدیهات. قۆناخێک کە ئەم گەشەکردنە خێرایەی بازرگانی، هاوکات بوو لەگەڵ بازرگانیدا -و دواتریش تا ڕادەیەک لەگەڵ لیبرالیزەکردنی داراییدا. وێنەی a١ سەدەی بیستی بۆ چوار قۆناخ دابەش کردووە. [1]لە سەردەمی شەڕدا جیهان پشتی لە ئەنتەرناسیۆنالیزم —یان ئەوەی ئێستا کە بە بەجیهانیبوون ناسراوە- کرد و وڵاتانی جیهان گەڕانەوە بۆ سیستەمی ئابووریی داخراو ، سیاسەتی پشتگرانە و کۆنترۆڵکردنی زۆری سەرمایە. ئەمەش هۆکاری سەرەکیی داڕمانی ئابووری ئەو سەردەمە بوو، واتە کاتێک کە گەشەی داهاتی سەرانە لە ماوەی ١٩١٣ تا ١٩٥٠ بۆ کەمتر ١٪ کەمی کرد. لە نیوەکەی تریشیدا ڕێژەی دانیشتووان زۆر زۆری کرد، گەشەی داهاتی سەرانە زیاتر لە ٢٪ بوو، دوای شەڕی دووەمی جیهانی خێراترین هەنگاو لە وڵاتانی پیشەسازیدا بۆ بوژاندنەوە هەڵنرا.

ڕەوتی نێونجی گەشەی داهاتی سەدەی بیست، زۆر و بەرچاو بوو، بەڵام ئەم پێشکەوتنە لە ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا وەک یەک نەچووە پێش. کەلێنی نێوان وڵاتانی هەژار و زەنگین و هەروەها نێوان دارا و نەدار لە ناوخۆی وڵاتاندا زۆر بوو. لە ماوەی ئەو سەدەیەدا GDPی سەرانەی یەک لە سەر چواری دانیشتوانی دەوڵەمەندی جیهان نزیکەی شەش هێندە زیادی کرد، بەڵام ئەم ڕێژەیە بۆ چارکی دانیشتوانی هەژاری جیهان کەمترە لە سێ هێندە (چەماوەی ١b). نایەکسانی داهات بە شێوەیەکی بەرچاو زیاتر بووە بەڵام وەک لە خوارەوە باس کراوە GDPی سەرانە ناتوانێ هەموو لایەنێکی ئەم بابەتە بخاتە ڕوو ( سەیری بەشی ٤ بکەن).

٤.وڵاتانی پەرەئەستێن: چۆن بە قووڵی تێکەڵاویی ئەم پرۆسەیە بوون؟

بەجیهانیبوون واتە تێکەڵاوبوونی زیاتری بازرگانی و بازاڕەکانی دارایی بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕادەیەک وڵاتانی پەرەئەستێن تێکەڵاوی ئەم ڕەوتەن؟ ئەزموونیان بۆ گەیشتن بە وڵاتانی پێشکەوتوو تێکەڵ بووە. چەماوەی a٢ داهاتی سەرانەی هێندێ وڵات بە تایبەتی وڵاتانی ئاسیا نیشانی داوە کە لە ١٩٧٠وە بە خێرایی لە هی وڵاتانی پیشەسازی نزیک بووەتەوە. ژمارەیەکی زۆری وڵاتانی پەرەئەستێن زۆر کەم پێشکەوتوون یان وەدواکەوتوون و دەرفەتیان لە دەست داوە. بەتایبەتی داهاتی سەرانەی هێندێک وڵاتی ئەفریقا بەراورد بە وڵاتانی پیشەسازی کەمی کردووە و لە هێندێکی تردا ئێجگار زۆر کەمی کردووە. چەماوەی b٢بەشێکی ئەم شرۆڤەی نیشان داوە: ئەو وڵاتانەی کە گەیشتوونەتەوە بە ڕەوتەکە، ئەو وڵاتانەن کە لە ڕووی بازرگانییەوە زۆر گەشەیان سەندووە.

چوار لایەنی بەجیهانیبوون:

□بازرگانی : بەگشتی ڕێژەی بەشداریی بازرگانیی وڵاتانی پەرەئەستێن لە ١٩٧١وە تا ١٩٩٩ لە ١٩٪وە بۆ ٢٩٪ بەرز بووەوە بەڵام چەماوەی ٢b جیاوازیی زۆری نێوان ناوچە سەرەکییەکانی نیشان داوە، بۆ نموونە ئابوورییە بەپیشەسازیکراوە هاوچەرخەکانی (NIEs) ئاسیا زۆر باش چوونەتە پێش، بەڵام وڵاتانی ئەفریقا بەگشتی هەر هەژارن. پێکهاتەی هەناردەی وڵاتان زۆر گرنگە. هەناردەی شمەکی دروستکراوی پیشەسازیی لە هەموو شمەکێکی تر زیاترە بەڵام هەناردەی شتومەکە سەرەکییەکانی -وەک خۆراک و کەرەستەی خاوی- وڵاتانی هەژار لە بازرگانیی جیهاندا زۆر کەم بووەتەوە.

□جووڵەی سەرمایە : چەماوەی ٣ ئاستی بەشداریی زۆریی خەڵک لە بەجیهانیبووندا نیشان داوە کە لە دەیەی ١٩٩٠دا و جارەی سەرمایەی تایبەتیان بۆ وڵاتانی پەرەئەستێن زۆر کردووە. هەروەها ئەم خاڵانەش نیشان دەدات: (a) ئەم زۆربوونە لە دەیەی "ڕاوەستاوی" ١٩٨٠ بەردەوام بوو، (b) لە سەرەتای ١٩٨٠وە پوختەی وجارەی فەرمی "یارمەتی" یان یارمەتییەکانی پەرەپێدان زۆر کەم بوونەتەوە و (c) پێکهێنەرەکانی (پێکهاتەی) وجارەی تایبەتی زۆر گۆڕاوە. وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی دەرەکی بایەخێکی زۆری پەیدا کردووە. هەردووک وەبەرهێنانی کاغەزە داراییەکان و قەرزپێدانی بانکی زیادیان کردووە، بەڵام زۆر ناجێگیرن و لە قەیرانی دارایی کۆتایی دەیەی ١٩٩٠دا زۆر کەمبوونەوە.

□جووڵەی خەڵک : هێزی کار بۆ دۆزینەوەی کار ڕوو لە وڵاتانی تر دەکات. هێشتا ڕێژەکە کەمە بەڵام لە ماوەی نێوان ١٩٦٥تا١٩٩٠ ڕێژەی کۆچی کرێکاری بیانی نیو هێندە زۆر بووە. زۆربەی ئەم کۆچکردنە لە نێوان وڵاتانی پەرەئەستێندا بووە بەڵام کۆچکردن بۆ وڵاتانی پێشکەوتوو هەقدەستی کرێکارانی جیهانی لێکنزیک کردووەتەوە. لە وڵاتانی پەرەئەستێن پۆتانسێلک بۆ گەڕانەوەی کرێکاری شارەزا بۆ وڵاتەکانیان و بۆ زۆربوونی هەقدەستیان، هەیە.

□ بڵاوبوونەوەی زانیاری (و تەکنەلۆجیا) : ئاڵوگۆڕی زانیاری بەشێکی جیانەکراوە و بنەڕەتیی بەجیهانیبوونە، بۆ نموونە وەربەهێنانی ڕاستەوخۆی دەرەکی نەتەنیا بووەتە هۆی زۆربوونی بڕی سەرمایەی فیزیکی، داهێنانی تەکنیکیشی زۆر کردووە. بەگشتی، بە تێچوونێکی زۆر کەم زانیاری لە سەر چۆنییەتی بەرهەمهێنان، تەکنیکی بەڕێوەبردن، بازاڕەکانی هەناردە و سیاسەتەکانی ئابووری لەبەردەستدایە و ئەمەش سەرچاوەیەکی زۆر بەنرخە بۆ وڵاتانی پەرەئەستێن.

حاڵەتێکی تایبەت لە ئابووریدا، پەڕینەوەی وڵاتانی ئابووری پلانمەندە بۆ ئابووریی بازاڕ —ئەم ئابوورییانە زۆر تێکەڵاوی ئابووریی جیهانن- کە لێرەدا بە تێروتەسەلی باس ناکرێت. لە ڕاستیدا، چەمکی "پەڕینەوەی ئابووری " باوی نەماوە (مانای خۆی لەدەستداوە). هێندێک وڵات (وەک پۆڵەند و هەنگاریا) لە ڕووی پێکهاتە و ڕۆخسارەوە زۆر لە وڵاتانی پێشکەوتوو نزیک بوونەتەوە بەڵام وڵاتانی تر (وەک زۆربەی وڵاتانی سەر بە یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو) هەر وەک وڵاتانی پەرەئەستێن لە ڕووی پێکهاتە و دامەزراوەییەوە تووشی کێشەیەکی درێژخایەن بوونەتەوە.

Source: IMF World Economic Outlook Databases: (May ٢٠٠٠), Direction of Trade

١/ Excludes oil exporting countries.

٢/ Consists largely of bank lending.

٥.ئاخۆ بەجیهانیبوون نایەکسانی و هەژاری زیاتر دەکات؟

نێونجی داهاتی سەرانەی جیهان لە ماوەی سەدەی بیستدا زۆر زیادی کرد، بەڵام ئەم زۆربوونە بۆ وڵاتان وەک یەک نەبوو و زۆر جیاواز بوو. ڕوونە کە کەلێنی داهاتی نێوان وڵاتانی زەنگین و هەژار بۆ ماوەی چەند سەدەیە زیاتر بووە. لێکۆڵینەوە لەسەر ئاسۆی ئابووری ٤٢ وڵاتی جیهان (کە نزیکەی ٩٠٪ی دانیشتوانی جیهان پێکدەهێنێت)، داتا و زانیاریی سەدەی بیستی ئەو وڵاتانەی خستووەتە ڕوو. بەپێی داتاکان بەرهەمی سەرانە بە شێوەیەکی بەرچاو زۆر بووە، بەڵام بەبەراورد لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیستدا نایەکسانیی داهاتی نێوان وڵاتانی جیهان زۆر زیاتر بووە.

بەڵام داهات هەموو لایەنەکان ڕوون ناکاتەوە. خۆشگوزەرانی پێوەرێکی تێروتەسەلترە کە دۆخی کۆمەڵایەتی لەبەرچاو دەگرێت، نیشانی دەدات کە وڵاتانی هەژار لەم ڕووەوە پێشکەوتنێکی بەرچاویان بەدەست هێناوە بۆ نموونە، هێندێ وڵاتی کەم داهاتی وەک سریلانکا لە ڕووی نیشاندەری کۆمەڵایەتییەوە باشترە. بەپێی توێژینەوەیەکی ئەم دواییە٢، ئەگەر نیشاندەری گەشەسەندنی مرۆیی (HDI) ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان (UN) بکەین بە پێوەر، واتە دوو پێوەری ئاستی خوێندەواری و هیوا بە ژیان لەبەرچاو بگرین، ئەوا جیاوازییەکە کەمترە (واتە جیاوازیی ئەم دوو پێوەرە لە چاو جیاوازیی داهات زۆر کەمترە).

لەراستیدا کەلێنەکە بەرتەسکتر دەبێتەوە. دەرەنجامێکی گرنگی تری لێکۆڵینەوەکە بەراوردی نێوان "کەلێنی داهات" و "کەلێنی HDI" . ئاستی داهاتی (بە لەبەرچاوگرتنی هەڵاوسان) وڵاتانی هەژار هێشتا لە خوارەوەی داهاتی ١٨٧٠ی وڵاتانی پێشەنگە. کەلێنی داهات بەرینتر بووە بەڵام بەپێی (HDI)دۆخی وڵاتانی هەژار ئێستا زۆر لە وڵاتانی پێشەنگی ١٨٧٠ باشترە. هۆکاری ئەمەش زیاتر بۆ پێشکەوتنی پزیشکی و باشتربوونی ستاندەری ژیان دەگەڕێتەوە کە وایانکردووە هیوا بە ژیان زیاتر بێت.

تەنانەت ئەگەر لە درێژخایەنیشدا کەلێنی (HDI) کەمتر ببێتەوە، هێشتا خەڵکێکی زۆر تووشی زیان دەبن. ئەگەرچی هیوا بەژیان زۆر بووە، بەڵام ئاستی ژیان بۆ زۆر خەڵک باشتر نەبووە و زۆر کەس هێشتا هەر هەژار دەمێننەوە. لە دەیەی ڕابردووشدا بڵاوبوونەوەی ئایدز لە ئەفریقا هیوا بە ژیانی زۆر کەم کردبوو.

ئەمەش وای کرد بۆ کەمکردنەوەی ئاستی هەژاری سیاسەتی پێویست بگیردرێتەبەر. ئەو وڵاتانەی گەشەیان زۆرە، سیاسەتێکی گونجاویان ڕچاو کردووە، بۆیە بەرەبەرە هەژارییان کەم دەبێتەوە. دوادەرئەنجامەکان دەری دەخەن کەوا پێوەندییەکی پێچەوانە و پێبەپێ یەکتر لە نێوان گەشە وکەمبوونەوەی هەژاریدا هەیە. ئەگەر سیاسەتێکی گونجاو و باش -بۆ نموونە ئەگەر سیاسەتێکی گونجاو بۆ خەرجییەکانی کۆمەڵگە- دابڕێژرێ، ئەوا بوار بۆ گەشە باشتر دەڕەخسێ و هەر زوو هەژاری کەم دەکاتەوە. ئەمەش بەڵگەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی گشت داڕێژەرانی سیاسەتی ئابووری وەک IMF، زیاتر و ڕاشکاوانەتر کەمکردنەوەی هەژاری بکەنە ئامانج.

٦.وڵاتانی هەژار چی بکەن بۆ ئەوەی بە خێرایی بە ڕەوتەکە بگەنەوە؟

گەشەی ئاستی گوزەران لەم هۆکارانەوە سەرچاوە دەگرێت: لە کەڵەکەبوونی سەرمایەی فیزیکی (وەبەرهێنان) و سەرمایەی مرۆیی (کرێکار) و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا (ئابووریناسان ئەمانە بە گشت فاکتەرەکانی بەرهەمداریی دەزانن). ٣ زۆربەی هۆکارەکان یان یارمەتیدەرن یان کۆسپێکی بەردەم پرۆسەکەن. ئەزموونی ئەو وڵاتانەی کە لە ڕووی بەرهەمهێنانەوە گەشەیەکی خێرایان کردووە، گرنگیی ڕەخساندنی کەشێکی لەبار کە هۆکارێکە بۆ گەشەی داهاتی سەرانە لە درێژخایەندا، نیشان دەدات. جێگیریی ئابووری، بوونی دامەزراوەکان و ڕیفۆرم لە پێکهاتەدا لانیکەمی ئەو مەرجانەن کە هێندەی جووڵەی دارایی بۆ پەرەپێدانی درێژخایەن گرنگن. پەکەیجی ئەو سیاسەتەی کە مەرجە بۆ بەرەوپێشچوونی ئابووری، پێویستە لایەنی دارایی و تەکنیکی و کەمکردنەوەی قەرز لەخۆ بگرێت. ئەم پەکەیجە لەمانە پێک دێت:

- جێگیرکردنی ئابووریی تەڤ بۆ ڕەخساندنی کەشێکی لەبار بۆ وەبەرهێنان و پاشەکەوت
- گرتنەبەری سیاسەتی ڕوو لەدەر لە ڕێگەی گەشەپێدانی بازرگانی و وەبەرهێنان بۆ کارامەیی زیاتر
- ریفۆرمکردن لە پێکهاتە بۆ هاندانی ڕکابەرایەتی
- دامەزراوەی بەهێز و حکوومەتی کاریگەر (بەکار) بۆ باشترکردنی کار و چالاکییەکانی حکوومەت (حکوومەتی لێهاتوو)
- خوێندن، ڕاهێنان و لێکۆڵینەوە و پەرەپێدان بۆ زیاترکردنی بەرهەمداری
- کارگێڕیی قەرزی بیانی بۆ دڵنیابوون لە بوونی سەرچاوەی پێویست بۆ پەرەپێدانی بەردەوام

بۆ کەمکردنەوەی هەژاری پێویستە ئەم

درێژە لە لاپەڕەی ٧

درێژەی لاپەڕەی ٦

سیاسەتانە لە ستراتیجی وڵاتدا ڕەچاو بکرێت و ئەمەش لەو ڕێگەوە دەبێت کە سیاسەتەکانی کەمکردنەوەی هەژاریی بە وردی لە بودجەدا ڕەچاو بکرێن – کە بریتیین لە تەندروستی، خوێندن و تۆڕی بەهێزی دەستەبەری (ئاسایشی) کۆمەڵایەتی . بەشدارپێکردنی لایەنی تر، وەک راوێژکردن لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی دەرفەتی سەرکەوتن زیاتر دەکات.
وڵاتانی پێشکەوتوو دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ لە یارمەتیدانی وڵاتانی کەمداهات بۆ تێکەڵاوبوون لەگەڵ ئابووریی جیهاندا بگێڕن:
•لە ڕێگەی گەشەپێدانی بازرگانییەوە: یەک لە پێشنیارەکان هەڵگرتنی لەمپەرەکانی بازاڕە لەبەردەم گشت شمەکی وڵاتانی هەژاردا. ئەمەش یارمەتیان دەدات لەو شمەکە بنەڕەتییانەدا پسپۆڕییەتی پەیدا بکەن کە توانایان لە بەرهەمهێنانی شمەکی هەناردەدا زیاتر دەکات.
•هاندانی سەرمایەی تایبەت بۆ وڵاتانی کەم داهات، بەتایبەتی هاندانی وەبەرهێنانی ڕاستەوخۆی دەرەکی و دوو قازانجەکەی واتە وجارەی بەردەوامی دارایی و هاتنی (گواستنەوەی) تەکنەلۆجیا.
•لە ڕێگەی سووککردنی خێرای قەرزەکان و زۆرکردنی پاڵپشتی (یارمەتی) نوێی داراییەوە. یارمەتییە فەرمییەکانی پەرەپێدان (ODA) لە وڵاتانی پێشکەوتوودا لە ١٩٩٨ بۆ ڕێژەی ٠.٢٤ لە GDP کەم بووەوە (بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی ٠.٧ی ئامانجی UN). هەروەک میشێل کامدیسو کارگێڕی پێشوتری IMF دەڵێ: "پاساوی بێسوودبوونی ئەم قەرزانە ڕاست نین –لە ڕاستیدا لە ڕەشبینییەکی زۆری پێوە دیارە- لە کاتێکدا کە وڵاتانی پێشکەوتوو دەیانتوانی لە دەرفەتی ئاشتی ئەو یارمەتییانە سوودیان وەرگرتبا.
IMF لە ڕێگای کەمکردنەوەی هەژاری و ئاسانکاریی و هاندانی گەشەپێدانەوە پشتگیریی ریفۆرم لە وڵاتانی هەژاردا دەکات. IMF یارمەتیی ئەو وڵاتە هەژارانە دەدات کە کەوتونەتە ژێر باری قەرزەوە.٤

٧.ئاسۆی وڵاتانی پێشکەوتوو:
ئاخۆ بەجیهانیبوون بۆ بەرژەوەندیی کرێکاران زیانی هەیە؟
وڵاتانی پێشکەوتووش لە بەجیهانیبوون دەترسن. ئاخۆ ئەو مەترسییە کە ڕکەبەرایەتی "ئابوورییە کەم هەقدەستەکان" دەبێتە هۆی ئەوە شوێنی پیشەی هەقدەست زۆر بگرن و لە وڵاتانی پێشکەوتوودا خواست لە سەر کرێکاری کەم شارەزا زۆر دەکەن، تا چەندە ڕاستە؟ ئایا ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەو ئابوورییانە و کۆمەڵگەیانەدا ڕوو دەدەن ئاکامی ڕاستەوخۆی بەجیهانیبوونن؟
ئابووری بەردەوام دەگۆڕێت و بەجیهانیبوونیش یەکێکە لە ڕەوتە سەرەکییە بەردەوامەکان. ڕەوتێکی تری ئابوورییە پیشەسازییە پێگەیشتووەکان بایەخدانی زیاترە بە خزمەتگوزاری، واتە خزمەتگوزاریی تەوەرن، بۆئەوەی خواستی دانیشتوان پڕ بکەنەوە. ڕەوتێکی ترە هەنگاونانە بەرەو ئەو پیشانەی کە شارەزاییەکی زۆریان پێویستە. بەڵام هەموو بەڵگەکان دەیسەلمێنن کە بە بوون و نەبوونی بەجیهانیبوون ئەم گۆڕانکاریانە روو دەدەن –بەڵام مەرج نییە بەو شێوازە (ڕەوتە) بڕواتە پێش. لەڕاستیدا بەجیهانیبوون ئەم پرۆسەیە ئاسانتر دەکا و بەگشتی لە ڕێگەی دەستخستنی سوودی وجارەی سەرمایە و، داهێنانی تەکنەلۆجیا و هاوردەی هەرزانترەوە، تێچوونێکی کەمتری بۆ ئابووری هەیە. گەشەی ئابووری و، هەلی کار و ئاستی گوزەران بە بەراورد لەگەڵ ئابوورییەکی داخراودا زیاترن.
بەڵام بەر و دەسکەوتەکان لە ناوخۆی وڵاتاندا بە یەکسانی بەر هەموو گروپێک ناکەوێت و هێندێ لایەن گروپ زیانیان پێ بگات. بۆ نموونە، کرێکاری پیشەسازیی کۆن ناتوانن بە ئاسنی بچنە پیشەسازیی نوێ و کار بکەن.
چ سیاسەتێک گونجاوە؟ ئایا پێویستە حکوومەت بۆ پاراستنی هێندێ گروپی تایبەت وەک کرێکاری مووچە کەم یان پیشەسازی کۆن، کۆسپ بخاتە بەردەم بازرگانی و وجارەی سەرمایە ؟ لەوانەیە ئەم سیاسەتە لە کورتخایەندا بۆ هێندێ گروپ باش بێت، بەڵام دواتر تێچوونێکی زۆر دەخاتە سەر ئاستی گوزەرانی زۆربەی خەڵک. یان لەوانەیە حکوومەت ئەو سیاسەتانە بگرێتەبەر کە زیاتر ئابووری لەگەڵ ئابووریی جیهاندا تێکەڵاو بکات و کۆمەڵێک پێوەر بۆ یارمەتیدانی ئەو گروپانەی کە بە هۆی ئەو گۆڕانکاریانەوە زیانیان پێ دەگات لەبەرچاو بگرێت. بەگشتی ئابووری لە ڕێگەی ئەو سیاسەتانەی کە بەهۆی کرانەوەی زیاتری ئابوورییەوە باوەش بەڕووی بەجیهانیبووندا دەکاتەوە، پێش دەکەوێت و لەهەمانکاتدا، پێویستە لەوە دڵنیا بێت کە هەموو لایەک لە سوودەکانی بەجیهانیبوونیش بەشدارە. پێویستە سیاسەتەکانی حکوومەت بایەخ بەم دوو بوارە گرنگە بدات:
•خوێندن و ڕاهێنانی پیشەیی، کە دەرفەتی زیاتر بۆ هێزی کار دەڕەخسێنن و وائەکەن بە پێی گۆڕانکاریی ئابوورییەکی دەینامیەک بەردەوام ئاستی شارەزایی و توانایان زیاتر بکەن، و
•دابینکردنی دەستەبەرێکی گونجاوی کۆمەڵایەتی ئامانجدار بۆ یارمەتیدانی ئەو کەسانەی لە گۆڕانکارییەکاندا کارەکەیان گۆڕاوە یان لەدەست داوە (تووشی جێگۆڕکێ دەبن).

٨.ئایا قەیرانی ناوبەناو ئاکامێکی حاشاهەڵنەگری بەجیهانیبوونە؟
زنجیرە قەیرانی دەیەی ١٩٩٠ -لە مەکزیک، تایلەند، ئەندەنۆسیا، کۆریا، ڕوسیا و بەرازیل- وایانکرد هێندێ کەس قەیرانەکانی دارایی بە ئاکامی ڕاستەوخۆ و حاشاهەڵنەگری بەجیهانیبوون بزانن. پرسیارێک کە لە وڵاتانی پێشکەوتوو و ئابووریی تازەسەرهەڵداوی بازاڕ دەکرێت ئەوەیە کە ئاخۆ بەجیهانیبوون دەبێتە ئاستەنگ لە بڕێوەبردنی ئابووریدا (چوارچێوەی ١).
ڕوون و ئاشکرایە قەیرانەکان بەو جۆرەی کە لە بوونی بازاڕەکانی سەرمایەی جیهانیدا هەن، پەرە ناگرن. بەڵام هیچکام لەم وڵاتانە (پێشکەوتوو و تازەسەرهەڵداو) بە بێ وجارەی دارایی زۆر گەشە ناکەن. قەیرانەکان ئاڵۆزن و دەرەنجامی کارلێکی دوولایەنەی لاوازیی سیاسەتی ناوخۆ و سیستەمی دارایی نێودەوڵەتین . وڵاتان بەتەنیا و کۆمەڵگەی جیهانیش پێکەوە، بۆ کەمکردنەوەی ڕیسکی ئەم قەیرانانەی داهاتوو، هەنگاو هەڵدەگرن.
ئەگەرچی هێندێ وڵات لە ئاستی ناوخۆ لە ڕووی ئابوورییەوە باشن، بەڵام ناتوانن بە تەواوی خۆیان لە بەرامبەر ئەو ڕاتەکانە بەهێزانەد کە لە بازاڕە نێودەوڵەتییەکاندا ڕوو دەدەن، ڕابوەستن. جێگیریی ئابووری تەف، تەندروستیی دۆخی دارایی، ئابووریی کراوە، شەفافیەت و حکوومەتی لێهاتوو (کارزان)، هەر هەموویان بۆ ئەو وڵاتانەی کە لە بازاڕی جیهانیدا بەشدارن، پێویستن. بەڵام هەموو ئەم تایبەتمەندییانە لە یەک وڵاتدا کۆ نابێتەوە.
لە ئاست نێودەوڵەتیدا چەندین هێڵی گرنگ بۆ پێشگرتن لە قەیران هەن. وەبەرهێنەر ناتوانێ بەتەواوی مەترسییەکان هەڵبسەنگێنێت. ڕێکخەر و سەرپەرشتیارەکان لە ناوەندە داراییە سەرەکییەکاندا ناتوانن وەک پێویست (بە وردیی) پەرەپێدان چاودێری بکەن. وەک پێویست زانیاری لە سەر هێندێ وەبەرهێنی نێودەوڵەتی بەتایبەتی لەسەر دامەزراوە داراییە دەرپەرێزەکان واتە ئەو دامەزراوانەی کە خۆیان لە چاودێریی حکوومەت بەدوور دەگرن، نییە. ئەنجامەکەش ئەوەیە کە بازاڕەکان دەکەونە بەردەم مەترسی "کاردانەوەی بە کۆمەڵ "، -گۆڕانی لە ناکاوی هەستی وەبەرهێن و جووڵەی خێرای سەرمایە، بە تایبەتی دارایی کورتخایەن، بۆ هاتن و چوونی بۆ ناوەوە و دەرەوەی وڵات.
کومەڵگەی نێودەوڵەتی لە ڕێگەی بەهێزکردنی بنیاتی سیستەمی دارایی و نەختینەیی نێودەوڵەتییەوە بەردەوام هەوڵ دەدات ڕەهەندەکانی جیهانییەکانی قەیرانەکان چارەسەر بکات. ئامانجێکی سەرەکیی ئەوەیە کە بازاڕەکان بە شەفافیەت، دادپەروەری و کارامەییەکی زۆرەوە ئەرکەکانیان ڕاپەڕێنن. IMF لەم پرۆسەیەدا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت، و لە ڕێگەی بڵاوکراوەکانیەوە زانیاری زیاتر لە سەر بەجیهانیبوون دەخاتەڕوو.٥

چوارچێوەی ١. ئاخۆ بەجیهانیبوون سەروەریی نیشتمانی لە بڕیاڕدانی ئابووریدا لاواز دەکات؟
ئایا تێکەڵاوبوونی ئابووری بەتایبەتی لە ڕووی داراییەوە دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم بەڕێوەبردنی حکوومەت لە ئابووریدا؟ بۆ نموونە حکوومەت لە دیاریکردنی ڕێژەی باج، سیستەمی باجدا و، لە سەربەخۆیی لە سیاسەتی نەختینەیی و نرخی دراودا سنووردارە. ئەگەر وادابنێین وڵاتانی جیهان لە ڕووی گەشەپێدانی بەردەوام، هەڵاوسانی کەم و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییەوە سەرکەوتوو بوون، ئەوا ٥٠ ساڵی ڕابردوو ئەوەمان پێ دەڵێت کە بەجیهانیبوون لەم ئامانجانەی درێژخایەندا بەشدارە؟
لە کورتخایەن وەک لە چەند ساڵی پێشوودا دیتمان، هەڵکشان داکشانی وجارەی سەرمایە دەبێتە هۆی ناسەقامگیریی ئابووریی تەف. کەواتە، لە جیهانێکدا کە بازاڕەکانی دارایی تێکەڵاون، ئەو وڵاتانەی کە هەوڵ بۆ بەرزکردنەوەی جێگیریی دارایی نادەن، بەرەورووی مەترسییەکی گەورە دەبنەوە. ئەم ڕێوشوێنە بۆ کەرتی تایبەتیش پێویستە، چونکە زەحمەتە پێش لە زۆربوونی هەقدەست و نرخ کە دەبنە هۆی لەبەرابردنی ڕکەبەرایەتی (وائەکەن وڵاتە لە ڕکەبەرایەتیدا لاواز بێت)، بگیردرێت. بەڵام مەترسییەکی تر هەیە. هێندێ جار وەبەرهێن -بەتایبەتی وەبەرهێنی کورتخایەن- بە هیواوە دەڕوانێتە داهاتووی ئابووری و سەرمایەیەکی زۆر وەگەڕ دەخا و وجارەی سەرمایەش تەنانەت ئەو کاتەی سیاسەتی ئابووری کاریگەریی نامێنت هەر بەردەوام دەبێت. بەڵام کاتێک ڕوانگەکان دەگۆڕێن لەنەکاو سەرمایەیەکی زۆر لە بازاڕدا ڕادەکێشرێتەوە، ئەمەش دەبێتە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ئابووری.
بەکورتی، بەجیهانیبوون سەروەریی نیشتمانی لاواز ناکات. پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ حکوومەت تا سیاسەتی گونجاوی (تەندروستی) ئابووری بگرێتەبەر. پاڵنەرێکیشە بۆ کەرتی تایبەت تا بەوردی مەترسییەکان شرۆڤە بکات. بەڵام، لەوانەیە وەبەرهێنانی کورتخایەن پڕ هەڵبەزدابەز (زۆر ناجێگیر) بێت.
هەوڵدان بۆ جێگیرکردنی زیاتری وجارەی سەرمایەی نێودەوڵەتی بۆ بەهێزکردنی بنیاتی داراییی نێودەوڵەتی بابەتێکی بنەڕەتییە. لەم ڕووەوە، هێندێ کەس نیگەرانن کە بەجیهانیبوون دەبێتە هۆی تێکچوونی یاسا و ڕێساکان و بەربەست لە بەردەم چالاکییەکانی ئابووریدا. بەڵام بەپێچەوانەوە، -یەک لە ئامانجە سەرکییەکانی بینای داراییی نێودەوڵەتی ئەوەیە کە ستاندەر وکۆدەکان کە بە بناخەی پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان دادەنرێن و پێویستە وڵاتان بەکاریان بهێنن، پەرە پێ بدات.

٩.ڕۆڵی ڕێکخراو و دامەزراوەکان
دامەزراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان کە کولتوورە جیاوازەکان کاریگەرییان لە سەر دادەنێنن، ڕۆڵێکی گرنگیان لە پرۆسەی بەجیهانیبووندا هەیە، کەوابوو واباشترە لە دەرەوەڕا سەیری ڕۆڵی دامەزراوەکان بکەین:
"...ئاکامی تێکەڵاوبوونی زۆری بازاڕەکانی شمەک و دارایی هاوکات بووە لەگەڵ کێشەی بازرگانی و گرفتەکانی ناجێگیریی داراییدا، کە ئەمەش ئاساییە،....... سەیر (سورپرایزەکە) ئەوەیە کە ئەم گرفتانە لە ئەمڕۆدا زۆر زەحمەت نین و تێکەڵاوبوونی بازاڕەکانی شمەک و دارایی زۆر زیاتر بووە.
" یەکێک لە ئەگەرەکان لە لەبەرچاوگرتنی (ئەم سورپرایزەدا) ڕۆڵی جێگیریکردنی دامەزراوەکانە دانراوەکانی ئەو ماوەیە. لە ئاستی نێوخۆدا ئەمە واتە تۆڕێکی ئاسایشی (دەستەبەری) دارایی وکۆمەڵایەتی. لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا واتە WTO و IMF و لێژنەی باسڵی چاودێری بانکەکان . ئەم دامەزراوانە لەوانەیە تەواو نەبن (نەتوانن بەتەواوی ڕۆڵی خۆیان بگێڕن)، بەڵام لە هیچ هەر باشترن، بەسەرنجدان بە پێوەندیی مێژوویی ڕادەی تێکەڵاوبوون لە لایەکەوە و ئاستی ململانێی بازرگانی و ناجێگیریی دارایی لە لایەکی دیکەوە. (parentheses added)

## ١٠. ئاکام

هەرکە بەجیهانیبوون پێشکەوتبێ، ئاستی ژیانی خەڵک (بەتایبەتی کاتێک خۆشگوزەرانی دەکەینە پێوەر) بەشێوەیەکی بەرچاو لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا باشتر بووە بەڵام زۆربەی بەر و دەستکەوتەکان لە لایەن وڵاتانی پێشکەوتوو و هێندێ وڵاتی پەرەئەستێنەوە بەدی هاتوون.
کەلێنی نێوان وڵاتانی فرەداهات و کەمداهات بەرینتر دەبێ و ئەمەش جێی نیگەرانییە. ژمارەیەکی بەرچاوی دانیشتوانی جیهان هێشتا هەر هەژارن بەڵام ئەمە هەڵەیە کە پێمان وابێ بەجیهانیبوون وڵاتان لەیەکتر دوور دەکاتەوە، یان هەوڵ نەدەین گرفتەکان چارەسەر بکەین. بەپێچەوانەوە: وڵاتانی کەم داهات بە هۆی ئەو سیاسەتانەی دەیگرنە بەر و بەهۆی ئەو هۆکارانەش کە لە دەست ئەواندا نین، ناتوانن بە خێرایی وڵاتانی تر تێکەڵاوی بەجیهانیبوون بن. هیچ وڵاتێک تەنانەت هەژارترین وڵاتیش ناتوانێ خۆی لە ئابووریی جیهان بەدوور بگرێت. هەموو وڵاتێک پێویستە هەوڵ بدات ڕێژەی هەژاری کەم بکاتەوە. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێ هەوڵ بدات -لە ڕێگەی بەهێزکردنی سیستەمی داراییی نێودەوڵەتی بەهۆی بازرگانی و یارمەتییەوە- پشتی وڵاتانی هەژار بگرێ بۆ ئەوەی تێکەڵاوی ئابووریی جیهان بن و بە خێرایی گەشە بکەن و هەژارییش کەم بکەنەوە. بەم ڕێگەیە خەڵکی وڵاتان لەوە دڵنیا دەبن کە لە بەجیهانیبوون سوود دەبینن.










### سەرچاوەی بابەتەکە:

*https://www.imf.org/external/np/exr/ib/041200/2000to.htm*
*1 The discussion in this section is elaborated in the World Economic Outlook, International Monetary Fund, Washington D.C., May 2000.*
*2 Nicholas Crafts, Globalization and Growth in the Twentieth Century, IMF Working Paper, WP/44/00, Washington DC, April 2000.*
*3 These issues are explored in greater depth in IMF, World Economic Outlook, May 2000, Chapter IV.*
*4 These are described in the factsheets "The Poverty Reduction and Growth Facility (PRGF) - Operational Issues", and "Overview: Transforming the Enhanced Structural Adjustment Facility (ESAF) and the Debt Initiative for the Heavily Indebted Poor Countries (HIPCs)," which may be viewed at www.imf.org.*
*5 See "Progress in Strengthening the Architecture of the International Monetary System": http:// www.imf.org/external/np/exr/facts/arcguide.ht m and Guide to Progress in Strengthening of the International Financial System: http://www.imf.org/external/np/exr/facts/arcguide.htm.*
*6 Bordo, Michael D., Barry Eichengreen, and Douglas A. Irwin, Is Globalization Today Really Different than Globalization a Hundred Years Ago? Working Paper 7195, National Bureau of Economic Research, Cambridge, MA, June 1999.*

# پەیوەندییەکانی کرماشان و خانەقین لەگەڵ کۆماری ۱۹٤٦ی کوردستان



نەعیم نەجەفی

هاوکات لەگەڵ ئامادەکاری بۆ ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە دەیەکانی ٤٠ی زایینیدا؛ ڕێکخستنەکانی ئەو کۆمارە لە ژێر ناوی "کۆمەڵەی ژ.ک" تا ناوچەکانی خوارووی کوردستان واتە کرماشان و ئیلام و خانەقین پەرەیان بەچالاکیەکانییان دا؛ کەسانێک وەک ئیبراهیم خانی نادری خەڵکی شاری کرماشان، یەدوڵا خانی ڕەزایی خەڵکی شاری گێلان و ڕەشید باجەلان خەڵکی شاری خانەقین بەرپرسی ڕێکخستنەکانی کۆمار لە ناوچەکانی خوارووی کوردستان بوون.

کەسایەتییەکی وەک ئیبراهیم خانی نادری لە ساڵی ۱۲۹۰ی هەتاوی لە کرماشان لە دایک بووە. دوای تەواو کردنی خوێندن لە بەغدا و ئەورووپا و مامۆستایی لە زانکۆی فەڕانسە و زانکۆی ئەفسەری تاران دەگەڕێتەوە بۆ کرماشان و لەوێ ژیانی هاوبەش پێکدێنی.هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، دەچێتە مەهاباد و وەک تەنیا کەسایەتی سیاسی و چەکداری ئەو کۆمارە دێتە ئەژمار و لە لایەن قازی محەممەد، پۆستی سەرۆکایەتی گشتی فەرهەنگی کوردستانی پێدەدرێت کە لە ڕاوێژکارە نزیکەکانی قازی محەممەد بووە؛ میرزا ئیبراهیم خانی نادری وتارگەلێکی زۆری لە سەر پرسی کورد و کەسایەتیگەلی کورد لە مێژوودا بە دوو زمانی کوردی و فارسی بڵاو کردۆتەوە؛ لە ساز کردنی ڕێکخراوی لاوانی پێشڕەوی کوردستان و بەڕێوەبردنی گۆڤارەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە. کەسایەتییەکی دیکەی سەردەمی کۆماری کوردستان لە کرماشان یەدوڵا خانی ڕەزایی بووە، ڕەزایی لە دایک بووی شاری گێڵانی سەر بە پارێزگای کرماشان بووە؛ یەدوڵا ڕەزایی بەرپرسی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ژ.ک لە ناوچەکانی کەڵهوڕ بووە. هاوکاتیش لە گەڵ ڕۆژنامەی گەلاوێژی سەردەمی کۆماری کوردستان بە ناردنی شێعر و وتار و لێکۆڵینەوە بە شێوەزاری کەڵهوڕی و سۆرانی هاوکاری ئەو گۆڤارەی کردووە و لەو سەردەمەدا دەیان لێکۆڵینەوەی دەربارەی حوکمی سیستمی ناوەندی لە ئێران نووسیوە کە تا چ ڕادەیەک هەوڵیان بۆ چەوساندنەوەی کورد داوە و هاوکات هەمیشە جەخت لەسەر سەربەخۆیی کوردی کردووە.

کەسایەتییەکی دیکەی کۆماری کوردستان لە ناوچەکانی خوارووی کوردستان ڕەشید باجەلان خەڵکی شاری خانەقین بووە، ئەم کەسایەتییە بەرپرسی پەیوەندییەکانی کۆماری کوردستان لەگەڵ کرماشان و خانەقین بووە کە لە قازی محەممەدیشەوە زۆر نزیک بووە و تەنانەت قازی محەممەد دەمانچەکەی خۆی بە هەدیە پێشکەشی دەکات کە تائێستاش لای کەس و کاری ماوە و پێش کۆمەڵەی ژ.ک-یش لە دامەزراندنی حیزبی هیوا ڕۆڵی سەرەکیی بینیوە.

لە سەردەمی کۆماری کوردستان چەند کەسایەتییەکی دیکەش بەدی دەکرێن کە لە ناوچەکانی کرماشان ئەرکە نەتەوایەتییەکانیان جێبەجێ کردووە لەوانەش دادە خۆرشە وەک ژنێک کە سەرۆکایەتی عەشیرەی بێوەنیی کردووە لە دەڤەری خانەقین و کرماشان، پاش دامەزراندنی کۆماری کوردستان، کۆمەڵێک چەکداری سەر بە عەشیرەکەی خۆی دەنێرێتە مەهاباد بە ئامانجی بەرگری لە کۆماری کوردستان.

## *بایەخی کرماشان بۆ کۆماری کوردستان

بەپێی هەندێک بەڵگەنامە لە نێوان کرماشان و کۆماری کوردستان پردێکی پەیوەندی هەبووە و نیشانگەلێک لە بایەخی زۆری کرماشان لەلایەن سەرکردەکانی کۆماری کوردستانەوە بەدی دەکرێت، کە ئەمەش ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە کۆماری کوردستان بە ڕۆڵی گرنگی ئابووری و ستراتیژی کرماشان بۆ هاوکێشەی کورد لە ناوچەکە زانیویەتی، کە لە بەشێک لەو سرودە حیماسیانە کە لەو سەردەمە وتراون، تێیاندا بە گرنگی کرماشان ئاماژە کراوە کە لە خوارەوەدا ئاماژە بە بەیتێک لە سرودێکی حیماسی سەردەمی کۆماری کوردستان دەکەین:

نەفتم ئەوێ ژیانە لە سرت و کرماشانە

## *بەرنامە و پلانی کۆماری کوردستان بۆ کرماشان

کۆماری کوردستان پلانی ئەوەی هەبووە کە پەرە بە دەسەڵاتی ئەو کۆمارە بدات و بگاتە ناوچەکانی خوارووتری کوردستان وەک سنە و خانەقین و بە تایبەت کرماشان کە بەپێی لێداونێکی قازی محەممەد بۆ هەواڵنێری فەرەنس پرێس لە ساڵی ۱۹٤٦.ز دەڵێت « ئەگەر فەرمانی هێرش بدەم، لە ماوەی ۳ تا ٤ ڕۆژدا بە ٤٠٠٠ پێشمەرگەوە دەچینە ناو کرماشان، یەعنی گرنگترین شاری کوردستان و ناوەندی تەئسیساتی نەوت؛ بەڵام من دەمەوێ بەرەنگاری خوێنڕشتن بم، هەوڵ دەدەم ئەم پرسە بە گفتوگۆ چارەسەر بکرێت، چون کورد هیچ کات بۆ شەڕ و خوێنڕشتن پێشەنگ نییە» بەڵام کورت بوونی تەمەنی کۆماری کوردستان و دەستێوەردانی دەرەکی، هۆکارگەلێک بوون کە دەسەڵاتی کۆماری کوردستان نەتوانێت بگاتە کرماشان.

سەبارەت بەم بابەتە ویلیام ئیگلتون جونیز لە پەرتوکی کۆماری ۱۹٤٦ی کوردستان دەڵێت: « قازی محەممەد پلانی هەبووە بۆ گەیشتن بە ناوچەکانی خوارووی کوردستان، کە بڕیار بووە لە ۱۳ ژوئەنی ۱۹٤٦ ئەم بەرنامەیە جێبەجێ بکات، لەو ماوەدا قازی محەممەد ئەم ئەرکە دەسپێردرێتە مەناف کەریمی، بەڵام پاشان بە هۆی بەرنگاربوونەوەی شەورەوی، ئەم پلانە جێبەجێ نابێت .

بە گشتی بۆمان دەردەکەوێت کە کۆماری کوردستان بەرنامە و پلانی بۆ گەیشتنی دەسەڵاتی ئەو کۆمارە بۆ کرماشان هەبووە و هەم ئەوەی کە کەسایەتی کرماشانی لە گەڵیاندا بوونە و هەم ئەوەی کە چالاکی نەتەوایەتی پەیوەندیدار بە کۆماری کوردستانەوە لە کرماشان و خانەقین ئەنجامدراوە، کە بەپێی پێشنەکەوتنی تەکنولۆژیا لەو سەردەمە و کەمی ئامرازی پەیوەندی بە بەراورد کردن لەگەڵ ئێستادا، کارێکیی زۆر دژوار بووە کە بەپێی مەودای نێوان مەهاباد تا ئەم ناوچانە بتوانێ ئیشی ڕێکخستن ئەنجام بدەیت و پەیامی خۆت بگەیەنیت بەڵام لەو ماوەدا نە کۆمار گەیشتە ئەم ناوچە و نە کەسایەتی و چالاکە نەتەوایەتییەکان توانییان جموجۆڵێکی جەماوەری لەو ناوچەیە ڕێک بخەن. ئەوەیکە هێز و دەسەڵاتی کۆماری کوردستان نەیتوانی بگاتە ناوچەکانی خواروو و هاوکات سازنەبوونی ڕێکخستنێکی جەماوەری نەتەوایەتی، هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ کورت بوونی تەمەنی ئەو کۆمارە و وابەستەیی لۆجستیکی و سیاسی بە زلهێزەکان و هاوکات دەستتێوەردانی دەرەکی و هەوڵ و تەقالای زۆری دەسەڵاتی ئێرانی ئەوکات لەئاستی نێودەوڵەتیدا، کە ئەمەش پێویستی بە شیکاری وردبینانە و زیاتر هەیە و لە دەرفەتی ئەم نووسینە بەدەرە، لێرە تەنها دەمانویست چەند بەشێک لەو مێژووە بیخەینە بەرچاوی خوێنەران کە زۆر جار شاراوە ماوەتەوە.

**۱: ئەم شێعرە لە لایەن «هەژار» وتراوە و دوایی لە لایەن دو کەسایەتی لە کابینەی وەزیرانی سەردەمی کۆماری کوردستان مەناف کەریمی و مەحمود وەلیزادە مۆسیقای بۆ دانراوە.**

**جمهوری کوردستان، ویلیام ایگلتون جونیز، ترجمه سید محمد صمدی، ص ۱٤۱ جنبش ملی کرد، کریس کوچرا، ترجمه ابراهیم یونسی، ص ۲۱۸– ۲۱۹**
**جمهوری کوردستان، ویلیام ایگلتون جونیز، ترجمه سید محمد صمدی، ص ۱۸۵**

# پێشمەرگە
# لە نێوان پاراستن و ئازادی دا



د. مەسعود ڕۆستەمی

ئایا پێشمەرگە هێزێکی چەکدارە یان فەلسەفەیەکی وجودییە؟ ئەم پرسیارە بە شێوەیەکی شایست نەورووژێندراوە، بۆیەش پێشمەرگە زیاتر وەك هێزێکی چەکدار ناسێندراوە. لەم دیتەوە، لایەنگەلێ هەوڵ دەدەن بوونی پێشمەرگە بخەنە تەرازووی هێزەوە و بکەونە بەراورد کردنی پێشمەرگە و داگیرکەر و ئەنجامی بەراوردەکەش دەبێتە سڕینەوەی پێشمەرگە بەو هۆیەوە کە لە ئاستی هێزدا لەگەڵ داگیرکەر هاوتا نییە! لەم ڕوانینەدا ئەوەیکە لە بەرچاو ناگیردرێ فەلسفەی وجودی پێشمەرگەیە نە ئەو چەکەی لە سەر شانییەتی؛ بۆیە، کاتێ بەراوردی هێز لە بەرژەوەندی داگیرکەر دەشکێتەوە، فەلسەفەی وجودی پێشمەرگەش لای لایەنگرانی ئەم ڕوانینە دەچێتە ژێر پرسیارەوە. ئەوە لە کاتێکدایە، پێشمەرگایەتی فەلسەفەیە و پێشمەرگە هەنگاو دەنێتە نێو جیهانێکی فەلسەفییەوە. بە واتایێکی دی، پێشمەرگایەتی فەلسەفەیە نە چەك و ئەبێ بوون و نەبوونی لەو فەلسفەیەدا هەڵسەنگێندرێ نە لە هاوسەنگی هێز.لە کاتی دامەزراندنی کۆماری کوردستان، ئەرکی پێشمەرگە پاراستنی کۆماری کوردستان بوو. کۆماری کوردستان وەك یەکەم قەوارەی نوێی دەوڵەتداری لە مێژووی کورددا دەناسرێ و هەر لە یەکەم ڕۆژەوە پێشەوای مەزن هەموو هەوڵێکی خستە گەڕ بۆ پێکهێنانی هێزێ کە بتوانێ ئەو قەوارەی دەوڵەتی کوردی بپارێزێ. بۆیە پێشمەرگە لە یەکەم هەنگاودا وەك پارێزەری کۆمار و کوردستان دەرکەوت. گرنگترین هۆکارێ کە پێشمەرگە نەیتوانی ئەو قەوارەیە بپارێزێ هەمان ناهاوسەنگی هێز بوو کە دواتریش ئەو ڕوانینەی بە دواوە بوو کە لە ناهاوسەنگی هێز، بوونی پێشمەرگە بێ مانایە.

سەرەتا و لە قۆناخی کۆماری کوردستاندا، فەلسەفەی وجودی پێشمەرگە پاراستنی کیانی کوردی بوو، لێ دواتر ئەو فەلسەفە وجودییە بەرەو ئازادی گۆڕدرا. لەم قۆناخە بە دواوە بوون و کرداری پێشمەرگە سەرانسەر فەلسەفییە. لە قۆناخی پاش کۆماری کوردستان، پێشمەرگە بۆ ئازادی کورد و کوردستان خەبات دەکات بەڵام ئایا دەکرێ بوونێ، کە لە ئازادی تێنەگەیشتبێ و خۆی بە ئازادی نەگەیشتبێ، بتوانێ بۆ ئازادی نەتەوەیەك خەبات بکات؟ لێرەوەیە کە پێشمەرگە و ئازادی دوانەیەکی لێك جیا نەکراوەن. پێشمەرگە لە هەنگاوی یەکەم بە تێگەیشتن لە ئازادی دەگات. بە واتایەك گەر ئاگاهی بە ئازادی نەبێ، پێشمەرگەش ناتوانێ بوونی هەبێ. ئاگاهی و تێگەیشتن لە ئازادی لای پێشمەرگە، فۆڕمێکی ڕەهایە لە ئازادی. ئەو ئاگاهییەی لە ئازادی کە پێشمەرگە پێی دەگات لە بەستێنێکی داخراودا ناتوانێ لە خۆی بگرێ. بەستێنێ کە باس لە کردار لە چوارچێوەی دەسەڵات و یاسای داگیرکەر دەکات، بەپێی ئاگاهی پێشمەرگە لە ئازادی، جگە لە دیلی شتێکیتر نییە. پێشمەرگە چۆن بە ئازادی ڕەها گەیشتووە، ئەبێ لە بەستێنێکی ئازادیشدا، بە دوای وەدیهێنانی ئازادی بێ بۆیە پێشمەرگە شاخ هەڵدەبژێرێ، چونکە شاخ تەنیا بەستێنێکی ئازادە کە لە ژێر یاسا و دەسەڵاتی داگیرکەردا نییە. ژیانی دژواری شاخ نرخێکە کە پێشمەرگە بۆ تێگەیشتن لە چەمکی ئازادی لە فۆڕمێکی ڕەهادا «پرداخت»ی دەکات. ئاگاهی بە ئازادی و ژیان لە ئازادیدا، هاوزێی پێشمەرگەن. لێ هەر ئاگاهییەك بە ئازادی قەرار نییە ئاکامەکەشی پێشمەرگایەتی بێ. ئاگاهی بە ئازادی و ژیان لە ئازادیدا تەنیا کاتێ ئەبێتە هاوزێی پێشمەرگە کە فەزیڵەتی بوێریشی لەگەڵدا بێ. بە واتایەك هەر تاکێکی کورد کە بە ئاگاهی لە ئازادی بگات، مەرج نییە ژیانی پێشمەرگایەتیش هەڵبژێرێ. ئەوە بوێری وەك فەزیڵەتە کە ئاگاهی بە ئازادی و ژیان لە ئازدیدا پێکەوە گرێ دەدات تا بوونێ بە ناوی پێشمەرگە بخولقێ. لێرەوەیە کە فەلسەفەی وجودی پێشمەرگە نە چەك و شەڕ، بەڵکوو ئاگاهی بە ئازادی و ژیان لە ئازدی و فەزیڵەتی بوێری خۆی پێناسە دەکرێ.

# ئێستا ئێمەی کورد
# لە باشترین کاتی مێژوو ڕاوەستاوین



ڕێبوار مەسعودی

دەربازبوون لە دیکتاتۆری بەرامبەرە لەگەڵ دەرکی سیاسی خەڵک،هەرکات کۆمەڵگا لە بواری سیاسی پەرە بستێنێ، فەرهەنگی سیاسی زیاتر لە ناو وڵات حوکم دەکات و لە ئاخرەوە چاودێری خەڵک لە سەر کاروباری دەسەڵاتداران زیاتر دەبێ، کاتێک خەڵک ببن بە خاوەن دەرک و هەستی سیاسی ئەوکات دێوەزمەی تاریکی راو دەکرێت و ئەسیری خەڵک دەبێ، قسەی گەورەکان ئەوەیە کە (هەر میللەتێک شایانی کەسانێکن کە لەسەریان حوکم دەکات)، مانای دیکەی ئەو قسەیە ئەوەیە کە بەردەوام خەڵکن کە هاوکات لە گەڵ دەرک و هەستی سیاسی کە هەیانە دەوڵەت و حکومەتی خۆیان پێک دێنن، حکومەتە جۆراوجۆرەکان لە وڵاتانی دیکە حوکم دەکەن، جیاوازی ئەم حکومەتە و ڕێژیمە سیاسییەکان جیا لە هەر شتێکی دیکە لەبەر فەرق و جیاوازییەک کە لە ئاستی دەرک و شعوری خەڵکی ئەو وڵاتانەدایە، حکومەتە گەندەڵەکان کە لە کەسایەتییە گەندەڵەکانی خۆیان پێک هاتووە کۆمەڵگا لە بیدایەت بەرەو فەقر و نەهامەتی و لەم ڕێگایە بەرەو گەندەڵی و دزی کە پێویستیان پێیە رادەکێشن، حکومەتی گەندەڵ، کۆمەڵگا بەرەو دوو جەمسەری بوون دەبات کە پێکهاتووە لە خۆمان و غەیری خۆمان جودا دەکاتەوە و هەر بەو بۆنەشەوە هەموو ئیمکانات لە دەستی خۆیاندایە و هەژاری و بێدەرەتانیش هی غەیری خۆیانە کە لە زۆربەی خەڵکی کۆمەڵگایە بارودۆخی ئێستای ئێران کە خەڵکی ناوەندی نەماوە و نمادێکی روونە لە وڵاتێکی دوو جەمسەری کە لە لایەکەوە خەڵکی هەژار زیاد دەکات و لە لایەکی دیکەشەوە سەروەت و سامانی لە دەستی خۆیانە لە ماوەی چوار دەیەی رابردوو جیا لە دەوڵەتی کاتی؛ هەر لە ئیسلاحتەڵەب و ریفۆڕمخواز و ..شاهیدی پێشچوونی پێداویستییەکانی کۆمەڵگا و زیاتر بوونی مەودای نێوان هەژاری و سەرمایەداری بووە؛ وەها کۆمەڵگایەک دوو فەساد تەجرووبە دەکات: فەساد وگەندەڵی کە لە هەژارییەوە سەرچاوە دەگرێ کە زۆربەی خەڵک تووشی دەبن و فەساد و گەندەڵییەک کە دەسەڵاتداران لە هێز و سەروەت تووشی دەبن، ئەم دوو جەمسەرە دێر یان زوو لە بەرامبەری یەک رادەوەستن و لە تێکهەڵچوونیاندا خەڵکی فەقیر و زوڵملێکراو پێش دۆڕاندن راپەرین دەکەن و دەتوانن شکست بێنن بە دیکتاتۆرەکان و حکومەتە گەندەڵەکەیان و ئەمە بە درێژایی مێژوو وابووە و ڕێژیمی ئاخوندی ئێران یەکێکە لەو حکومەتانە کە لە کۆتاییدا بە دەستی خەڵکی زوڵملێکراو دەرووخێت.

لەم ڕێژیمانەدا لەوانەیە بتوانین مەودای نێوان خەڵک و حکومەت لە دوو وشە کورت بکەینەوە پەیوەندیەکەیان وەکوو"ئاشتی سارد" لێ هاتووە، ئاشتی سارد لە دوای مێژوویەکی دێت کە پڕە لە زوڵم و زۆرێک کە فەزای کۆمەڵگا گرژ بووە، کە قاتی شەڕ و سەرکۆت کردنە، پڕە لە ئۆمیدواری و نائۆمیدی. هەر دوو لایەن هەوڵی خۆیان دەدەن کە ئەمنیەتیان هەبێ، حکومەتە دیکتاتۆرەکان هەموو کات هەوڵیان داوە کە خەڵک بکەن بە کۆیلەی خۆیان بۆ ئەوەیکە بەردەوام بن لە حکومەت کردن و خەڵکیش ویستویانە حکومەت بزانێ کە لەگەڵ کۆمەڵگایەکدا تێکەوتووە کە نابێ لەسەر بێدەنگی ئیمڕۆیان حیساب بکات و ناتوانێ رەفتاری داهاتووی خەڵک پێشبینی بکات؛ ئەم دوو دەستە هەمووکات لەگەڵ یەکدا بە شەڕ هاتوون هەرجارەو بە بیانوویەک.

خەڵک هەر کات کە بوونەتە هۆی سەرکەوتنی حاکمە دیکتاتۆرەکانی ئەمڕۆ بەو باوەڕەوە سەیری داهاتوویان کردووە کە هەرکات حاکمەکان لەگەڵیان نەسازێن دەتوانن ببنە هۆی رووخانی ڕێژیمەکەیان و سەرلە نوێ چارەنووس و داهاتووی خۆیان پێک بێنن یان بیگۆڕن، خەڵک بە باوەڕ بەخۆبوونێ کە دوای روخانی ڕێژیمی پاشایەتی تووشی بوون لە بەرامبەر پەیمان و قەرارەکان کە بەڕێوە نەدەچوو توانای ئێعترازیان هەبوو و دەیانتوانی دیکتاتۆر بروخێنن بەڵام شەڕی عێراق و ئێران رووی دا، ئێران دەچێتە ناو شەڕ لە گەڵ عێراق لە دوای راپەڕینی گەلانی ئێران کە تازە دوو ساڵ بوو بە ئەنجام گەیشتبوو بە تەواوەتی لە ناو باتڵاقی شەڕ گیری کرد،لاوانی خۆبەخش و سەرباز بە گیان و جەستەو رۆح و رەوانی خۆیان، بێ ئیمکاناتی ڕێژیمی ئێرانیان قەرەبوو کردەوە، بەڵام ئەوانەی وا شەڕیان کرد و نەکوژریان دوای ڕاگرتنی شەڕ بوون بە دز و مافیا بۆ گیانی خەڵکی ئێران و سەروەت و سامانی وڵات، فەرماندە بوونی خۆیان لە بەرەکانی شەڕ برد بۆ ناو شار و گوندەکان، بوون بە خاوەنی وڵات، بوون بە تاجرانێک کە بە پارە و سەروەت و سامانی حکومەت تجارەت و کاسپیان دەکرد، بوون بە سەردار، بەرپرس، لێکۆڵەر، بوون بە خاوەنی گیان و ماڵی خەڵک، خۆیان داوە پاڵی ئاخوند و ڕێژیمی ئاخوندی و پیری جەماران و قۆپم، پەیوەندییەک کە بۆ هەردوو لایەن قازانجی زۆری تێدا بوو، هەردوو لایەن یەک دەسەڵات و نفوزیان هەبوو و ئەوە خەسارێکی دیکەی گەیاندە خەڵکی ئێران، لە حاڵێکدا کە ئەم دوو هێزە لە تەنیشت یەک بوون بەڵام لە یەک دەترسان کە ئێستایش هەر ترسیان هەیە و گیانیان پێکەوە گرێدراوە.

کاتێک شەڕی ئێران و عێراق راگیرا پشوویەکمان دا، خەڵک ماڵ و ژیان و خۆشەویستەکانیان لە دەست دابوو، فەقر و بێ ئیمکاناتی لە شار و ناوچە سنوورییەکان کە بە درێژایی مێژوو هەبوو زیاتر بوو، خەڵک لە کاتی راپەڕین و دوای شەڕ روویان کردە تاران، ئەو کەسانەی وا لە ناو شەڕدا فەرماندە و سەردار بوون لەگەڵ ئاخووند و مەلاکان پەیوەندییەکەیان زیاتر کرد، بۆ لاوان کە لەو شەڕە هاتنەوە و هەست و سۆزێکی بێ وێنەیان هەبوو و داوای کار و ژیان و رێز و حورمەتیان دەکرد پلانێکیان دانا، پێیان کوتن کە شەڕ لە دژی کافر و غارەتگرو ئیمپریالیزم تەواو نەبووە و تازە دەستی پێکردووە و هەروەها کوتیان کە بەرەی شەڕ ئێستا لە باکووری تارانە کە لەوێ فەسادی ئەخلاقی زۆر و بێ بەندوباری لەوێ پەرەی سەندووە و ئەبێ لە بیدایەتەوە شەڕ لەگەڵ ئەو ژنانەی وا حیجابیان نییە دەست پێ بکەین، ئەوانەی وا لە شەڕ هاتبوون زۆربەیان نەخوێندەوار بوون، بڕوایان کرد و بەم شێوازە بەرەیەکی گەورە بە ئامانجی شەڕ لەگەڵ خەڵک کرایەوە کە ناویان نا "خەبات بەدژی هێرشی فەرهەنگی"، ئەم بەرەی شەڕە ئێستایش هەر بەردەوامە و شەڕ لەگەڵ هەموو نەتەوەکانی ئێرانییە.شەڕ لە گەڵ خەڵک تەنانەت لە ناو زیندانەکاندا لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران دەستی پێ کرد، کوشتن و دەسبەسەرداگرتنی ماڵی خەڵک لە ژێر یاسای ئایینی و ئینقلابی بە توندی دەستی پێ کرد، تا ئێعدام و قەتڵەکانی ساڵی ٦٧ و بێدەنگی گۆڕستانێک کە لە بێدەنگی دەورانی شەڕ قورستر بوو؛ گەیشتین بە دەورانێک کە دەوڵەتی ئەوکاتەی ئێران بۆ بەردەوام بوونی خۆیان لە دەسەڵات، بڕیاریان دا کە سوپای پاسداران ببێت بە دەسەڵاتدار و دەوڵەت لە بواری مادی و ئابووری کۆنترۆڵ بکات، و ئەم بڕیارە بوو بە هۆی ئەوەیکە بوونیان و ریشەی خسوسی سازی لە بەین بچێت؛ کەسایەتییە زۆردارەکانی ناو شەڕ یەک ئامانجی ئابوورییان دەست کەوت و بە زیندان و هەڕەشەی کاربەدەستانی کەرتی تایبەت کە سەروەت و سامانیان لە ناو کۆمپانیا و بازاڕ بوو بە هەڕەشە و زیندانی کردنیان. لە ئاخرەوە ناچاریان دەکردن لەگەڵیان بسازێن و دەبوون بە هاوبەشی سەروەت و سامانیان، ئەمە بوو بە جۆرێک لە یاسای بەڕێوەبردنی ئابووری و سیاسی وڵات و بوو بە ڕێگاخۆشکەرێک کە لە دەورانی ئەحمەدی نژاد کەرتی تایبەت بە تەواوەتی لەنێو چوو .لە ڕێگای پڕ لە هەورازی ئینقلاب و شەڕ و بێ لیاقەتی و گەندەڵی و بێ کەفایەتی کاربەدەستانی ڕێژیم دا بووین کە ریفۆرمخوازەکان بە دڵخۆش کردنی خەڵک و هەروەها شەوق و زەوق و ئۆمید هاتنە سەر کار بەڵام بێ بوونی هیچ پاڵپشتێکی یاسایی، قەتڵەکانی زەنجیرەیی کە لە دەوڵەتەکانی پێشوو شاراوە بوو هاتنە ئاراوە و هەمووی دەرکەوت ، رۆژنامەی جۆراوجۆر هات،ڕێکخراوەکانی ئیسلامی و خوێندکاری ڕوویان کردە ریفۆرمخوازی و دروشمی گۆڕانکارییان بەرز کردەوە و بزووتنەوەی خوێندکاری زانکۆکان درووست بوو کە هەنگاوی مۆدێرنیتە و بەهێز بوو بەڵام بەداخەوە لە لایەن حکومەتی دیکتاتۆری و سوپای پاسداران سەرکووت کرا، و دوای ئەوەیش راپەڕینێکی کۆمەڵایەتی کە لە چەند شاری گەورە دەستی پێ کردبوو سەرکووت کرا، گۆڕانکارییەکانی نێوخۆی حکومەت ورد ورده سەرکووت کران کە لە دەورانی ئەحمەدی نژاد بە تەواوەتی ئەو ئیسلاح و گۆڕانکارییانە کۆتایی پێ‌هات و بە زەبر و زۆرێکی تەواو سەرکوت کرا، بزوتنەوەی دێموکراسیخوازی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٨٨ وا سەرکووت کرا.

لە لایەکی دیکەوە "وەرزی سارد"یان "ئاشتی سارد"بە سادەو ساکاری درووست نەبوو، خەڵکی ئێران دوای ساڵی٨٨ هیچکات ئەو خەڵکەی پێش ٨٨نەبوون، قۆدرەت و هێزێکی شاراوە و هەستێکی زۆر بە ئامانجی ڕووخاندنی ڕێژیمی ئاخووندی لە ناو تەواوی خەڵکی ئێران بە تایبەت لە ناو سوپای پاسداران و لایەنەکانی دیکە هەبوو تا ئەوکاتەی کە شەڕی سوریە و وێرانییەکانی ئەو وڵاتە لە ناو تلیفیزیۆنی ڕێژیم نیشان درا، وەزعی لیبی بوو خەڵک باسی دەکرد و دەیانبینی، وەزعی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست هەر رۆژ خەراپتر دەبوو، وردە وردە خەڵکی ئێران لە رەفتار و کردەوە لەگەڵ ڕێژیمی ئاخووندی کە کەرامەت و مافی ئینسانی خەڵکی ئێرانی لە ژێر دەست و لاقی خستبوو بە ناچار کەوتنە ناو دۆخێک بە ناوی "ئاشتی سارد" لەم ئاشتیەدا هیچ گەرم و گوڕییەک نەبوو، چیرۆکی هەڵبژاردنەکان لە نێوان هەڵبژاردنی خەراپ و خەراپتر بەردەوام بوو تا بە قسەی دەسەڵاتداران، ئێرانیش وەکوو سوریەی لێ نەیەت.

حەسەن رووحانی هاتە سەرکار تا وتووێژ لە گەڵ ئامریکا و زلهێزانی جیهانی زیاتر بکات بۆ چارەسەرکردنی وەزعیەتی ئابووری وڵات، دووبارە بەرەی شەڕ لە گەڵ خەڵکی ئێران کە بە درێژایی چوار دەیە هەبوو داختر بوو. دەوڵەتی رووحانی وای دەزانی کە ڕێژیمی سەفاکی ئاخووندی کە خۆی لە دامەزرێنەرانی بوو، لەم دەورەی حکومەتەکەی دا بە برێک باش کردنی کێشەی ئابووری دەتوانێ رایبگرێ، گرووپی رووحانی لەبارەی مافی مرۆڤ و نەبوونی مافە ئینسانییەکان لە ناوخۆی وڵات هیچ قسە و باسێکی نەدەکرد و نایکات. بۆ بەرەنگاربوونەوە بەرامبەری ئەم هەڕەشە و گۆڕەشەی ڕێژیمی ئاخووندی ئەبێ هەنگاوی بەهێز بۆ باوەڕبەخۆبوون و خەباتی هەمەلایەنە بۆ پووچەڵ کردنی هەڕەشەی جۆراوجۆر هەڵبگرین و لە ڕێگای هاندانی رۆحیە و هەست و کەرامەتی ئینسانی لە ناو کۆمەڵگا خەڵکی ئێران زیندوو بکەینەوە و هەستی کۆیلەیەتی و دووبارە کردنەوەی بەرنامە و پلانی هیچ و پوچی حاکمە دیکتاتۆرەکانی وڵات کە کۆمەڵگای تووشی خەسارێکی گەورە کرد لە ناو ببەین. لەبەر ئەوەیکە هیچ ڕێگا و پلانێک بە بێ دارشتنی بەرنامەیەکی دەقیق بە سەرئەنجام ناگات و بەرنامەدارشتنی خۆبەخشانە و بێ ئەساس و بۆنیان بە دەس نایە مەگەر ئەوەیکە بە دوای بچیت و دروستی بکەی، ئێستا ئەگەر ئێمە بەرنامە و پلانێکی دەقیق بۆ ئازادی و ئێستقلالی مرۆڤ لە کۆیلەیەتی و کۆیلە بوونی ئینسان لە ژێردەستی ئینسان دابڕێژین و پێش راپەرین و هەر بەسەرهاتێک کە لە هەر کاتێک و یا لە داهاتوو روو دەدات پلان و بەرنامەیەکی دەقیقمان هەبێ، سەرئەنجامەکەی بە دڵی خۆمان دەبێ و لەو کاتەیە کە دەتوانین دێموکراسی بەدەس بێنین و داهاتووی خۆمان و وڵاتمان لە دەستی خۆمان بێت/ئێمە فەرهەنگ و کلتور ساز دەکەین و مێژوو و کلتۆری ئێمە ئێستایش هەر لە دونیا بێ وێنەیە، هەر چەند مەبەستی ئێمە لەوەی کە مێژوویەکی روون و پڕ لە شانازیمان هەیە، ئەوە نییە کە بمانەوێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو دەورانە و بۆ ئەو سەردەمە بەڵکوو ئێمە میللەتێک بووین کە فەرهەنگمان و مێژوومان تۆمار کردووە و دەتوانین سەر لە نوێ شارستانیەتێکی دیکە دروست بکەین، مێژوو و شارستانییەت یانی جواب دانەوەی پێداویستی و پرسیارگەلێک کە هەموو کات دێتە پێش؛ مێژووی ئێمە جوابدانەوە بە پێداویستییەکانی کاتی خۆی بوو، ئەو پرسیار و پێداویستییانە هی رابردووە، بەڵام بە پشت پەستن بە ئەساس و بونیانێکی هاوبەش هۆویەتی ئێمە کە کوردستان گرینگترینیانە و لە هەموو بوارێکی میللی و مێژوویی کە ئێمە هەمانە دەتوانین دووبارە شارستانییەتێکک و مێژوویەکی پڕ لە سەروەری و پڕ لە دەسکەوت کە جێگای شانازی هەموومان بێت درووست بکەین.

## هادی عەزیزی:

# گەڕانەوە بۆ حەقیقەتە جەوهەرییەکانی کۆمار، گەڕانەوەیە بۆ خودی کوردبوون کە رۆحی کورد و جەستەی کورد ئاوێتەی یەک دەبن



**خوێنەرانی ئازیزی " کوردستان" وەک ئاگادارن لە بەرەبەری هاتنی ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستانین؛ لەم پێوەندییەدا و بۆ شرۆڤەکردنی هەندێک لایەنی مێژوویی ئەم دیاردە مەزنەی دیرۆکی گەلەکەمان وتووێژێکمان لەگەڵ بەرێز " هادی عەزیزی" چالاکی سیاسی و شارەزا لە بواری مێژوو، رێکخستووە کە لێرەدا دەخرێتە بەر دیدی ئێوەی خۆشەویست.**

**١. زیاتر لە ٧ دەیە بەسەر دامەزراندنی کۆماری کوردستان تێدەپەڕێ و هەنووکەش خەڵکی کورد بەئاواتی جارێکی تر دیتنەوە رۆژێکی وەها پڕشکۆن. بۆچی؟ ئایا تەنیا نۆستالۆژیک بوونی کۆمارە کە وا لەم میللەتە دەکات ئاواتەخوازی بینینەوەی دووبارەی کۆمار بن یان نا مەسەلەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆمار بۆ ئێمەی کورد وێستگەیەکی مێژووییە کە خۆمان تێیدا رۆڵمان هەبووە و بکەری ئەو رووداوە مێژووییە بووین؟**

لە چەند گۆشەنیگاوە دەکرێ خۆشەویستی و حەزی نەتەوەیی بەرامبەر بە کۆماری کوردستان لێك بدرێتەوە.نموونەیەکی جوانی و پاکی کوردایەتییەکی بێ وێنەیە کە مرۆڤی کورد بە باوەشێکی ئاواڵەوە بەرەوەڕووی ئازادی و سەربەستی نەتەوەکەی رۆیشتووە. لە کۆماری کوردستاندا ئاستی نەتەوایەتی هێندە بەهێزە کە بوونی کوردی پارچەکانی دیکە وەك بارزانییەکان و کوردەکانی باشوور و بنەماڵەی شەمزینی و جەمیل پاشا، سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن، کە بێ جیاوازی لە کار و دەسەڵاتی کۆماری کوردستاندا بەشدار بوون، کە ئەم تایبەتمەندییانە تەنیا لە کۆمار و لە هونەری رێبەری و کەسایەتی پێشەوا قازی محەممەددا بەدی دەکرێت.کۆماری کوردستان خاڵێکی بەهێزی دامەزراندنی سیستمێکی نەتەوەیی و دێموکراتیکە کە تا ئێستاش کورد نەیتوانیوە هاوشێوەکەی دابمەزرێنێتەوە، کە وەك داتاکان و نووسراوە فەرمییەکانی کۆمار کە چاوی لێدەکەین، مرۆڤی کورد لە ناو کۆماری کوردستاندا خاوەن بەهایەکی کۆمەڵایەتی زۆرە، کە کاربەدەستانی کۆمار بە هەموو شێوەیەك هەوڵی ئەوەیان داوە کۆمەڵگا گەشە بکات. جیا لەمانە دەیان نموونەی بەهێزی دیکە هەن، کە وەك جێی سەرنج و شانازی، سەرەڕای تەمەنی کەمی کۆمار بە رووخساری مێژووەکەیەوە دیارن کە ئێمە دەتوانین هەڵوێستەیان لە سەر بکەین. کاتێك ئێمە ئەو خاڵە بەهێزانە بەرامبەر بە سەردەمی ئێستا بەراورد دەکەین، بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە کۆماری کوردستان، سەرەڕای دەرفەتی کەم و بێ پشتیوانی ناونەتەوەیی و دەرەکی، توانیویەتی ئازادی و دامەزراندنی حکوومەتی کوردی لە قۆناخی پێش رێنێسانس بۆ دوای رێنێسانس بگوازێتەوە و مرۆڤی کورد لە خەونەوە بەرەو حەقیقەتی سەروەری کیان و نیشتمان ببات.

دەی کاتێك کە ئێمە ئەو حەقیقەتانە دەبینین و پێی دادێینەوە چۆن دڵمان بۆ ئەو کۆمارە لێنەدا و چۆن بە حەسرەتەوە لێی نەڕوانین کە کورد لەم سەدەیە هەتا ئێستاش نەیتوانیوە تەنانەت لە دەرفەتی زیاتر و دۆخی باشتریش هاوشێوەکەی درووست بکاتەوە.

**٢. لە باری مێژووناسییەوە ئەو خاڵە گرینگ و جەوهەرییانە چین کە دەبنە هۆی شانازی و شکۆی کۆمار؟**

٢.بە پێی مێژووناسی دەتوانین کۆماری کوردستان لە چەندین لایەنەوە بنرخێنین. لە ڕوانگەی ئەو کەسانەی کە مێژووی کۆماریان وەك کاراکتەرێك لە ناو کۆماری کوردستانەوە نووسیوەتەوە، گەر بمانهەوێ سەرنجی مێژووەکەی بدەین ڕەنگە هەموو مێژووەکە باس نەکرابێت و نووسەر تەنیا ئەو شتانەی کە خۆی بینیویەتی یاخود پرسی لە سەر کردوون نووسیبییەتەوە کە ئەمەش دیسان جیا لە جوانی و ڕاستی و کەرامەتی کوردایەتی هیچ شتێك وێنا ناکرێت. لەم یادداشت و نووسینانە دەتوانین بە رۆژڤێلت و ئیگلتن ئاماژە بکەین.

تەنانەت ئەو جوانیانە دواتریش لە زنجیرە نووسینە ئەدەبییەکانیش ڕەنگی داوەتەوە، کە ڕۆمانی پێشمەرگەی ئەمر ڕەحیم قازی کە دە ساڵ دوای نەمانی کۆمار، وەك یەکەم ڕۆمانی شێوەزاری کورمانجی ناوەڕاست یان سۆرانی، باسی کۆمار دەکا.

لایەنێکی دیکە مێژووی تیئۆری کۆماری کوردستانە کە مێژووی داتایی و ماترپالێش هەر لەو خانەیەدا جێ دەگرن، کە نووسەر چەندین دەیە دوای کۆمار تێکۆشاوە تا لە ڕێی نووسراوە و رۆژنامە و وێنە و بیستنی بەسەرهاتەکان و کۆکردنەوەیان حەقیقەتی مێژووەکە بنووسێتەوە، کە لەمانەش دەتوانین بە نووسینەکانی کاك حەسەنی قازی و ئەمر نەوشیروان مستەفا ئاماژە بکەین، کە زۆر بە باشی لە داتاکان و بە تایبەت رۆژنامەی کوردستان ـی ئۆرگانی فەرمی کۆمار کەڵکیان وەرگرتووە.

مێژووی پراگماتیکی کۆماری کوردستان یەکێکی دیکە لەو حاڵەتانەی مێژووە کە بیر و باوەڕی نەتەوەیی و ئاکار و وەفاداری بە خاك و نیشتمان، دەبێتە هۆکارێك هەتا ئێمە لەم سەدەیە زیاتر بە خۆماندا بچینەوە، کە ڕەنگە هەندێك جاریش هەندێك یاسا و ڕیسای سەردەمی کۆمار لە ئێستادا پێویستی بە گۆڕانکاری هەبێت، بەڵام ناخ و ناوەڕۆك هەر بە جوانی خۆی دەمێنێتەوە.

بەشێکی دیکە کە وەك مێژووی مێژوو، دەتوانین هەڵیبسەنگێنین، جیا لەوەی کورد دەرفەتەکەی بە جوانی قۆزتووەتەوە، بەڵام بێکەسی کۆماری کوردستان لە گەمەی سیاسی و سۆڤییەت و بریتانیادا، هەناسەیەکی ساردی ئەم مێژووەیە کە وەك پەیمانی ئەو زلهێزانە و تەواوبوونی ئەرکەکەیان، کۆماری کورد و کوردستان بە تەنیا دەمێنێتەوە.

ئەگەر لە ڕوانگەی مێژووی دابەشکردنیش سەرنجی کۆمار بدەین، دەتوانین مێژووەکە بە چەند بەش دابەش بکەین و هەر بەشێك بە جیاواز باسی بکردرێت، کە هەر دامەزراندنی پێشمەرگەخانە و مافی ژنان و منداڵان و ئەدەب و زمانی کوردی و مافی منداڵان و

ی نەتەوەیی و.... دەتوانرێت بە بەشی جیاجیا لێکۆڵینەوەی لێ بکرێت، هەتا مێژووەکە چڕتر و دەوڵەمەندتر بکا.

بەشێکی دیکەی ئەم مێژووە کە دەتوانین بڵێین گرینگایەتییەکی زۆری هەیە، مێژووی فەلسەفی کۆماری کوردستان یان مێژووی رۆحی کوردایەتییە لە کۆماری کوردستاندا، کە لەم روانگەیەدا باس لە زمان و جوگرافیا و خوێن ناکرێت، بەڵکوو رۆحی کوردبوون جێی سەرنجە و ئێمە لێرەدا دەرفەتێك بۆ پاراستنی ئەم کەسانە دەقۆزینەوە کە رۆحی کوردبوون بۆ کوردایەتی و خزمەت لە کۆماری کوردستاندا هانی داون.

لێرەدا ئەم مرۆڤە کوردانە لەو مرۆڤە کوردانە جیا دەکرێنەوە کە لە هەمان سەردەم و لە هەمان کاتدا ژیاون، بەڵام هیچ خزمەتێکیان بە نیشتمانی کورد نەکردووە.

لەم حاڵەتدا کە رۆحی کوردبوون بەرز دەکرێتەوە، تەنانەت کەسایەتی کەسانێکی وەك پێشەوای نەمریشمان جوانتر بۆ دەسەلمێ، کە چۆن هەتا دواهەناسەش بەرامبەر بە خەڵك و خاکی نیشتمانەکەی وەفادار ماوەتەوە.

لێرەدا رۆحی نەتەوەیی هۆکارێکە بۆ درێژەپێدانی ڕێگای کۆماری کوردستان و بە جورئەتەوە دەتوانین بڵێین دەرکەوتنی پێشەوا قازی محەممەد و یارانی لە کۆماری کوردستاندا، دەرکەوتنی رۆحی نەتەوەیی مرۆڤی کوردە کە لە کردەوە و ئاکاردا بە ئەخلاقی شۆڕشگێڕی نەتەوەیی پابەندە.

**٣. زۆر جاران پسپۆڕ و چاودێرانی سیاسی دەڵێن کۆماری کوردستان نموونەیەکی سەرکەوتوو لە ئەزموونی دەسەڵاتێکی کوردی بووە؛ ئەمە بە چ واتایەکە؟**

ڕەنگە ئەم روانگەیە بەشێکی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە لە ناوخۆی کۆماری کوردستاندا، بە شێوەیەك کۆسپ و تەگەرەنانەوە، بوونی نییە، کە هەر دامەزراندنی کۆمارەوە هەتا خزمەتکردن تێدا، ڕێگر بێت.

لە هەمووی گرینگتر لە ماوەیەکی کەمی حوکمڕانیدا، لە راگەیاندنی کۆمارەوە هەتا تێکچوونی، خزمەتەکان هێندە بنچینەیی و کاریگەر بوون، کە بە سەراحەت هەتا ئێستاش ئاسەوار و ڕێچکەی لە ڕێبازی کوردایەتیدا دیارە.

لە کۆماری کوردستاندا چاوچنۆکی سیاسی بەدی ناکرێت، هەتا لایەنە پێشکەوتووەکانی کۆمار بشارێتەوە.

لە کۆماردا جۆرێك ئینسیاتیفی ئازادی نەتەوەیی بوونی هەیە کە هەر کەس بە توانا و تێگەیشتنی خۆی کە دڵی بۆ کوردستان لێدەدا، لە گۆشەیەکەوە یارمەتیدەری کۆمار بووە.

ڕێگاکان و کاناڵەکانی پێشکەوتن لە کۆماردا کراوە بوون، هەتا خزمەتی زیاتر بە کوردستان بکرێت، کە نموونەی ناردنەدەرەوەی خوێندکارانی کورد بوو، کە ئەم حەقیقەتە دەسەلمێنێ.

هەموو ئەم خاڵە بەهێزانە، بوونی کۆمەڵگایەکی دێموکراتی دەسەلمێنێ کە مرۆڤی کورد بە بنچینەیی بەرەو پێشکەوتن دەبا.

**٤. ساڵانێکی دوورودرێژە کە کۆماری کوردستان لە پانتایی سیاسی کوردستاندا بوونی نەماوە و تەنیا وەک وانەیەکی مێژوویی یان لاپیرەیەکی دیرۆکی گەلەکەمان سەیر دەکرێت؛ بەڵام سەرنجڕاکیشە کە پاش زیاتر لە ٧ دەیە لە تەمەنە کورتەکەی هێشتا وەک چرایەک رێگەی راست و هیوای داهاتوویەکی باش بۆ ئێمە و نەوەکانی دوارۆژمان پیشان دەدا. ئایا دەتوانین بڵێین کۆمار و میراتەکانی ئاوێنەی رێگای رزگاری و ئازادیی نەتەوەکەمانە لە ئێستادا؟**

میراتی سیاسی و نەتەوەیی وەك ماترپال لە ڕابردوو وەردەگیرێ، بە تایبەت بۆ ئەو رێبوارانەی کە ڕێگای ئازادیی کوردستان هەڵدەبژێرن.

ڕەنگە هەندێك یاسا و دەستووری کارپێکردن وەك کۆهزری بەڕێوەبەری گۆڕانی بە سەردا هاتبێ، بەڵام جەوهەری حەقیقی کۆماری کوردستان وەك چرایەکی روناکی ڕێگەی رزگاری نەتەوەیی هە بە بڵێسەیی هەتا ئێستاش هەر بە گڕی داییسێ. کەوابوو بۆ هەر مرۆڤێکی خەباتکار کە بیەهەوێ بە مێژووی نەتەوەکەماندا بچێتەوە، ناتوانێ بە سەر مێژووی کۆماری کوردستاندا باز بدات و لێی بێ ئاگا بێت.

**٥. پێوەندی نێوان ڕاسانی نوێی خۆرهەڵات و کۆماری کوردستان لە چیدا دەبیننەوە؟ ڕاسان دەتوانێ خۆی وەک دیسکۆرسێک ببینێتەوە کە ئیدامەدەری رێباز و ئامانجەکانی کۆمارە؟**

٥.ڕاسان دەتوانین لە ڕوانگەی سەنتێز و کۆهزری شۆڕشگێڕییەوە باس بکەین، کە درێژەدەری ڕێگەی کۆماری کوردستانە، تەنیا جیاوازییەکە ئەوەیە کە ئەو کات هەموو خەباتی کۆماری کوردستان لە پانتایی شاردا بوو، بەڵام ئەم جارە بە هۆی هەلومەرجەوە شار و شاخ دەیانهەوێ یەك بگرنەوە.

**٦. دواوتەتان؟**

دەتوانین بڵێین گەڕانەوە بۆ حەقیقەتە جەوهەرییەکانی کۆمار، گەڕانەوەیە بۆ خودی کوردبوون کە رۆحی کورد و جەستەی کورد ئاوێتەی یەك دەبن ، کە هەتا هەتایە وەفاداری و ئەمەگناسیی خۆیان بۆ خاکی کوردستان وەك جوگرافیای سیاسی بسەلمێنن.

خاڵی گرینگ لەم حاڵەتدا ئەوەیە کە ئەگەر جەستەش نەمێنێ، ئەو رۆحە نەتەوەییە مێژوویەك پڕ لە شانازی بۆ نەوەی دوای خۆی جێدەهێڵێ وەك ئەوەی وا ئێمە درێژەپێدەری ڕێگای ئازادیی و شوێن پێکەوتووی شەهیدەکانمانین.

زۆر سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیە

سپاس بۆ ئێوەش، بەهیوای وەدیهاتنی ئامانجە بەرزەکانی کۆمار.

# ترپەی پێی هاتنێك بۆ نیشتمان



ئێمە هەموو خەونی دۆڕاوی زەمەنێکین
کە پێی دەڵێن زیندگی،
ئێمە هەموو خرمەی شەستە ڕەهێڵەی ئاسمانێکی میچ قوڕماوین،
نە ئاسمان تاقەتی هەیە ڕامانگرێ و نە زەویش لە دەروازەی تینوێتیدا پێشوازیمان لێدەکا
بە نێو بازاری ڕەنگ فرۆشەکاندا چاو دەگێڕین، لە هیچ ڕەنگێ ناچین.
کەچی پێمان دەڵێن ئێوە هەموو دو ڕەنگن،
نازانم بۆچی بۆمان نیە لە هیچ ئاویەر و ئارێز و کەلیخانێکدا دەواری عەشق هەڵدەین؟
نازانم بۆ؟
دەڵێن ئێوە: هەنووکەتان فرۆشت بۆ داهاتوو.
دەڵێن ئێوە: گوناهیترین عاشقی پێتەختی خۆشەویستین.
چاو هەڵبڕن، بڕوانن، چۆن چۆنی
ڕووبارتان کردۆتە جۆلانەی دڵ، خەونتان کردۆتە ڕووگەی ژیان،
سەرینتان بەردە و پێخەفتان هەور و خاك،
ئێمە هەموو لەوێوە دێین،
لە کۆڵانە خۆشبەختەکانی منالّی و لەناو خەونی زەریای پاییزی ڕۆژهەڵات،
لەوێوە دێین، لە کۆڵانە شەکەتەکانی "قەتارچیان" و لە بناری سەوزی ئاویەر و ئەردەڵان و
لەناو سەمفونیا و نوتەی "هۆهۆ کاڵە بەی پێم ئەڵێی فەرمووتە شێتم هەی بە قوربانی
ئەودەمە"وە هاتووین.
هاتووین و گۆیژەی شاری بابان، هەولێری هۆلاکۆبەزین، بۆتە باوەشی حەشارگەمان
ئێمە هاتووین پێکی لە شەڕابی جوانی و دەستەچینەیەك لە گوڵی یەك دڵی و
جانتایەك پڕ لە بۆنی عەتری گوڵە هێرۆەکانی هەورامان و
سەرێك تژیٚ لە لە ئاواتەکانی "کۆمار" و
دڵێك پڕ لە ئومێد و هەورێکی پڕ لە بارانمان بۆ هێناون،
ئەی ئاشنا بە زامی من، ئەی نزیکتر لە خۆزگەی دڵە زامارەکان
پێمان بڵێن ئێمە کێین؟

ئێمە هەموو هەر دێین و دەچین،
بەڵام ئێستاش نازانین بۆ هاتووین و بۆ کوێ دەچین؟
لەسەر سنوور هێڵێکی ڕەش بۆتە پەرژین لە نێوانمان،
بێباکانە پێمان دەڵێن، ئێوە کێن؟
ناتاناسین؟ بۆ کوێ دەچن؟
ئێمەش بە ترسەوە، بە سرتەوە، بە چرچەوە،
دەڵێین: کۆترین، خەڵکی هەرێمی باڵندەین،
بۆ هەڵفڕین چیامان ئەوێ، بۆ نیشتنەوە هاوپشتیی برامان ئەوێ.
لێمان گەڕێن با لەگەڵ گمەی کۆترە شینکەکانی باباگوڕ و
هەیبەت سوڵتان لە ڕەشبەڵەکی شاری هەڵمەت و قوربانیدا بەشدار بین.
ئاخر دایکم زۆر لەمێژە دەسرەی سەرچۆپیی ئەم گۆڤەندی بۆ کڕیوم.
من تەتەرم، نامەی "مەستوورە"م پێیە بۆ "عادیلەخان".
پەیامی "هێمن"م پێیە بۆ "نالی"،
دیاریی "قازی"م پێیە بۆ "شێخ"،
گوڵی "سارال"م پێیە بۆ "سەفین"، هەیبەتی "شاهۆ"م پێیە بۆ "پیرەمەگرۆن".
هەگبەی "لەیلاخ"م پێیە بۆ "گەرمیان"، سڵاوی گەرمی "کرماشان"م پێیە بۆ کەرکووك.
سوخمەی حەریری "سەردەشت"م پێیە بۆ دەستە خوشکی هەڵەبجەی زامار.
دە لێم گەڕێن با لە خەڵوەتی ئەم شەوەدا
دەوارێك هەڵدەم دوا هەنسکی گریانی پڕ لە کوڵم
بڕژێنمە سەر دەفتەری تامەزرۆم.
هێندە بە ژان و برینم کە گەرەکمە
پڕ بە گەرووی شێعری یاخیم هاوار بکەم،
کە هەموو سەوداسەرانی شار بێنە سەرینم،
هێندە دڵپڕم کە هێشتا باران قژم بۆ دادەێنێ.
لە کەناری یادێکدا پیاسە لەگەڵ
حەسرەتەکانی خولیا دەکەم،
لە زەردەپەڕی ئێوارەدا چاو لە ئاسۆ دەنووقێنم و
لاپەڕەیەکی دیکەی ژیان ڕەشنووس دەکەم،
شەو لە خەما نیشتمان دێتە باڵینم و
دەستێ بە قژ و کاکۆڵمدا دێنێ و
بە دزییەوە چەپکێ گوڵی سەوز دەخاتە جانتاکەمەوە
بە چرپەوە پێم دەڵێت: خەم مەخۆ گیانە،
ئێمە هەموو گوڵی گوڵزارێکین،
لەگەڵ ئێوەدا دێین، لە هەناوتانا دەبارین،
بە قەڵس بوونتان تووڕە دەبین،
لە دەفتەرتانا دەنووسین، دێینەوە خەونی سەوزی تاراوگەتان.
لەگەڵ ئێوەدا دەگەڕێینەوە، لەگەڵ ئێوە ون دەبین.
دواییش نووسی و لە قەوارەی شێعرێك و لە ژوانی وشەکاندا
هاتەوە بیرم، نووسیبووی: ناوی ئێوە پێم دەڵێ چۆن بنووسم گوڵ
خولیای ئێوە پێم دەڵێ:



چۆن بڵێم ژیان، دەتانخەمە شێعرێکەوە کە فڕین لە پەپۆوولەوە فێر بووە،
لە دڵێکدا جێتان دەکەم کە سەرەتای ئەوین و کۆتاییشی هەر ئەوین بێ.
ئێوارەیەك بە سیروانتان دەسپێرم کە لرفە لە شاخ فێر بووە.
نیشتمان نووسیبووی ئێمە هەموومان لە یەك دەچین،
قسەمان یەك قسە و ئەوینمان هەمان ئەوین و
سەفەرمان هەمان سەفەر و هاتنمان هەمان هاتن و
چوونیشمان هەمان چوونە، شێعرمان هەمان شێعر و
نیشتمانمان هەر ئێرەیە.

شەریف فەلاح

KURDISTAN

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan • No:742 20 Jan. 2019

# ڕۆژنامەی کوردستان بەمەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو دەیخاتە بەر دیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.

**ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی کۆتایی مانگی بەفرانباری ساڵی ٩٧ی هەتاوی لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتییە لە حاڵەتەکانی دەسبەسەرکردن، بانگهێشت، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.**

## هیمایەک لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە دوو حەوتووی ڕابردوودا





### کۆڵبەران

ڕۆژی شەممە ١٥ی بەفرانبار، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "نحۆ عیبادی" تەمەن ٢٤ ساڵ کوڕی ئیسماعیل لەگەڵ کاروانێک لە کۆڵبەران کەوتووەتە بەر دەستدرێژی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران جێگیر لە پاسگای سنووری "بردۆک" سەر بە ناوچەی سۆمای برادۆستی ورمێ و بە تۆندی بریندار بووە؛ ئەو کۆڵبەرە کوردە بە هۆی سەختی برینەکانی بۆ نەخۆشخانەیەکی ورمێ ڕاگوێزراوە و دۆخی ناوبراو ناجێگیر ڕاگەیەندراوە.

شەوی شەممە ١٥ی بەفرانبار، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "یوسف (زانیار) محەممەدی ئەسڵ" خەڵکی پیرانشار لە شاخە سنوورییەکانی ئەم شارە بە هۆی ڕەقبردوویی گیانی لە دەست دا. ئەو کۆڵبەرە کوردە لە کاتی کۆڵبەری لە شاخەکانی "کانی خودا" تووشی ئەم ڕووداوە بووە و تەرمەکەی ڕەوانەی نەخۆشخانەی پیرانشار کراوە.

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ١٧ی بەفرانبار، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "هێدی فەقێ مەحموودی" تەمەن ٢٥ساڵ خەڵکی گوندی " گۆیجکەدەری" شاری مەهاباد بە هۆی بەربوونەوە لە بەرزاییەکانی "بێتووش"ی شاری سەردەشت گیانی لە دەست دا.

بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەم کۆڵبەرە کوردە لەگەڵ ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی دیکە دەکەونە بۆسەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی و پاش ڕاوونانیان لە لایەن هێزە نیزامییەکانەوە، تووشی ئەو ڕووداوە دەبێت.

ڕۆژی چوارشەممە ١٩ی بەفرانبار، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "حەسەن ڕەسووڵی" تەمەن ٤٠ ساڵ خەڵکی شاری بانە بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکان لە سنووری "چەمپارە"ی ئەو شارە بریندار کرا.

ئێوارەی ڕۆژی شەممە ٢٢ی بەفرانبار، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "شەهریار خزری" تەمەن ٢٠ ساڵ خەڵکی شاری سەردەشت بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی بە سەختی بریندار کرا.

چەند ڕۆژ لەمەو پێش، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "عەقیل ئیبراهیمی" تەمەن ٢٦ ساڵ کوڕی عەبدال خەڵکی ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران بە تۆندی بریندار بووە. ئەو کۆڵبەرە کوردە لەگەڵ کاروانێک لە کۆڵبەران کەوتوونەتە بەر دەستدرێژی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران و بۆ چارەسەری پزیشکی ڕەوانەی نەخۆشخانەیەکی شاری ورمێ کراوە.

لەلایەکی دیکەشەوە، ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠ی بەفرانبار، کاروانێک لە کۆڵبەران لە سنووری بانە دەکەونە کەمینی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران و لە ئاکامی تەقەی ئەو هێزانە، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "هیدایەت محەممەدی" تەمەن ٣٥ ساڵ کوڕی تاهیر خەڵکی بانە بە تۆندی بریندار دەبێت.

ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ٢٣ی بەفرانبار، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "نامیق غۆلامی" خەڵکی "گوندی خۆریاوا" لە سنووری هەنگەژاڵی بانە بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران گیانی لە دەستداوە و دوو کۆڵبەری دیکە بە ناوەکانی "کارزان ئەمینزادە" خەڵکی گوندی "خۆریاوا" و "جەبار ئەحمەدی" خەڵکی گوندی "کانی سوور" بە تۆندی بریندار بوون.

ڕۆژی شەممە ٢٩ی بەفرانبار، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "کەریم فەرەجی" تەمەن ٢٤ ساڵ کوڕی عۆبید خەڵکی سەردەشت بە هۆی بەربوونەوە لە بەرزاییەکانی سنووری ئەو شارە لەلای پشتەوە بە تۆندی بریندار بووە.

لەلایەکی دیکەشەوە، هاوکات لەگەڵ بەربوونەوەی ئەم کۆڵبەرە کوردە لە بەرزایی، کۆڵبەرێکی دیکە بە ناوی "مەسعود ئەحمەدزادە" کوڕی هاشم خەڵکی بەخشی نەمشیری بانە بە هۆی بەربوونەوە لە بەرزایی بریندار بووە و ڕەوانەی ناوەندە دەرمانییەکانی بانە کراوە.

ڕۆژی دووشەممە، ٢٤ی بەفرانبار، کۆڵبەرێکی لاو بە ناوی " ئەمیر تاهیری"، تەمەن ٢٠ ساڵە خەڵکی گوندی " گرگرە" سەر بە شاری چاڵدران، بە هۆی سەرمابردوویییەوە گیانی لە دەست دا.

شەوی ٢٥ی بەفرانبار ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە ناوچەی قوتووری شاری خۆی، کەوتنە بۆسەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی و لەو پەیوەندییەدا، کۆڵبەرێک گیانی لە دەستدا و کۆڵبەرێکی دیکەش بە سەختی بریندار بوو؛ شوناسی ئەو دوو کۆڵبەرە کوردە بە ناوەکانی "عەبدوڵلا یووسفی" کوژراو، و "ئیحسان خالیدی" بریندار، خەڵکی گوندی "ڕازی" ناوچەی قوتوور ڕاگەیاندراوە.

### دەسبەسەرکردن و بانگهێشت بۆ ئیتلاعاتی ڕێژیم

ڕۆژی شەممە ١٥ی بەفرانبار، هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە هێرشیان کردووە سەر شوێنی کاری "عیسا فەیزی"، چالاکی ژینگەپارێز لە شەقامی "ئەلک شار"ـی کامیاران و ناوبراویان دەسبەسەر کردووە؛ بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەم چالاکە ژینگەپارێزە لە کاتی دەسبەسەرکردندا کەوتووتە بەر لێدانی هێزە ئیتلاعاتییەکان و دوایی بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە.

ڕۆژی شەممە ١٥ی بەفرانبار، هێزەکانی ئیتلاعاتی سەر بە ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە هێرشیان کردووە سەر ماڵی دوو چالاکی کورد بە ناوەکانی "ڕاشد مۆنتەزری"، چالاکی ژینگەپارێز و "حسەین کەمانگەر"، زیندانی پێشووی سیاسی لە کامیاران و ئەم دوو چالاکە کوردەیان دەسبەرسەر کردووە. بەوتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، هێزە ئیتلاعاتییەکان پاش پشکنینی ماڵی ئەم دوو چالاکە، دەستیان بە سەر کەلوپەلی شەخسی ئەم دوو چالاکەدا گرتووە.

ئەو سەرچاوەیە گوتی: ئەم دوو هاووڵاتییە لە کاتی دەسبەسەرکردندا کەوتوونەتە بەر لێدانی هێزە ئیتلاعاتییەکان و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراون.

دوو مێرمنداڵی کورد بە ناوەکانی "مێهدی کانی سووری و بارزان بابەکری" خەڵکی گوندی "کانی سوور" سەر بە شاری بانە لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کراون.

بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو دوو مێرمنداڵە کوردە، پاش دەسبەسەرکردنیان بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراون؛ ئەو سەرچاوەیە ڕایگەیاندووە: لە کاتی دەسبەسەرکردنی ئەو دوو مێرمنداڵە تا ئێستا هیچ زانیارییەک لەمەڕ هۆکاری دەسبەسەرکردن و چارەنووسیان لەبەر دەستدا نییە.

ڕۆژی یەکشەممە ١٦ی بەفرانبار، هێزە ئیتلاعاتییەکان هێرشیان کردووەتە سەر ئیدارەی ژینگەپارێزیی کامیاران و "ئامانج قوربانی" فەرمانبەری ئەو ئیدارەیە و چالاکی ژینگەپارێزیان دەسبەسەر کرد؛ بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ئەو فەرمانبەرەی ئیدارەی ژینگەپارێزیی کامیاران لەبەر چاوی هاوکارانی لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکان دراوەتە بەر لێدان و دەسبەسەریان کردووە.

ڕۆژی یەکشەممە ١٦ی بەفرانبار، هونەرمەند عەلی عابدی، یەکێک لە هونەرمەندانی ناوداری کورد، بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی سەقز بانگهێشت کرا؛ بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، ناوبراو بە هۆی چالاکییە هونەرییەکانی، بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی سەقز بانگهێشت کراوە و دوای ٤ کاتژمێر لێپێچینەوە ئازاد کراوە.

ڕۆژی سێشەممە ٢٠ی خەرمانانی ئەمساڵیش، ئیدارەی ئیتلاعاتی سەقز هەڕەشەی لەو هونەرمەندە کورد کردبوو و پێی ڕاگەیاندبوو ئەگەر بەشداریی لە مانگرتنی ڕۆژی ٢١ی خەرمانانندا بکات، کلاسی مووسیقی ناوبراو پلۆمپ دەکرێت.

ئەو هونەرمەندە ناسراوە کوردە، لە ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی، لە بواری هونەریدا، کار و چالاکیی خۆی دەست پێ کردووە و سەرکەوتنی بەرچاویشی لەو بوارەدا، بەدەست هێناوە.

ناوبراو، تا ئێستا ٤ کتێبی لە بواری ئاهەنگسازی نووسیوە چەندین لێکۆڵینەوەی لە بواری موزیکی کوردی بە ناوەکانی: "بەتەنیا جێم مەهێڵن ، وەرزێک لە ئاوازەکانی عەلی عابدی (٢٠٠٤سلێمانی)" ، "لە دڵمایە، ژیان و بەرهەمی ڕەشید فەیزنژاد (٢٠٠٦ سلێمانی )" ،"ژیلان، گۆرانی بۆ منداڵان(١٣٩١) "، " زایەڵە ، ٣١ گۆرانی بۆ تار، سێتار و سەنتوور ئەنجام داوە.

لاوێکی کورد بە ناوی "مەجید تیباش" کوڕی خالید خەڵکی گوندی "دزێ"ی ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ، پاش بانگهێشت کردنی بۆ ستادی خەبەری ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری ورمێ دەسبەسەر کرا؛ ئەم لاوە کوردە سەرەتای مانگی بەرفرانباری ئەمساڵ، بە تۆمەتی "پەیوەندی لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران" بۆ ستادی خەبەری ئیداری ئیتلاعاتی شاری ورمێ بانگهێشت کراوە.

مێرمنداڵێکی دیکە کورد بە ناوی "میلاد ڕەحیمی"تەمەن ١٧ ساڵ خەڵکی شاری بانە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ لێکۆڵینەوە ڕەوانەی گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە کراوە.

ڕۆژی دووشەممە ٢٤ی بەفرانبار، هاووڵاتییەکی کورد، بە ناوی "عەبدوڵلا ئەدوایی"، خەڵکی گوندی "سلێن" لە بەخشی هەورامانی سەوڵاوا، پاش بانگهێشت بۆ ستادی ناوەندی خەبەریی ئیتلاعاتی سپا لە سەوڵاوا، دەسبەسەر کراوە.

ڕۆژی سێشەممە، ٢٥ی بەفرانبار، دوو هاووڵاتیی کورد، بە ناوەکانی "جەماڵ مووسەوی" و "عوسمان حوسێنی"، خەڵکی شاری شنۆ، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کراون و بۆ گرتنگەی ئیتلاعات ڕاگوێزراون.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٧ی بەفرانبار، هێزە ئیتلاعاتییەکان هێرشیان کردووە سەر گوندی "نگڵ" سەر بە شاری سنە و دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی "ئیدریس محەممەدی" و "ئاوات کەریمی"یان دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار گواستووەتەوە.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٧ی بەفرانبار، هاووڵاتییەکی کورد، بە ناوی "عەلی ئیسماعیلی"، کوڕی محەممەد تەمەن ٤٠ ساڵە خەڵکی گوندی "جاشێران"، سەر بە شاری شنۆ، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٧ی بەفرانبار، هاووڵاتییەکی کورد بەناوی "عەتا ڕەحمانزادە" ناسراو بە "شەماڵ سەقزی" تەمەن ٥٠ ساڵ کوڕی حاجی عەلی بۆ تێپەڕاندنی ماوەی حوکمەکەی بۆ زیندانی سەقز ڕاگوێزرا؛ ئەم هاووڵاتییە کوردە بانەمەڕی ئەمساڵ، لە لقی یەکی دادگای ئینقلابی شاری سەقز بە تۆمەتی پڕوپاگەندە دژی حکوومەت بە یەک ساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم و لە تۆمەتی "تێکدانی نەزمی گشتی" بە بێتاوان ناسرابوو.

### قوربانیی مین

ڕۆژی یەکشەممە ٢٣ی بەفرانبار، شۆفیری لودێرێک بە ناوی "مەحموودزادە" فەرمانبەری ئیدارەی ڕێگاوبانی شاری مێهران لە ناوچەی "قەڵاوێزان" لە حاڵی دێپۆ و بارکردنی چەو و لەم، بە هۆی لێدانی مینێکی دژە تانک و تەقینەوەی ئەو مینە بە لۆدێرەکەدا، بریندار بوو. لەو ڕووداوە، لۆدێرەکە بە تەواوەتی زیانی پێگەیوە و شۆفیرکەش تووشی مەوج گرتوویی هاتووە و بۆ چارەسەری پزیشکی ڕەوانەی ناوەندی دەرمانی شاری ئیلام کراوە.

ڕۆژی یەکشەممە ٢٣ی بەفرانبار، فەرماندەی ئینتزامیی شاری دێهلۆڕان لە وتووژێکدا لەگەڵ هەواڵنێرەکانی کاناڵە خەبەری "پۆلیس"، باسی لە بریندار بوونی لاوێکی تەمەن ٣٤ ساڵ لە عەشایری کۆچ لە ناوچەی چیلات شاری دێهلۆڕان بە هۆی تەقینەوەی مین کرد.

ئەو لاوە تەمەن ٣٤ ساڵە، لەو ڕووداوەدا، هەر دوو لاق و هەر دوو دەست و روخساری بە سەختی بریندار بووە و پاش ئەو ڕووداوە، بۆ چارەسەری پزیشکی ڕەوانەی نەخۆشخانەی "شهدا"ی شاری دێهلۆڕان کراوە.

ڕۆژی هەینی ٢٨ی بەفرانبار، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "حەدید باباجانی"، تەمەن ١٩ ساڵ، کوڕی بورهان، خەڵکی گوندی "قشڵاق" لە بەشی شاهۆ، بە هۆی تەقینەوەی مین، لە سنووری نەوسوود، لە لایەن قولاپەی پێی چەپەوە بە توندی بریندار بوو؛ ئەم کۆڵبەرە کوردە بە هۆی ترس لە بۆسەی نیزامییە حکوومەتییەکان، لە سنووری نەوسوود چووەتە نێو مەیدانی مین و بە هۆی تەقینەوەی مینەوە بە توندی بریندار بووە.